# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی . رۆشنبیری گشتی یە

**ژمارە: ٤١**

فایلی ژمارە:

## ئەرکی مامۆستایانی زانستگا و قوتابخانەکان

لە کاتی راسان و بەجەماوەری ترکردنی

خەباتدا

# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یه


کۆمیسیۆنی پەروەردەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەریدەکا

ژمارەی ٤١

رەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی
ئۆکتۆبری ٢٠١٦ی زایینی

تیشک

ژمارەی ٤١


گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە

کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا

تایپ: ئاسۆ ساعدی

مونتاژو بەرگ: سەربەست ئورمیە


گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبن.

# لەم ژمارەیەدا

وتەی ژمارە ..........................................................................۵
خەباتی رزگاریخوازانە پێویستی بە هەموو پازڵەکان هەیە.....................................................................................۹
مافی خوێندن بە زمانی دایک و زێهنییەتی نەتەوەی فەرمانڕەوا ....................................................................... ۵۹
مامۆستا، وەکو پردی ڕووناکبیرانەی نێوان ڕاسانی شاخ و شار ........................................................................................ ۸۱
ئەرک ناسی مامۆستا، قوتابخانە و زانستگا بۆ راهێنانی تاکی بەرپرس ............................................................................ ۹۱
قوتابخانەی دوارۆژ لە سێبەری مامۆستای مافخوازدا ........ ۹۷
مامۆستایان پێشەنگی شۆرش لە هەموو کات و ساتەکان ........................................................................................ ۱۱۱

گۆڤاری تیشک

لەسەر ئینتیرنیت

http://www.kurdistanmedia.com/sorani/tishk

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# ئەركی ئەمڕۆی مامۆستایانی قوتابخانە و زانكۆكان

ناسر ساڵحی ئەسڵ

سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بوار پەروەردە و بارهێنان و خوێندنی باڵا لە ماوەی دەسەڵاتی نزیک بە چوار دەیەی خۆیدا، بە سیستمێکی ئیدئۆلۆژی چەقبەستوو، هەموو ڕێگایەکی پێشکەوتن و هەموو ترووسکایەکی گۆڕانی لەو بەشانە دا بەستووە. هەروەها لە سایەی ئەم سیستمەدا، پەیمانی پەروەردە و بارهێنان لە نێوان مامۆستا و قوتابی و خوێندکار لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە گەڵ کۆمەڵگای، بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشتووە و ڕۆژ نییە کەرامەتی مامۆستایان لەکەدار نەکرێت و ڕۆژ نییە شاهیدی بەرنامەی سیستماتیکی ئەم ڕژێمە نەبین بۆ دواخستنی قوتابخانە و زانکۆ و درۆدۆنگرکردنی قوتابییان و خوێندکاران بەرامبەر بە قوتابخانە و زانکۆکان. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەمەشدا هەموو جارێک هەوڵدەدات بە هێنانەکایەی سیناریۆی خوێندن بە زمانی دایکی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بە تایبەت زمانی کوردی، گۆڕینی سیستمی پەروەردە و فیرکاری، گۆڕینی کتێبی دەرسی، لیک جیاکردنەوە وانەی کچان و کوڕانی خوێندکار لە زانکۆکان، گۆڕینی کتێبی بەشەکانی زانستی مرۆیی و......، تا لە لایەک وەهمی کرانەوە لە سیستمی پەروەردە و بارهێنان لە لای خەڵک بەدی بێنێ و لە لایەکی دیکەوە گوشارەکانی بۆ سەر قوتابخانە و زانکۆکانی زیاتر بکات و ئیزنی هیچ چالاکییەک بە مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکان نەدات.

هەر بۆیە ئەم سیستمە بەردەوام هەوڵدەدات، کە بە خستنەرووی هەندێ سیاسەتی چەواشە و درۆزنانە وەک خوێندن بە زمانی زگماکی" دایکی"، چارەسەر کردنی کیشەی مامۆستایان زانکۆ و قوتابخانەکان و.....، وەها نیشان بدات کە دەیهەوێ فەزایەکی کراوە و مرۆڤ تەوەرانە بکاتەوە. ئەم سیاسەتە هەندێکجار لە رێگەی مۆرەکانی بە شێوەی جوراوجور درێژە پێدەدا، کە ئەگەرچی لە رواڵەتدا خۆیان جیاواز نیشان دەدەن، بەڵام لە ناخەوە تینوون بە خوێنی مامۆستایانی ئەم وڵاتە و چاویان بەرایی دیتنی هزری گەشاوە و هێزە بوونیاتنەرە مامۆستایانی ئازادیخواز و پێشکەوتوو نادات. پەرەسەندنی راودوونان وگرتن و زیندانی کردن و تەنانەت لە سێدارەدانی مامۆستایان ، قوتابییان و خوێندکاران، ئەمنیەتی تر کردنی قوتابخانە و زانکۆکان، هێرش کردنە سەر قوتابخانە و زانکۆکان بە هێزی تایبەت بۆ ترساندن و تۆقاندنی مامۆستایان، پێشگیری کردن لە گۆڕانی بنەرەتی لە قوتابخانە و زانکۆکان بە ئاڕاستەی کرانەوە و زانستی سەردەمیانە، هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوەی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئاینی لە کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانە و زانکۆکان، بە ئەمنیەتی و نیزامی کردنی قوتابخانە و زانکۆکان، پاڵپشتی کردنی هێزەکانی بەسیجی قوتابی و خوێندکاری و نیهادەکانی سەرکوتکەری دەفتەری رێبەری، گرتنی مامۆستایانی جودا بیران، خوڵقاندنی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ کچان و کوڕانی خوێندکار، هەڵاتنی بەردەوامی مێشکەکان لە زانکۆکان، خراپتر بوونی هەل و مەرجی ئابووری و بژێوی ژیانی مامۆستایان و

بێڕێزکردن بە مامۆستایان و دەیان کێشە کارەساتی دیکە لە بوار پەروەردە و باهێنان، نیشاندەری ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە بوار پەروەردە دا چەندە ناخیان نەخۆشە و چەندە بێتوانان لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردە و بارهێنان و چەندەن نامۆن بە بیرکردنەوەی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە. بۆیە بەرنامەداریژەرانی ئەو سیستمە ئەوەمان پێ نیشان دەدەن هەموو خولیاو ئارەزووەکانی گۆڕان لە سیستمی پەروەردە و بارهێنان و ژیان و بژیوی مامۆستایان، سەرابێک زیاتر نین. لە سیستمی هزریی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، قاڵبێکی پڕ لە دەمارگرژیی و هزری نامرۆڤانە و نامۆ بە ئەخلاق و ئازادیخوازی دانراوە، و مامۆستایان پێویستە خۆیانی پێ لە قاڵب بدەن.

هەربۆیە باوەڕمان وایە کە ئەرکی مامۆستایانە کە بە هەموو هێز و توانایەک کە هەیانە، دەبێ هەوڵی تێپەڕین لەم سیسستمە دواکەوتوو و چەقبەستووە بدەین. هەر بۆیە لە ئیستا دا ئەرکی مامۆستایان و بە تایبەت بزووتنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران، لە تێپەڕین لەو ڕێژیم و سیستمی پەروەردە سەقەتە، زۆر گرینگ و لە بەر چاوە. چونکە مامۆستایان توانای داهێنانی ئەوەیان هەیە کە داوای سیستمێکی دێموکراتیکی پەروەردە و بارهێنان سەردەمیانە بکەن، تا نەوەی داهاتوو یە ئازادی بژین.

# خەباتی
# رزگاریخوازانە پێویستی بە
# هەموو پازڵەکان هەیە

مەجید حەقی

## پێشەکی

ئامـــانجی ســـەرەکی خەبـــاتی خەڵکـــی کوردســـتان، رزگـــاری لە داگیرکراوەیی و سەربەستی و بەدەستەوە گرتنی مافی چارەنووسی خۆیە. لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانەوە کە زۆر لە نەتەوەکانی ژێردەست توانیان دوای ئەو سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن خەباتی خەڵکی کوردستان وەک جوڵانەوەیەکی رزگاری خوازانە بەڵام لێک پرش و بڵاو بەرەو لووتکەی خۆسازدان و شکڵ گرتنی سەرانسەری هەوڵی داوە. رۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێناوەدا وێرای تێـــپەر بـــوون لە قۆنـــاغە جۆراوجۆرەکـــان قوربـــانیەکی زۆر و سەرمایەیەکی زۆری ئینسانی و ماددی فیدا کردووە.

بۆ ئێمە گرینگە ئەوە بزانین کە بناغەی جوڵانەوەی رزگاری خوازانەی خەڵکی کورد لە هەندێک مافە ناسراوەکانی ناونەتەوەیی سەرچاوە دەگرن. لە بەڵگەنامەکانی ناونەتەوەییدا مافی نەتەوەکان بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، خۆبەڕێوەبەری و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی خراوەتە بەر سەرنج. بۆ نموونە بەندی ٢ی ماددەی ١ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ماددەی یەکی پەیمانی ناونەتەوەیی  مافەکانی مەدەنی و سیاسی دا بەڕاشکاوی ئاماژە بەو مافە دراوە.

ئامانجی سەرەکی جوڵانەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ژێر رووناکی ئەو بنەمانەی یاسای

ناونەتەوەییدا جێبەجێ دەبن. کەوابوو جوڵانەوە رزگاریخوازەکان دەتوانن پشتیوانی ناونەتەوەیی بەدەستەوە بێنن. چوارچێوەی گشتی پشتیوانی ناونەتەوەیی لە جوڵانەوە رزگاری خوازانەکاندا لە یاساکانی ناونەتەوەییدا بەو شێوەیە هاتووە: "نەتەوەکان لە پێناو بەدەستەوەهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان لە گەڵ دەسەڵاتی چەوسێنەران و داگیرکەرانی بیانی و رژێمە رەگەزپەرەستەکان خەبات دەکەن و ئەو خەباتە لە ژێر ناوی کێشەکانی چەکداری ناونەتەوەیی و دەکەونە چوارچێوەی ئەو یاسایانە." جوڵانەوەی کورد لەو روانگەیەوە خاوەنی کەسایەتیەکی "حقووقی' لە ئاستی ناوەنەتەوەییە و رەوایی یاسا ناودەوڵەتیەکانی هەیە.

جوڵانەوەی نەتەوایەتی و رزگاریدەر دەبێ خاوەنی پشتیوانی ناوخۆیی و "مەشرووعیەتی" ناونەتەوەیی بێت تا بتوانێت پشتیوانی و دانپێنانی یاساکانی ناونەتەوەیی بەدەست بێنێت. لەو وتارەدا سەرەتا شۆرشی گەلی کورد لە روانگەی پێناسەی جوڵانەوەی رزگاری خوازانەدا پێناسە دەکرێت و بەدوای ئەودا رەهەندەکانی جیاوازی خەباتی رزگاری خوازانە شی دەکرێتەوە.

## پێناسەکان

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥دا یەکێک لە گرینگترین رووداوەکانی سەدەی رابردوو لە بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد دەبیندرێت. هەر زوو دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان بە

ڕێبەری پێشەوا قازی محەمەد دامەزرا. کۆمارێک کە سەرەرای ئەوەی تەنیا یازدە مانگی خایاند، نەتەنیا بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە ناو بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەڵکوو بوو بە بنەمای فیکری و هەوێنی ناسنامەی نەتەوایەتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. سەرەرای ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەو کۆمارە و بنامەکانی بەهێزکەری ناسنامەی نەتەوایەتی هەڵکەوتوو لە کۆماردا زۆر بە کەمی سەرنجی پێدراوە و فەلسەفەی وجوودی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەک پەراوێزێک لە ئالوگۆرەکانی سیاسی ئێران بچووک کراوە.

لە نووسینی ئەو وتارەدا ئامانج ئەوە وەڵامی یەک پرسیاری گرینگ بدرێتەوە؟ فەلسەفەی پێکهانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چی بوو؟ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە دەبێتە یاریدەری ناسینی فەلسەفەی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حەفتا ساڵی رابردوودا و ئەمەش ئاستی زانیاری و تێگەیشتنی گشتی ئەندامانی کۆمەڵگا و هۆگرانی بزاڤی نەتەوایەتی لەو پێوەندیەدا بەرزتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێت بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی رابردوو خۆی لە هەڵە ئەنجام دراوەکان بپارێزێت و سەرکەوتنەکانی بکاتە ئەزموون بۆ سەرکەوتنی نوێ. کوردستان ناوچەیەکی چەوساوە و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران لە گەڵ خەڵکی کوردستان هەڵسوکەوتی داگیرکەر لە گەڵ داگیرکراو بووە. کوردبوون تەنیا ناوی کوردی، جلوبەرگ و کولتووری رەنگین و

دەوڵەمەندی نیە. کوردبوون واتا پێناسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووری کە مرۆڤی کورد لە کوردستان پێوە دەناسێنرێت و ناسنامەیەکە کە چەوسێنران، ژێردەستی و هاوکات کوردبوون بە واتای بەرخودان و خۆراگریە. ئێمە بۆ ئەوەی رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەمرۆمان بزانین پێویستە رابردووی خۆمان بناسین. بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری سیاسی دەبێتە هۆی ناسینی مافەکانمان و بە پێی ئەو خەباتی سیاسی دەبێتە بەشێک لە پێویستی کۆمەڵایەتی، تاکەکەسی و کولتووری مرۆڤی کورد بۆ بەدەست هێنانی ناسنامەی مرۆڤی خۆی.

سێ نووسەری بواری زانستی سیاسی بەناوەکانی "گابریەل ئەڵمۆند"، "پاول جوونیوور" و "رابرت جی" لە کتێبی خۆیداندا لەو پێوەندیەدا دەڵێن: ئەو کەسانەی کە ئاگاداری سیاسیان بەرزە، ئاستی داخوازە سیاسیەکان بەرزتر دەبێت و پشتیوانی لە رێبەرنای سیاسی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی بە شێوەی هاوبەش ئامانجەکانی خۆیان بەدەست بێنن. کەوابوو کوردبوون و ئەندامی کۆمەڵگا بوون ئەوەمان لێ دەخوازێت کە تەنیا کەسانێکی "پاسیڤ" و بێ لایەن نەبین بەڵکوو ببینە کەسانێکی "چالاک" و "شوێندانەر" لە ناو کۆمەڵگدا. پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە چ بگۆڕ (متغییر)ێک سازکەرەوەی سیاسەت ، هێز و بە گشتی پێوەندی نێوان خەڵک و رێکخراوەکانی کوردستانیە؟ داخوا جگە لە دیاردەی خەبات لە پێناو بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و مافەکانی مرۆڤی شتێکی دیکە دەتوانێت ببێت؟ بەو واتایە کە پرسی نەتەوایەتی لە کوردستان شوێندانەرە لە سەر هەموو

ڕەهەندەکانی ژیانی خەڵکی کورد. بۆیە لە کوردستاندا هیچ بەشێکی ژیان نادۆزرێتەوە کە پرسی نەتەوایەتی کاری تێنەکردبێت و لە ژێر باندۆری خەباتی نەتەوایەتی نەبووبێت. بۆیە ناسینی جوڵانەوەی نەتەوایەتی و قووڵبوون لە ئەزموونەکانی ئەرکێکی هەنوکەیی و سەرمایەگوزاری بۆ نەوەکانی داهاتووە، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو ناچار نەبن باجی هەڵەکانی رابردوو بدەنەوە.

ناسینی و لێکدانەوەی ڕووداوە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا لە ناسینی ڕەوتەکانی فیکری و سیاسیەوە دەست پێ دەکات. بزاڤە سیاسیەکان لە جێ دا خاوەنی هیچ ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنێکی تایبەت نین، بەڵکوو دیاردەیەکە، کە لە زانستی کۆمەڵناسی سیاسی دا بنیاتنەری هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژێنگەدا. لە مێژووی کوردستاندا زۆر ڕێکخراو و جوڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە، بەڵام بە تەنیا ڕێکخراوێک، کە بیروباوەر و بنەماکانی سیاسی و ئەخلاقی توانیبێت حەفتا ساڵ درێژە بکێشێت و باوەری مۆدێرنی خەباتی نەتەوایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا گەشە بکات و چەندین ڕێکخراوی دیکە لەسەر بنەمای سیاسی و هزری دامەزرێن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

بۆ ناسینی دیاردەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی، ناسینی ڕەوتی مێژوویی و سەردەمی ئەو جوڵانەوەیە جێگای سەرنجە. هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی دیاردەیەکی مێژوویی و سیاسیە کە لە قۆناغێکی دیاری کراودا سەر هەڵدەدات و و بە شێوەیەکی درێژماوە یان کورت ماوە درێژە دەکێشێت و بە کۆتایی دەگات. پێداگری

لەسەر درێژە رەوتی بزاڤەکە تەنیا بە هۆی رووداوە مێژووییەکان نیە بەڵکــوو بە هــۆی نــاوەرۆکی بــزاڤ و جــوڵانەوەی نەتەوایەتــی لە کوردســتاندایە. جوڵانەوەکــان لە رووی ژمــارەوە خــاوەنی ئاســتی جۆراوجۆرن. دەکرێ وردە رێکخراوی دیکە لە ناو جوڵانەوەدا سەر هەڵبـدەن و جیـابوونەوە و لێکـدابڕانەکانی نـاو حیزبـی دیمـوکرات لە درێــژەی مێــژوودا دەکــرێ لەو روانگەیەشــەوە بینــدرێن. جــوڵانەوە سیاسـیەکان رۆڵێکـی گرینگیـان هەیە لە  شـکڵ گرتنـی گۆرانکـاریە سیاســی  - کــۆمەڵایەتی هەیە گەر خــاوەنی ســتراتیژیەکی روون و دیـاری کـراوی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی بـن و خـاوەنی رێبەریەکـی گۆرانکـاری خـواز و ئاسـۆ بـین بێـت. ئامـانجی کۆتـایی جـوڵانەوەی نەتەوایەتــی بەدەســت هێنــانی مافەکــانی نەتەوایەتــی و لە رێگــای دەســەڵاتی سیاســیەوە بەجــێ گەیانــدنی ئامــانجە سیاســیەکانی نــاو کۆمەڵگـادایە تـا لەو رێگـایەدا سـتراتیژیەکۆمەڵایەتی و ئابووریەکـانی پێوەندیدار بە ئاوەدان کردنەوەی وڵات جێبەجێ بکات.

پێوەنـدی نێـوان دیـاردە کـۆمەڵایەتی و جوڵانەوەکـان دەکـرێ بە شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

١. جـــوڵانەوەیەکی کـــۆمەڵایەتی، بزاڤێکـــی کـــۆمەڵایەتیە کە لە ئاڵوگۆڕەکـانی مێژوویـی سـەرچاوە دەگـرن. واتە پێوەنـدیان هەیە بە بزاڤە کۆمەلایەتیەکان کە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا سەریان هەڵداوە.

٢. جـوڵانەوەی ئەنجـامی بـزاڤە و سـەرهەڵدانە کۆمەڵایەتیەکـانی خاوەن پێشینە و ئامانجی دیاری کراوە.

٣. جــــوڵانەوەی کـــــۆمەڵایەتی پێوەنـــــدی بە جــــــوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە خاوەنی ناوەندێکی ڕێبەری بێت.

٤. جــوڵانەوەی کــۆمەڵایەتی، بزاڤێکــی کــۆمەڵایەتیە کە خــاوەنی سەمبۆل و هێمای تایبەت بە خۆیە.

٥. جوڵانەوەی کۆمەلایەتی بزاڤێکە کە خاوەن نفووزی کۆمەڵایەتی بێت و جێی لە ناو دڵی خەڵک دا کردبێتەوە.

٦. جـوڵانەوەی کـۆمەڵایەتی بـزاڤێکە کە خـاوەنی پـێگەی مـاددیە. پێگەی کۆمەڵایەتی مەکۆیەکە کە هێماکانی جوڵانەوە بەکار دەبەن. بۆ نموونە کەڵک وەرگرتن لە ڕەنگێکی تایبەتی لە بۆنەکاندا.

بەگشتی مەبەست لەو باسە ئەوە پێناسـەیەک لە جیاوازی حیزبی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران بکرێــت لەگەڵ ئەو حیزبـانەی کە بەشـێوەی ئاسـایی و لە چوارچێـوەی یاسـای ولاتەکانیـانەوە خەبـات دەکەن بــۆ گەیشــتن بە دەســەڵات و بەرەوپــێش بردنــی ئامــانجە سیاسیەکانیان. حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو و جـۆری خەبـاتی بەتـایبەت دوای شۆرشـی سـاڵی ١٩٧٩ی گەلانـی ئێرانـدا، زۆرتر وەک جوڵانەوەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتی ڕۆڵی نواندووە. لەو ڕووەوە پێویستە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکرات لە سەر ڕۆڵـی بایەخەکـان و ئەو نـۆرم و هـۆیە نوێیـانەی کە دەبـنە هـۆی گۆڕینی بنەماکانی بایەخ و بەهاکان، ڕۆڵی ڕێکخراو، ڕێکخستن و تۆرە پێوەنـدیەکان و درێـژە و بەردەوامـی ئەو وردتـر بێـتەوە و لە سـەر بنەماکانی دانی زانیاری و گەشەکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی قووڵتر کـار بکـات. "جـوڵانەوە دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتی سـازماندراوە بە

مەبەستی ئاڵوگۆر لە کۆمەڵگادا کە بتوانێت لە هاوکات بێت لە گەڵ بەرهەڵەستی کۆمەڵایەتی و بزاڤی گشتیەوە و خاوەنی ڕێبەریەکی سازماندراو و یەکگرتوو بێت لە ناوخۆی کۆمەڵگادا". لەو پێناسەیەدا مژارەکانی وەک " ڕێکخستن"، بوونی "گوتاری سیاسی"، "ڕێبەری" و "ویستی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی" و "ئامانجدار بوون"، گرینگیان پێدراوە. کاتێک گرووپێک دەسەڵاتی سیاسی نەکاتە ئامانجی خۆی و تەنیا چالاکیەکانی خۆی کورت بکاتەوە بە هەندێک بەرهەڵست و چالاکی کۆمەڵایەتی و نایەکسانیەکانی نەتەوایەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە، تەنیا دەتوانێت لە چوارچێوەی جۆڵانەوەیەکی ناوچەییدا بمێنێتەوە. "گیرووشە" لە پەرتۆکی "ئاڵوگۆری کۆمەلایەتی"دا بزاڤی کۆمەڵایەتی بریتی دەزانێت لە ڕێکخراوێک کە بەتەواوی ڕێکخراو بێت، کە بەمەبەستی بەرگری یان بەرفراوان کردن و گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت دەستی کردبێت بە ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراو و گرووپە جۆراوجۆرەکان و ئەندام گیری. بە بڕوای "تام باتموور" لە پەرتۆکی "کۆمەڵناسی"دا: لە لێکدانەوەی کردەوەی سیاسی ڕێکخراو یان بزاڤێکی سیاسی دا دەبێ چالاکی ڕێکخراوەکە لە بەرچاو بگیرێت نەک کردەوەی کەسەکان هەرچەند لەوانەیە جاری وایە پێویست بێت ئاستی نفووز و ڕادەی دەسەڵاتی کەسانی تایبەت لە ناو ریکخراودا لێلۆلینەوەی لەسەر بکرێت. هەنگاوی یەکەم لەو لێکدانەوەیەشدا لەبەرچاوگرتنی شێوەکانی جۆراجۆری گرووپە کۆمەڵایەتیەکان تویژینەوە لە سەر سیاسەت و ناوەرۆکی ئەو گرووپانەیە.

جۆڵانەوە وێرای ئەو تایبەتمەندیانەی کە لەسەرەوە ئاماژە پێکران وەک بەرێکخراو بوون، بایەخەکان و هزر و وێکگەیشتنی هاوبەش خاوەنی تایبەتمەندیەکانی خوارەوەشە:

١. بوونی ئامانجی دیاری کراو، کە دەکرێ وەدەست بێت

٢. بوونی ناسنامەی هاوبەش، هزری ستراتیژیکی هاوبەش، بوونی جیهانبینیەکی تا ئاستێک هاوبەش، یەکگرتوویی ریکخراوەیی و ئامانج دەبێتە هۆی شرۆڤەکردنی ئامانج و مەشرووعیەتی جۆڵانەوە بەهێزتر ،کات و چۆنیەتی گەیشتن بە دەسەڵات دیاری کرابێت.

٣. بوونی رێبەرێکی گۆڕانکاری خواز و کارامە کە هەموو لە لایەن زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی رێکخراوەوە پشتیوانی لێ بکرێت.

٤. ژایەتی و بەرەنگاری رژێمی داگیرکەر کە سیاسەتی تواندنەوە، ئاسیمیلاسیۆن و لە ناو بردنی نەتەوەی کوردی بەرێوە دەبات.

٥. پێکهێنانی زەمینەی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی

**جۆڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان چوار تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە:**

١. بوونی دژایەتی لە نێوان دەسەڵاتداران و نەتەوە یان چینی ژێردەستە

٢. بوونی گوتار یان ئایدیۆلۆژی و پەروەردە و دروشمگەلێک کە دەبێتە هۆی راکشانی لایەنگرانی جۆڵانەوە و لە ئەنجامی قبووڵ و پێشوازی کردن لەو گوتارەدا ناسنامە و هەستی هاوبەش لە ناو لایەنگرانی جۆڵانەوەدا گەشە دەکات

٣. بوونی تۆڕێکی بەرفراوانی پێوەندیەکان بە شێوەی نافەرمی لە نێوان کەسانی هاوبیر، دۆستان و لایەنگرانی جۆلانەوە بە شێوەیەک کە دەزگاکانی سەرکوتکەری رژێمی ناوەندی توانای ئەوەی نیە لەناوی بەرێت.

٤. هەگەری پێکهاتنی بەرهەڵستی گشتی لە هەلە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمەش کاتێکە کە بنیاتەکانی دەوڵەتی ناوەندی لاواز بێت یا خود بە شێوەی کاتیش بێت هەلی خەباتی ئاشکرا و گشتی برەخسێت یا خود لە ئەنجامی لایەنگری خەڵک لە جۆلانەوەکەدا بزاڤی خەڵک ئەوەندە بەهێز بێت کە دەوڵەت توانای سەرکەتی نەمێنێت.

جۆلانەوە زاراوەیەکە لە رووی ناوەرۆکەوە نزیک بە شۆرش. لە راستیدا جۆلانەوە دەبێتە هۆی خولقاندنی زەمینەی پێکهێنانی ئاڵوگۆری کۆمەلایەتی. ئەو گۆرانکاریانە دەتوانن ببنە هۆی شۆرش یان ریفۆرمی کۆمەلایەتی. جیاوازی سەرەکی نێوان ریفۆرم و شۆرش لە شێوەی جێبەجێ کردن و ئامانجەکانیاندایە. گۆرانکاریەکانی کۆمەلایەتی گەر بە شێوەی ئاشتیخوازانە و بەرە بەرە ئەنجام بدرێت پێی دەوترێت ریفۆرم یان چاکسازی. رەوتێک کە چەندساڵێکە لە باکووری کوردستان رەچاو کراوە و پرسی کورد هەنگاو بە هەنگاو لە ئاستی کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابووری و کولتووریدا بەرەوپێش دەروات. گەر ئەو ئاڵوگۆڕانە بنەڕەتی و لە گەڵ توندوتیژی بە ئەنجام بگەن دەبێتە شۆرش. لە روانگەی بزاڤی نەتەوایەتیدا، ئامانجی ئاڵوگۆرەکان چ بە شێوەی شۆرش بن چ بە شێوەی چاکسازی کۆمەلایەتی – سیاسی بن، خاوەنی یەک ئامانجن:

ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بنەماکانی پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی – سیاسی و دابەشکردنی سیستەمی دەسەڵاتی ئێستا لە ئێران لە سەر بنەمای بەها دێموکراتیک و هومانیستیەکان. بوونی جۆڵانەوە و سەرهەڵدانە جۆراوجۆرەکان یەکێک لە هۆیەکانی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندین. لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی رەها و سەرکوتی هەر جۆرە خۆپێشاندان و جۆڵانەوەیەک لە لایەن حکوومەتی ناوەندیدا دەبێتە هۆی پێکهێنانی سەقامگیریەکی رواڵەتی و دوور کەوتنی خەلک لە حکوومەتەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی زەمینەی شۆرشێکی گەلی لە جۆری شۆرشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران و رووخانی حکوومەتی ناوەندی.

به برِوای برووس کۆئەن " هەموو جۆڵانەوەکان لە هەلومەرجێکی قەیراناوی دەست پی دەکەن، دوایە دۆرۆنە ناو قۆناغی نائارامی و بەهۆی نارەزایەتی گشتیەوە قۆناغی سێهەم واتە هاندان و دەربرینی هەستی توندی خەڵک دەست پێدەکات. بەدوای ئەودا قۆناغی چوارەم واتە دارشتنەوەی قەوارە و شێوازی سازماندراو دەست پێ دەکات و قۆناغی کۆتایی قۆناغی سازیبوون و نەهادینە بوونی رێکخراوەیی دەست پێ دەبێت. گەر بێتو جۆڵانەوە بتوانێت لە راکشان و لایەنگران و پشتیوانی گشتی دا سەرکەوتوو بێت دەتوانێت ببێتە جۆڵانەوەیەکی گشتی و جۆرێک لە دیوانسالاری لە ناو جۆڵانەوەدا پیک دێت" . بەو پێیە جۆڵانەوە بریتیە لە گرووپێکی سازماندراو لە ئەندامان و لایەنگران بە ئامانجی بەرگری لە بیروباوەڕ و بەها و بایەخەکانی هاوبەشی دەستەکە بۆ گەیشتن بە

ئامانجە دیاری کراوەکانی وەک بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی، گۆڕانی پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی، ئازادی خوازی و ... و لە پێناو پێشکەوتن و گەشەکردنی خۆیدا هەوڵ دەدات و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سازماندراو کۆمەڵگا بگۆڕێت. هەموو جۆلانەوەیەک سەرکەوتوو نابێت و ئامانجی جۆلانەوەکان بە پێی سەردەم دەتوانێت ئاڵوگۆری بەسەردا بێت.

بە لەبەرچاوگرتنی پێناسانە ئێمە هەوڵ دەدەین رەهەندەکانی خەباتی نەتەوایەتی کە تەواوکەری یەکترن شی بکەینەوە:

گرینگی ئامانج و ناسینی ئەو

یەکێک لە پرسە گرنگەکانی پێوەندیدار بە سەرکەوتنی هەر رێکخراوێک گرینگیەکی بەرچاوی هەیە و بناغەی هەر بزاڤێک مسۆگەر دەکات ناسینی ئامانج و هەلبژاردنی شێوەی گەیشتن بە ئامانجە. ئێمە دەبێ هەموو بزاڤێکدا بزانین چیمان دەوێ و دەمانهەوێ بەرەو کوێ برۆین بۆ ئەوەی باشترین رێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆمان هەڵبژێرین. تا ئامانجە درێژخایەن و کورتخایەنەکانمان دیاری نەکرێن ئێمە ناتوانین رێگای گەیشتن بە ئامانج دیاری بکەین. بە بێ دیاری نەخشەرێگای پێوان بۆ ئامانجەکان، وەدیهێنانی ئامانجەکان ناوممکینە. بێ ئامانجی دەبێتە هۆی لەدەستدانی هێز و ناهومێدی لە ریزەکانی بزاڤدا.

یەکێک لە هۆیە هەرە سەرەتاییەکانی سەرنەکەوتنی مرۆڤ نەبوونی ئامانجە و ئەوە کە لە کاری رێکخراوەییدا سەرلێشێواوی حاکم بێت. لە ئاکامدا رێکخراو بێ ئامانج لە دەوری خۆی دەخولێت

و هەمووجارێ بەخاڵی دەسپێک دەگەڕێتەوە. لەوانەیە وابیر بکرێتەوە ناسینی ئامانج کارێکی ئاسانە. بەڵام بە وردبوونەوەیەک لە رابردووی خۆمان و ئەو هەزینەیەی کە جۆڵانەوەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە داوە و بە لەبەرچاوگرتنی دەستکەوتەکانی خەباتی چەندین دەیەیە رابردوو، بۆمان دەردەکەوێ کە دیاری کردنی ئامانج و ناسینی ئەو کارێکی ئەوەندەش ئاسان نیە. لە بینینێکی کورتدا ئامانج لە دووبەش پیک دێت: هەندێک لەو ئامانجانەن کە ناسینی ئەو لە رێگای کەمێک زانیاری و ئەزموونەوە مسۆگەر دەبێت. ئەو ئامانجانە ئامانجە ئاسایی و کورتخایەنەکانن. بەڵام بزووتنەوەیەکی رزگاری خوازانە خاوەنی هەندێک ئامانجی بەرز و فرەرەهەندیە کە ناسینی ئەو ئامانجانە پێویستی بە داهێنانی هزری و ئەزموون و پەروەردەی زیاتر دەکات.  لە سەردەمی رایەڵکەکۆمەڵایەتیەکان و راگەیاندراوی خێرا، گرتنەبەری ستراتیژی دیاری کراو و فرەرەهەندی خەبات گرنگیەکی زیاتر لە سەردەمانی پێشوو هەیە. هەموو چەرخەکانی پێوەندی بە ژیانی مرۆڤ دەبێ بکرێتە مەیدانی خەبات و بەرەوپێش چوون. خەبات لەو روانگەیەدا تەنیا سەختی کێشان و خۆ لە مەترسی خستن نیە، خەبات بریتیە لە باشتر کردنی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ بۆ ئەوەی بیر لە ئاستەکانی دیکەی پێویستیەکانی بکاتەوە. لەو روانگەیەوە وەبیرهینانەوەی "هێرەم"ی پێویستیەکانی ماسلۆ لە خەباتدا جێی سەرنجە:

ئابراهام ماسلۆ (١٩٠٨ - ١٩٧٠) پێویستیەانی مرۆڤ بە پێی هێرەمێک دابەش دەکات کە لە خوارەوەی پێویستیە

هەرسەرەکیاکان و لە سەرووی هێرەمەکەش کەمترین رادەی پێویستی مرۆڤ نیشان دەدات. بە بڕوای مازلۆ کاتێک پێویستیەکی مرۆڤ جێبەجێ کرا ئەوکات مرۆڤ هەوڵ دەدات بۆ وەدیهێنانی پێویستیەکی دیکە و بەو پێیە لە بناغەوە بەرەو لووتکەی پێویستیەکان گەشە دەکات. چینبەندی ماسلۆ لە پێویستیەکانی فیزیۆلۆژی یان جەستەیی، پێویستیەکانی هێمنایەتی و ئاسایش، پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی و لە ئاکامدا پێویستی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی زانست و فێربوون هاتوون. هەرچەند ناوبراو بۆخۆی هێرەمێکی پێشکەش نەکرد، بەڵام دواتر ئەو "پێویستیانەی ماسلۆ" بە شێوەی هێرەم و بەناوی هێرەمی پێویستیەکانی ماسلۆ ناسران.

بە پێی ئەو پێنج چینی پێویستیەکانی مرۆڤ دەکرێ بەشێوەی خوارەوە دابەش بکرێن:

١. پێویستیەکانی بنگەهین: بۆ رزگاری یان جێبەجێ کردنی پێویستی فیزیۆلۆژی. بە گشتی ئەو نیازانە زۆر سەرەتایین و لە هەموو بوونەوەراکاندا دەبیندرێت، بۆ نموونە پێویستی بە ئاو، خواردن، خەو، ماڵ و جێی حەسانەوە و پێویستیەکانی زایەندی.

٢. پێویستیەکانی هێمنایەتی و ئاسایش: لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ئەو پێویستیە بە واتای ئازادی و رزگاری لە رووبەرووبوونەوە لە گەڵ مەترسیە فیزیکی و جەستەییەکان بووە. لە کۆمەڵگای مۆدێرنی ئەمرۆدا ئەو پێویستیانە بریتین لە پێویستیەکانی پێوەندیدار بە هێمنایەتی و وەدیهێنانی پێویستیە داراییەکان. کەوابوو بەدەستهێنانی

کار و پیشە و بوونی حەقدەستێکی گونجاو تەواوکەری پێویستیەکانی فیزیکی مرۆڤە.

٣. پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی: یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ پێوەندی کۆمەڵایەتیە. مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە لە گەڵ گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە پێوەندیدا بێت تا بتوانێت لە ڕێگای ئەوانەوە پێویستیەکانی خۆی وەدی بێنێت.

٤. پێویستی پێزانین: مرۆڤ پێویستی بە ڕێزگرتن لە لایەن خەڵکانی دیکەوە هەیە. ئەو ڕێزگرتنە دەتوانێت بە هۆی دەسەڵات، هزر و ئەندێشە، زانیاری، ئەزموون، دەوڵەمەندی یا خود پێگەی کۆمەڵایەتی و ... بێت.

٥. پێویستیی خۆڕاستاندن: مرۆڤ حەز لەوە دەکات تا تواناییەکان و شارەزاییەکانی خۆی بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرێت.

ژیانی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەراستیدا بەشێوەیەکی سادەکراو پێرەوی لە هێرەمی پێویستیەکانی لەسەرەوە ئاماژە پێکراو دەکات. خەباتی نەتەوایەتی و خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوە خەباتێکی تەواو و دەبێ وەک بازنەیەکی تەواو ببیندریت. سەرنج نەدان بە هەرکام لەو هۆیانەی سەرەوە ئاماژە پێکران دەبێتە هۆی کێشە و تەنگەژە بۆ وەدیهێنانی پێویستیەکان و بەرەوپێشچوون. ئەو چینبەندیانە بەواتای ئەوە نین کە ئەوان بەو شکڵەی کە هەن ڕەها و هەتاهەتایی بن. ئەوان بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵگاکان و شێوەی ژیانی کۆمەلگاکان ئاڵوگۆریان بەسەردێت. لە ڕوانگەی ریکخراوەیی و بەرێوەبەریەوە لەبەرچاوگرتنی وەدیهێنانی ئەو

پێویستیانە چ لە ناوخۆی ڕێکخراو و چ لە ئاستی گشتی ڕەهەندەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا پێویستی یەکبێژ (چروری)ن بۆ ئەوەی بتوانرێت هەنگاوەکانی دیکە هەڵگیرێت. لەو ڕوانگەیەدا ڕێبەرانی سیاسی پێویستە سەرنج بدەنە وەدیهێنانی پێویستیە جۆراوجۆرەکانی ناو ڕێکخراو و مەیدانی خەبات بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاکامی بەهینەیی لە هەموو بەرەکانی خەبات وەرگیرێت:

جۆلانەوەی ڕزگاریخوازانە و ڕەهەندەکانی خەبات

هۆ و ئەنگیزەی خەباتی نەتەوایەتی مسۆگەرکردنی ژیانێکی ئازاد، سەربەست، یەکسان، دادپەروەر و دوور لە سەرکوت، چەوسانەوەیە. ئەوانە ئەو نرخ و بایەخانەن کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێدەدات و تێدا هاوبەشن. ئەوەی خەبات ڕزگاریخوازانە لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات جیا دەکاتەوە تایبەتمەندی مرۆڤ سەنتەری ئەوخەباتەیە. بۆیە پێویستی لە خەباتێکی وەهادا پێویستە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا ببێتە مەیدانی خەبات و هەرلەوکاتەدا هەروەک لەسەرەوە باسکرا، ئامانجی قۆناغ بەقۆناغی خەبات دەبێ باشترکردنی ڕەوشی ئەمرۆ لە دوێنێ و ڕەوشی دوێنی لە ئەمرۆ بێت. لەو ڕوانگەیەدا فێربوون و پەروەردەکردن بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی لە بوارەکانی ژیان بەتایبەت لە بواری پێوەندیەکاندا دەتوانێت ببێتە شاکلیلی پێشڤەچوون و سەرکەوتن لە هەموو بوارەکانی خەباتدا.

**خەباتی مەدەنی**

لە نەبـوون یـان سـنووورداربوونی لە رادەبەدەری ئـازای چـالاکی حیزبی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، کۆمەلگای مەدەنی دەتوانێت بەشێکی گرنگ لە ئەرکەکانی حیزبە سیاسیەکان جێبەجێ بکـات و ببێـتە پردێکـی نێـوان ویسـتی سیاسـی – کـۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵک و بزاڤی نەتەوایەتی و حکوومەتی ناوەندی. سەرەرای بوونی جیاوازی لە نێوان ویستی کۆتایی و تەنانەت کورتخایەنی بزاڤی سیاسـی لە گەل کۆمەڵگـای مەدەنـی لە ئاسـت هێنـانە گـۆڕی داخوازەکـان دەبـێ ئەوە لەبەرچـاو بگـرین کە ویسـت و رادەی چـاوەروانی خەڵـک لە پیوەنـدی لە گەڵ حکـوومەتی ناوەنـدی و دەسـەلاتی ئیـداری خـۆجێی بە پێـی هەلـومەرجی ژیـانی رۆژانەیـان و هەر بەو پێیەش خەبات و ویستەکانی خۆیان رێک دەخەن. ئەگەر لە ولاتانی پێشکەوتوو هەوڵی هاوبەشی کۆمەلگای مەدەنی و دەوڵەت بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا بێت، لە کۆماری ئیسلامی ئێرانـدا هەوڵی سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنی پاشەکشەکردن بە کۆماری ئیسـلامی لە هەنـدێک بوارەکـانی پیوەندیـدار بە ژیـانی ئـابووری، کـۆمەڵایەتی، تاکەکەسی و کۆنترۆلی ژیانی ئەوان لە لایەن دەوڵەت و وەدیهێنانی لانـی کەمـی مافەکانیـان کە لە یاسـاکانی ئەو رژێـمەدا نووسـراون. کەوابـوو پرسـی کۆمەڵگـای مەدەنـی لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە قۆناغی یەکەمدا وەدیهێنانی پێویستیەکانی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ، هێمنـایەتی سیاسـی، ئـازادی رادەربـرین، گەشـەکردنی ناوەنـدە مەدەنیەکان، هەلەکانی یەکسانی ئابووری و پەرەپێدان بە ئاسایشی

ئـابووری و بنەمـایی خەڵـکەوە هەیە. لەو روانـگەیەوە پێویسـتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی لە شارێکەوە بۆ شارێک لە ناوچەیەکەوە بۆ نـاوچەی دیـکە جیـاوازە. ریـبەری سیاسـی بـزووتنەوەی رزگـاری خـوازانەی نەتەوایەتـی بەرپرسـە بە لەبەرچـاوگرتنی پێویسـتیەکانی خۆجێی و ویستی خۆجێی کۆمەڵگا سیاسەت و ستراتیژی بەکردەوە لەو بـوارەدا دارێژێـت و کۆمەڵگـای مەدەنـی بەرەو وەدیهێنـانی ئەو ئامانجانە رێنوێنی بکات.

- لە هەلبژاردنەکـانی مەجلیسـی شـوورای کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا، هەرێمـی هەڵبژاردنـی ورمـێ ببـووە یەکێـک لە بوارەکـانی شوناسی نەتەوایەتی لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکاندا. کۆمەڵگای مەدەنـی ئازەربایجانیەکـان بە شـێوەیەکی یەکگرتـوو بـۆ بەرەوپـێش بردنی دەسەڵاتی رەهای خۆیان لە ناوچەی ورمێ دەستیان کرد بە سـازماندەیی و ئۆرگـانیزەکردنی رێکخراوەکـانی خۆیـان. لە ئاکامـدا هەمـوو نـوێنەرانی مەجلیس لە شـاری ورمێ لە نەتەوەی ئـازەریەوە هەڵبژیردراو و کوردەکان نەیانتوانی نوێنەرێک بـۆ مەجلیسـی ئێـران بنێـرن. ئەوە لەکاتێکـدایە کە کوردەکـان و ئازەریەکـان پێکهێـنەری سەرەکی ئەو شارەن، بەڵام لە ١٦٠ مـودیر و برِیاردەری هەرێمەکە ژمـارەی کوردەکـان لە قامکەکـانی دەسـت کەمتـرن. پەراوێزخرانـی سیستماتیکی کوردەکان و نەبوونی کۆمەلگایەکی مەدەنی یەکگرتوو کە بتوانێـت لانـی کەمـی داخوازەکـانی کوردەکـان لەو بەشـەی لە کوردسـتاندا جێبەجـێ بکـات، هەم بە زیـانی تەواویەتـی بزاڤـی نەتەوایەتیە و هەمیش بە قازانجی دەسەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسـلامی.

لەو روانگەیەوە ئێمە دەتوانین باس لە پێویستی ڕێکخراوێکی Hybrid (ترکیبی) بکەین کە توانایی ئەوەی هەبێت بە جیاتی هاوسان کردنی کۆمەڵگا بە پێی پێویستیەکانی ژینگەیی کۆمەڵگا ئاڵوگۆر بەسەرخۆیدا بێنێت لە تاریکی جیهانبینی نەهێلیستی دا نەخنکێت.

## خەباتی یەکسانیی خوازی و ژنان

دکتـۆر قاسـملوو لە نـامیلکەی کورتەباسـێک لە سۆسـیالیزم دا (۱۳۶۴) باسـی پێویسـتی بەرەپـێش چـوونی هاوکـاتی خەبـاتی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی دەکات. لە بزاڤی نەتەوایەتی کوردستاندا بەداخەوە ئەم پرسە بەشێوەیەکی نا هاوتەریب بەرەوپێش چووە و پرسە کۆمەڵایەتیەکان کە لەمپەری سەرکین بۆ بەرەوپێش چوونی پرسی نەتەوایەتی لە پەراوێزخراون یان کەم بایەخ کراون. پرسی یەکسانی ژن، قـووڵتر لە پرسی کـۆمەڵایەتیە و پرسـێکی سیاسـی – کـۆمەڵایەتی و پرسـی هەمـوو کۆمەڵگـای کـوردیە. لە روانـگەی بەرێـوەبەری تواناکـان و هێـزی مـرۆڤیەوە، کاتێـک نیـوەی دووەمـی کـۆمەڵ لە پرۆسـەی بەشـداری سیاسـی، بڕیـاردان و بەرێـوەبری و جێبەجێ کردندا بێ بەشبێت، نیوەی پتری سەرمایەکانی مرۆڤی و کـۆمەڵایەتی بەفیـرۆ دەچێـت و ئەمەش دەبێـتە هـۆی پێکهـاتنی لەمپەری کۆمەڵایەتی، سیاسی و تاکەکەسی لە بەرەوپێش چوونی خەبات.

بەدرێژایـی مێـژووی ئـایین سـالاری و پیاوسـالاری، ژن وەک کەرەسەیەک بۆ وەدیهێنانی پێویستی پیاو بەکار هێنراوە. دواتر کە

کۆمەڵگاکان شوێنی خۆیان گرتووە، ئەرکی ژن خزمەتگوزاری پیاو، زاوزێ و بوون بە کوێلە و "غەنیمەتی" شەڕ بووە. مێژوو لە بەرامبەر نیوەی دیکەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بنەمای بوونی هەموو مرۆڤایەتی زوڵمێکی گەورەی ئەنجام داوە کە ئاکامەکەی بە زیانی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە. لەو کۆمەڵگایانەی کە پیاوسالاری حاکمە زۆرترین کێشەکۆمەڵایەتیەکان، سیاسی و ئابووریەکان بەرچاون. هەموو شەڕەکان بەرهەمی بیری پیاوسالاری و سیاسەتی تەنیا یەکرەهەندی بەشی دەسەڵاتداری کۆمەڵگا بوون.

مێژوو لە ژنان دزراوە، ژنان لە سەرانسەری مێژووی پیاوسالاریدا پەراویزخراون، مرۆڤایەتیان لی ئەستێندراوە و لە ئاکامدا رۆحی گەشەکردنی مرۆڤیش لە قەفەسی کۆنەپەرەستی و پیاوسالاری ملهورانە زیندانی کراوە. مێژوو دەبێ بگەرێتەوە سەر جێگای خۆی. خاوەن مێژووەکان دەبێ ببنە خاوەنی مافی خۆیان و کۆمەڵگا لەو حاڵەتە "کەم ئەندام"یە دەرکەوێت. کۆمەڵگایەک کە ژن تێدا خاوەنی مافی بەشداری یەکسانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی نەبێت وەک جەستەی مرۆڤێکی کەمئەندامی "هزری" (معلول ژهنی)یە.

بۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا شەڕ، کێشە و تەنگەژەکۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، دەست درێژی، ترس، ناهێمنی، بێبڕوایی حاکمە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە شێوەیەکی رێژەییش بیت یەکسانی نێوان ژن و پیاو مسۆگەر کراوە، گەشەکردن، ژیان خۆشەویستی، شادی و بەختەوەری و تەمەندرێژی مرۆڤ دەبیندرێت. لە پێناو ئاشتی

کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە رزگاری نەتەوایەتیش بێت، بزاڤی سیاسی نەتەوایەتی کورد پێویستە هەوڵی جیددی و ستراتیژی بە کردەوە بۆ گۆرینی رەوشی بەشداری ژنان و وەدیهێنانی یەکسانی لە بەشداری سیاسدا پێک بهێنرێت.

ستراتیژی نەتەوایەتی بە بێ ستراتیژی بۆ لەناو بردنی نایەکسانی مسۆگەر نابێ بۆیە دەشێ ئامانجی بزاڤە سیاسیەکان – پەسەندکردنو جێبەجێ کردنی ئەسڵی یەکسانی زایەندی (جێندەری) لە پرۆسەکانی بڕیاردانی رێکخراوەیی بێت – بەرەوپێش بردنی پرسی زایەندی لە هەموو سیاسەتگوزاری و کاری رێکخراوەییدا – بەرنامەرێژی تایبەت بۆ پێشکەوتنی ژنان. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە یەکەم هەنگاو لانی کەمی رێژەی بەشداری ژنان دیاری بکرێت بەوحاڵەش ئەرکی ژنان تەنیا لە بەشی خزمەتگوزاری و اروچالاکیەکانی پلە سێ و چواری کۆمەڵگادا قەتیس نەکرێتەوە.

وەدیهێنانی یەکسانی دەبێتە هۆی بەهێزبوون و چالاکتربوونی هەموو کۆمەڵگا و سەرکەوتنی بزاڤی نەتەوایەتی کورد مسۆگەرتر دەکات. لە پێناو سەرکەوتن بەسەر کێشەکاندا و بەرەو پێش بردنی دروشمەکانی یەکسانی خوازی لە نێوان حیزب و رێکخراوەکانی سیاسی دا جێی خۆیەتی ستراتیژی خوارەوە وەک بنەمای دارشتنی پلانی یەکسانی کۆمەڵایەتی لە چالاکی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکاندا وەبەرچاو بگیرێت:

١. گەشەسەندنی زیاتر بوونی بەشداری ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردان، کاروچالاکی و .جێبەجێکردن و هاندانی ژنان بۆ سەربەخۆیی ئابووری لە ناو کۆمەڵگادا

٢. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی بەشداری لە پرۆسەکانی بڕیارداندا و دارشتنی پلانی پەروەردەی یەکسانی لە ناو کۆمەڵگادا.

٣. بەرەوپێش بردنی پرسی یەکسانی ژن و پیاو و پشتیوانی لە بەشداری چالاکانەیان لە هەموو ئاستەکانی بڕیارداندا و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان دیاری کردنی ستراتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەولەویەتەکانی خەبات و چالاکیەکانی پێوەندیدار دیاری بکرێن. بوونی ستراتیژی دەروەستی و "تعهد" بە دروشمەکان مسۆگەر دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاوێتە بوونی پرسی یەکسانی لە ناو هەموو سیاسەتەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی دا.

## خەباتی ئابووری

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە گەمارۆی ئابووری دابووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە لە ساڵانی رابردوودا بەرهەمهێنانی وەرزیری و خۆجێی لە کوردستان نەمێنێت. سیاسەتی ئابووری رژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان سیاسەتی داگیرکەرانی وڵاتان بووە بە چەشنێک کە هەوڵ داروە کوردستان بکرێتە بازارێکی بەرینی "بەکارهێنان" و مەسرەفی و تەنیا بازرگانی گشتی لە ئاستی کوردستاندا گەشە بکات. لەئاکامدا سەرمایەگوزارەکان و خاوەن

دەسمایەکان لە کوردستان کۆچیان کردووە روویان لە شوێنەکانی دیکەی ئێران کردووە. لەلایەکی دیکەوە لە سەردەمی شەڕی چەکداریدا سیاسەتی "سابۆتاژ" لەلایەن شۆرشەوە بووبەهۆی دوورکەوتنی ئەو کەمە پرۆژە ئابووریانە لە کوردستاندا.

ئابووری بەرگری، یەکێک لە رەهەندەکانی خەباتی نەتەوایەتیە کە لە رابردوودا کەمتر ئاوری پیدراو. ژینگەی ئیمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی گەمارۆ ئابووریەکان و ئاڵوگۆرەکانی کەشوهەوا لەژێر مەترسیەکی جیددی دایە. لەو رووەوە بەرەوپێش برندی ئابووری بەرگری نەتەوەیی بەواتای بەرەوپێش بردنی بەرهەمهێنانی خۆجێی و هاندانی خەڵک بۆ بەرهەمهێنان و کڕینی بەرهەمە خۆجێیەکان نەتەنیا دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئابووری کوردستان و بەڵکوو بڕوابەخۆبوون لە بواری ئابووریدا لە ناو کۆمەڵگادا پەرەدەدات و کۆمەڵگا لە گرێداوەیی بە سەنتر و بەشەکانی دیکە بێ منەت دەکات. لێرەدا باس لە پێویستیە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگایە. ئەزموونی باشووری کوردستان دەسەلمێنێت بە بێ بوونی ئابووری دەرهێنەرانە و خۆجێ، حکوومەتەناوەندیەکان و حکوومەتەکانی هاوسێی هەرێمی کوردستان هەرکات بیانهەوی دەتوانن بە قەدەغەکردنی هاوردەی پێداویستیەکانی خواردەمەنی بۆ ناو باشووری کوردستان، ئەو بەشەی کوردستان بەتەواوی تووشی قەیرانی مرۆڤی و ئابووری بکەن. لەکاتێکدا ئابووری کوردستان لە هەموو بوارەکانی خۆیدا ناچار کراوە ببێتە ئابووریەکی "مەسرەفی" کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەو رێگایەدا بە زەخت خستن بەسەر خەڵکی کوردستان

سیاسەتەکانی خۆی بەسەر خەڵکی کورد بسەپێنێ. وەک ئاسەواری ئەو گەمارۆیە ئابووریەش دەتوانین ئاماژە بە دیاردەی جاشێتی لە کوردستاندا بکەین، کە بەرهەمی پێویستی خەلک بە سەرچاوەی داهاتە.

سروشتی کوردستان خاوەنی هەل و دەرفەتی زۆرە بۆ بەرهەمهێنانی خۆجێی. ژمارەی لاوانی خوێندکار و کارناس لە بوارەکانی جۆراوجۆری بەرهەمهێنانی وەرزێری و بەرهەمە دەستیەکان رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندایە. گرتنە بەری بەرەو پێش بردنی سیاسەتی ئابووری بەرگری نەتەوایەتی و پێکەوە گرێدانی بە خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتی لە دریژدەمدا دەتوانێت لە قەیرانەکانی هاوشیوەی باشووری کوردستان بمانپارێزێت و لەلایەکی دیەکەوە هەستی نەتەوایەتی بەرهەمی خۆجێی و ریزگرتن لە بەرهەمە خۆجێیەکان و پێشقەچوونی ئابووری ناوچەیی بەرز دەکاتەوە.

## خەباتی ژینگەپارێزی

زاراوەی ژینگە پارێزی و ژیانی ئێکۆلۆژیک سەردەمانێک کە بەرنامە و پێرەوی ناخۆیی حیزبی دێموکرات دەنووسرا جارێ نەکەوتبوو نێو زاراوەکانی سیاسی و رۆژەڤی خەباتی نەتەوایەتیدا. نەوەی دەیەی یەکەمی دوای شۆرشی ساڵی ١٣٥٨ی گەلانی ئێران لە قوتابخانە و زانکۆکاندا ئاشنا بەو زاراوەیە نەبوون و بەگشتی کەسێک لەوسەردەمەدا نیگەرانی ژینگە نەبوو. ئەوکات چ خەڵکی

ئاسایی و چ شۆرشگێران و ئەوانەی نەیاری کوردستان بوون، وایان دەزانی ئازادن لەوەی هەرچی پێیان خۆشە بەسەر سروشتدا بێنن. خەڵک پێی وابوو بەکارهێنان هەرچی زیاتر سروشت، کوشتن و راوکردنی ئاژەڵەکان واتە ئاسایش و ژیانێکی خۆشتر و کامەرانەتر. لەو سەردەمەدا باسکردن لە بەشی نەوەکانی داهاتوو لە سروشت باسێکی بێ واتا و جێگای گاڵتەبوو.

لە چڵ ساڵی رابردووە تا ئێستا جیهان بەتەواوی گۆراوە. هەرچەند زۆر درەنگ بەڵام بەرەبەرە بزاڤی سیاسی و خەباتکارانی مەدەنی و خەڵکی ئاسایش بەرەبەرە تێگەیشتووە کە کەڵک وەرگرتن لە سروشت سنوورێکی هەیە و تێکچوونی ژینگە هەڕەشەیەکی جیددیە دژی مرۆڤایەتی و دژی خەڵکی کورد لە کوردستان. لە رۆژهەلاتی کوردستاندا نەخۆشی گەلێک زۆری وەک شێرپەنجەی پێست، نەخۆشیەکانی دڵ، "تەشەنوجی" دەمار و زۆر نەخۆشی دیکە دەبیندرێن کە بەهۆی ئاڵوگۆری ژینگە و وشکەساڵی و یان بارانەکانی قورسەوە، ئەندامانی کۆمەلگای گیرۆدەی بوون. ساڵانە زیاتر لە سی ملیۆن تۆن دی ئۆکسیدی کەربۆن بە کەڵک وەرگرتن لە سووتەمەنیە فۆسیلیەکان، بڕینی دار و سووتاندنی دارستانەکان — کە لە ساڵانی رابردوودا کۆماری ئیسلامی بەشێوەی سیستماتیک لە کوردستان ئەنجامی داوە — دێتە ناو هەوای دەوروبەرمان. لە ساڵی ١٩٨٠ تا ٢٠٠٠ مرۆڤ چوارهێندەی پێشوو ژینگەی وێران کردووە. ساڵانە نزیک بە ٣ تا دەملیۆن مادە ژەهراویەکان دێنە ناو ئێران کە بەشێکی زۆر لەو ماددانە دەگاتە کوردستان. رۆژهەڵاتی کوردستان

یەکەم قوربانی ئاڵوگۆڕەکانی کەش و هەوا و تۆفانی تەپوتۆزی عێراق و باشووری کوردستانە. ناخاوێنی کەشوهەوا نەتەنیا مرۆڤ و سروشت بەڵکوو دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاسەوارە مێژوویی و کۆنەکان. بۆ نموونە تاقی بێستوون بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەوە تووشی زیانی زۆر بووە.

ئەم مزارە و هەزاران مزاری دیکەی پێوەندیدار داهاتووی مرۆڤایەتی تووشی مەترسی لەناوچوون کردووە. تێکچوونی ڕەوشی کەشوهەوا بەرهەمی پیشەسازی و ئەو مەترسیانەن کە گەلی کورد هیچ بەشێکی تێدا نەبووە. بەڵام لە زیانەکانی ئەو تێکچوونە کوردیش وەک هەموو مرۆڤایەتی لە مەترسیدایە.

ئێمە گەر نەتوانین شوێندانەربین لە سەر ئاڵوری کەشی جیهان، دەتوانی شوێندانەربین لەسەر ژینگەی خۆمان، ئەوشوێنەی کە لێی دەژین. گرتنەبەری سیاسەتی ژینگەپارێزی و بەرزکردنەوەی بایەخە سەوزەکان و گرینگیدان بە ئێکۆسیستەمی ژینگەی خۆمان ئەرکێمی مرۆڤی و نەتەوەیی ئێمەیە. بەرپرسایەتی ڕێبەری سیاسی لەوبوارەدا قورس و گرینگە. خەباتی نەتەوایەتی ئێمە ناتوانێ بە بێ خەبات بۆ ژینگەیەکی خاوێن و جێی ژیان بۆ نەوەکانی داهاتوو واتایەکی تەواوی هەبێت. ئەرکی ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەییە لەوبوارەدا بەدانی زانیاری پێویست و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی گەشەکردنی بەردەوامی دانیشتوانی کوردستان بەرەو نەوەیەکی بەرپرس لە بەرامبەر گوێ زەویدا پێویستیەکانی ژینگەیەکی خاوێن بۆ نەوەی داهاتوو وەدی بێنێت.

پشـــتیوانی کـــردن لە ڕێکخـــراوە ژینگەپارێزەکـــان، پەروەردەی ژینگەپـــارێزی و دامەزرانـــدن و ڕێنـــوێنی کردنـــی چالاکڤانـــانی ژینگەپارێزی، وەرێ خستنی کەمپەینی جۆراوجـۆری پێوەندیـدار بە ژیـانی سـەوز و ژینگەپـارێزی دەتوانێـت ببێـتە مەیـدانێکی دیـکەی خەباتی نەتەوایەتی. لەوانە گرینگتر گونجاندنی ئامانجی ژینگەپارێزی و گەشـەی بەردەوام لە بەرنـامەی سیاسـی حیـزب وڕێکخراوەکـانی کوردســتانیدا ئەوان ئەرکــدار دەکــات لەو پێوەنــدیەدا چــالاک و بەرپرسانەتر هەوڵ بدەن.

## پەروەردە

لە دەیەکانی رابردوو فێربوون و کار وەک دووبەشی جیاوازی ژیان لە یەکتـر جیـاکربووە. بـۆیە کاتێـک کەسێک خوێنـدنی بـاڵای تەواو دەکرد یان دەورەیەکی دەبینی دەستی بە چالاکی دەکرد و پێویستی نەدەبینــی دووبــارە پەروەردە بکــرێتەوە و فێــر بێــت. ئەم کولتــوورە ئێســتاش لە نــاو بەشـێکی زۆر لە نەوەی بڕیاربەدەسـتی جـوڵانەوەی سیاسـی – نەتەوایەتـی کوردسـتان دەبینـدرێت و لە نـاو کۆمەڵگـای کوردیــدا بەدی دەکرێــت. ئەمــرۆ پەروەردە و فێربــوونی بەردەوام بەشێکی جیا نەبووە لە ژیانی مرۆڤە. هەر ڕێکخراوێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خـۆی پێویسـتی بە کـادر و کەسانی چـالاک و خـاوەن توانـای گـۆرین هەیە کە بتـوانن لە هەلـومەرجی جۆراوجـۆردا کـار و چــالاکی بــکەن. کاتێــک ڕێکخراوێــک گرینگــی بە پەروەردەی گەشـەکردوو و پێشـکەوتنی هێـزی مرۆڤـی خـۆی بـدات، ئەو هێـزە

مرۆڤیە دەبێتە خاوەن توانایی ئاڵوگۆر لە هەلومەرجی جیاوازی ژیانی ڕێکراوەییدا. بە وتەیەکی دیکە پەروەردە و چاکسازی هەنگاوێکن لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکانەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پێگەیشتوویی و لێهاتوویی ئەندامانی ڕێکخراو.

هێزی مرۆڤی گرینگترین هۆی داهێنان و بەرەوپێش چوونە. سەرچاوە مرۆڤیەکانی کارامە و پەروەردەکراو دەبێتە هۆی زیاد بوونی سرمایە، داهێنان و چالاکی لە هەموو ئاستەکانی ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتیدا. بە واتایەکی دیکە سەرچاوە مرۆڤیەکانی کارامە دەبنە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە ڕاستای گەشەی نەتەوایەتیدا. ڕێکخراوێک کە نەتوانێت تواناییەکانی خەڵکی خۆی پەروەردە بکات و نەتوانێت چۆنیەتی ژیانی ئەوانە ڕێنوێنی و ئامانجدار بکات ناتوانێت بەشوەیەکی شوێندانەر گەشە بە هیچ شتێک بدات.

بە کورتی دەتوانین گرینگترین هۆیەکانی پەروەردەی ڕێکخراوەیی لە هەموو ئاستەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا بە شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١. جێگۆرکێی ئاسۆیی و ئەستوونی لە ناو ریکخراودا
٢. هاتنی ئەندام و کادری نوێ بۆ ناو ڕێکخراوەکاندا
٣. پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆجیای پێوەندی گرتن و پێویستی گۆڕانی فەرهەنگی ڕاگەیاندن و پێوەندی
٤. گەشەپیدانی پێوەندیەکانی مرۆڤی ناو ڕێکخراو و دەرەوەی ڕێکخراو

٥. خەبـات لە پێنـاوی بەهرەوەرگرتنـی هەمەلایەنـانە لە هێـزی مرۆڤی ڕێکخراو

٦. توانابەخشین بە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگا

پەروەردەی ڕێکخراوەیی لە هەموو ئاستەکانی خەباتدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی بڕوابەخۆبـوون، ڕاستگۆیی، هەستی دەروەست بوون. بەرپرسانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەکان لە ڕاستیدا بەرپرسی بەرزکـردنەوەی ئاستی ڕێکخـراو لە چوارچێـوەی ژینگەی چالاکیەکانیانە. یەکێـک لەو ڕێگایانە بەرزکـردنەوەی ئاستی زانستی کادر و چالاکەکانی ڕێکخراوەکانە. دانانی دەورەکـانی پەروەردەیـی بـۆ ئەنـدامان و چالاکڤانـانی نـاوخۆ و دەرەوە دەبێـتە هـۆی بەرەوپـێش چوونی لێهاتوویی ریکخراوەیی و زانستی چالاکڤانان.

گەر لە رابـردوودا پەروەردەی ڕێکخراوەیــی ئەمــڕۆ لە ســایەی تەکنۆلۆژیــای ڕایەڵکەکــانی پێوەنــدیەکان و تۆرەکۆمەڵایەتیەکــان، ڕێکخراوەکان دەتوانن بە  دامەزراندن و پێکهێنانی فێرگەی مەجازی و وێبینارەکــان پەروەردەی ریکخراوەیــی ئەنجــام بــدەن. گــرنگە پەروەردەکردنـی منـاڵ کە بتوانێـت بنەماکـانی ژیـانێکی تەندوروست جیـا لەو پەروەردەیەی کە لە فێرگەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا دەبینن. لەو ڕوانگەیەوە دامەزراندنی گرووپ و دەستەی جۆراوجۆری پەروەردەیی و مەدەنی و پێکهێنـانی دەورەی جۆراوجـۆر بـۆ منـاڵان و گەورەسـاڵان لە پێوەنـدی لە گەڵ ژیـانی ڕۆژانە و ئاسـاییان و دانـی ئاگــایی بەرەوپــێش چــوونی بە مەبەســتی پەروەردەی نەتەوەیــی گرنگیەکی تایبەت لە خەباتی نەتەوایەتیدا هەیە.

سەرەرای بوونی دەورەکانی سەرەتایی و کادر لە ناو ریزەکانی حیزبەکانی خەباتکار لە رۆژهەلاتی کوردستان، بەو حالەش بە بڕوای نووسەری ئەو دێرانە پەروەردە ئیستاش پێگەی بناغەیی خۆی لە ژینگەی سیاسی و ریکخراوەییدا نەدۆزیوەتەوە و وەک بەشێک لە سەرمایەگوزاری لەسەر خەبات نابیندرێت. چونکە ئێستاشی لە گەڵ بێت زۆر لە کادرەکان و بڕیاردەرانی رێکخراوەکان توانایی هەلگرتنی ریسک ئەوەیان نیە سەرمایەگوزاری لە سەر ژێربینای پەروەردەی ئەو کەسانە دابنێن کە رووەدەکەنە حیزبە سیاسیەکان و رێکخراوەکان. هەروەها ئەخلاقی کردنی پەروەردە بەو واتایە کە پەروەردە بکرێتە یەکێک لە خالەکانی ئەخلاقی رێکخراوەیی جارێ لە ناو سیستەمی رێکخراوە کوردیەکاندا دیار نیە. چونکە کاتێک پەروەردە وەک بەشێک لە ئەخلاق و رەوشتی رێکخراوەیی ببیندرێت دەتوانێت جۆری هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی ناورێکخراو بەشێوەیەکی سیستماتیک و دووردیمەن رێک بخات.

### خەباتی کۆمەلایەتی

یەکێک لە ئەرکەکانی سەرشانی رێبەری سیاسی گەشەپێدانی هەستی ئەرکی کۆمەلایەتیە. هەستی کۆمەلایەتی تاکەکەس لە بەرامبەر کۆمەڵگادا زاراوەیەکی تازەیە بەلام زۆر هاوشێوەی پەندە زێرینەکەی پێشینیانە کە دەڵێت: "لە گەڵ خەڵک هەمان هەڵسوکەوت بە کە پێت خۆشە لە گەڵ خۆت هەڵسوکەوت بکرێت". بەرپرسایەتی کۆمەلایەتی تاکەکەس بە هێنانەگۆری

بابەتێکی شوێندانەر لە ناو کۆمەڵگادا و پەرەستاندنی بەشێوەی ئەرێنی لە سەر خەڵکانی دیکە و ژینگە شرۆڤە دەکرێت. بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی تاکەکەس بنەمای بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی گرووپیە. چونکە کۆمەڵگا لە تاکەکەسەکان پێک هاتووە، کەوابوو جۆری کولتووری ئێمە ئەرکی کۆمەڵایەتیمان دیاری دەکات. کەوابوو تاکەکان لە بەرامبەر کۆمەڵگادا بەرپرسن و بە کردەوەکانیان شوێندانەرن لە سەر پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. رێکخراو رۆڵی گرینگی هەیە لە پێوەندی لە گەڵ هەست بە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و وەدیهێنانی ئەو بەرپرسایەتیە کۆمەڵایەتیە.

هەرچالاکیەک، کە ئامانجی چاکترکردنی بەشداری خەڵک لە گۆرانکاریەکانی کۆمەگا بێت، چالاکی کۆمەڵایەتی دەوترێت. بەرینی ئەو چالاکیانە گرێدراوەن بەوەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا چەندە لە گەل گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئاشنا بن یا خود بیانهەوێ بە چالاکیەکانی خۆیان گۆرانکاری لە شێوەی بڕیاردان یان چاکسازیەکانی کۆمەڵایەتی بکەن. کەوابوو دەتوانین بڵێین چالاکی کۆمەڵایەتی بریتیە لە دوو بەشی ئامادەکردنی بڕیار و بڕیاردان لە چوارچێوەی کۆمەڵە مرۆڤێک کە لە ژینگەیەکی هاوبەشدا دەژین. بەواتایەکی دیکە چالاکیەکانی کۆمەڵایەتی دەکرێت لە کەرتەکانی دیکەی ژیان جیا بکرێتەوە و بەشێوەیەکی نافەرمی لە پیوەندی لە گەڵ خەڵکدا ئەنجام بدرین. بەو پێیە هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن بە بەشداری خۆیان ژیانی خەڵک ئاسانتر کەن و هەلومەرجی ژیانێکی چاکتر بۆ خەڵک پێک بێنن، چالاکی

کۆمەڵایەتین. ئەگەر بۆ نموونە ئێمە لە شاری کرمانشان لە هەموو ئیمکانات و سەرچاوەکانی کۆمەڵایەتی لە پێناو ژیانێکی بەختەوەری هەموو دانیشتوانی ئەو کارە بەکار بهێنی، ئەوکات یەکەم دەبێ خەڵک بار بێنین بۆ ئەنجامی کاری هاوبەش. چونکە بەرهەمی کاری هاوبەش لە کۆی گشتی کارە تاکیەکان زیاترە و دووەم ئەوەکە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین ئەندامانی کۆمەلگا بەو بڕوایە بگەیەنین کە کاری هاوبەش هەرچەند کە شوێندانەریەکەی کەم بێت، بەڵام دەتوانێت ئاکامی چاکتری هەبێت بۆ کۆمەڵگا. گرینگ لێرەدا راهێنانی بەشداری هاوبەش و کۆمەلایەتی لە بڕیاردانەدایە. بەتایبەت لە هەلومەرجی دوای دەیەی دووەمی بەسەرکار هاتنی کۆماری ئیسلامیدا، ژیانی تاکگەرایی و قەیرانی بڕوا لە ناو کۆمەڵگادا روو لە گەشەکردن بووە. ئەمرۆ لە زۆر شار، شارۆچکە و گوندی کوردستاندا بە هۆی زۆر کێشەکانی وەک ژن بە ژنە، ژن بە زۆری بەشوودان، شەڕ و کێشەکانی بەهۆی بۆ نموونە سەرچۆپی زەماوەندەکان، شەڕی نێوان بنەماڵەکان، کێشەکانی ناموسی، کێشەکانی پێوەندیدار بە ژیانی هاوسێتی و هتد... ئەوانە هەموو لەمپەری بەرەو پێشچوونی خەباتی نەتەوایەتیدان. کاتێک ئاشتی و نیوان خۆشی لە نێوان هاوسێکاندا هەبێت، کاتێک بڕوا لە ناو ئەندامانی کۆمەلگادا هەبێت، کاتێک کێشەکانی ژیانی پێوەندی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا کەمتر بن، بەرەو پێش بردنی خەبات ئاسانتر و هێزی گەل بۆ رزگار بوون ئازادتر دەبێت. لەوڕا وتەی دکتۆر قاسملوو لە مەڕ هاتەریبی خەباتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی

گرینگـی خـۆی دەدۆزێـتەوە. سـازدانی ئەنجـوومەن و کۆمەڵەکـانی پێوەندیـدار بە گەڕەک، کـۆڵان و ناوماڵەکـان، پێکهێنـانی کـۆمەڵە و ئەنجـوومەنی پەروەردەی کـۆمەڵایەتی و دیـالۆگی کـۆمەڵایەتی و تەنانەت باسکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە شوێنە ئایینەکانـدا و هەوڵـدان بـۆ پێکهێنـانی ئاشـتی کـۆمەڵایەتی، ڕێخۆشـکەری ڕزگـاری نەتەوەیین.

## خەباتی چینایەتی و سەندیکایی

بە پێی مەکتەبی "دژایەتی" کە تیۆریەکانی مارکس نوێنەرایەتی ئەو دەکەن، شێوازی بەرهەمهێنـان و ئاڵوگۆڕەکـانی نـاو کۆمەڵگـادا دەبێـتە هـۆی سـەرهەڵدانی دوو چینـی دژی یەکتـر کە تەنیـا بە شۆرشـێکی کرێکاریە کە دەتوانێت دادپەروەری لە کۆمەڵگادا وەدی بێت. ئێمە لە سـەدەی شۆرشـی ئیفۆرماسـیۆندا دەتـوانین ئەو تیـۆریە وا تێـبگەین کە لە ئەنجـامی گـۆڕانی شـێوەکانی بەرهەمهێنـان پێویسـت بە فێربوونێکی نوێ بۆ بەرهەمی نوێ دەکات، کە دژبەرانی ئاڵوگۆرەکان دژایەتـی چینـایەتی دەخـولقێنن بـۆ ئەوەی پێشـی گۆرانکـاری بگـرن. بنەمـای پێشـکەوتنی هەمـوو کۆمەڵگاکـان لە سـەر شۆرشـەکان پێـک هاتووە، بەڵام شۆرش قەرار نیە هەمووجارێ دژایەتی چینایەتی بێت. پێشکەوتنی کۆمەڵگا گرێدراوە بە پێشکەوتنی ئابووری بەرزبوونەوەی چـوونی هێـزی کڕینـی خەڵـک. دژایەتـی چینـایەتی لە کاتێکـدا کە سـتەمی نەتەوایەتـی هەمـوو ئاسـتەکانی کۆمەڵگـای داگیرکـردووە و کەشـی هەمـوو جـۆرە پێشـەچوونێکی تاریـک کـردووە، پێکهـاتن و

وێکگەیشتنی خاوەن کار و کرێکار پێویستیەکی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردیە. هەم خاوەن کار وەک کەسێک کە هەموو سەرمایە و بیرو هزری خۆی خستۆتە گەڕەوە بۆ داهێنان و دامەزراندنی شوێنی کار و هەم کرێکار وەک کەسێک کە وێڕای ئەوەی کە بژێوی ژیانی خۆی وەدی دێنێت بەشدار لە بەقازانج گەیاندنی خاوەنکار لە بەرامبەر یەکتر و کۆمەڵگا و نەتەوەکەیاندا بەرپرسن. کۆمەلگای کوردستان کۆمەڵگایەکی بریندار و هێرش پێکراوە لە هەموو بواریکدا. پێکهێنانی شوێنی کاری هێمن، بەرهەمهێنانی بەردەوام و ئێکۆلۆژیک، هەم بەقازانجی چینی زەحمەتکێشە و هەم بەقازانجی خاوەن کار. لە کۆمەڵگایەک کە لە پێناو مان و نەمانی خۆی خەبات دەکات، دژایەتی چینایەتی لەمپەرێکی گەورە و ژانهێنەرە لە بەرامبەر بەرەپێش چوونی. دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرمایەکان و بەرهەمی کار پێک دێت نەک دژایەتی چینایەتی.

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی فرەرەنگ و فرەچەشنە کە لە چین و توێژی جۆراوجۆرپێک هاتووە. لەوەها کۆمەڵگایەکدا هەلسوکەوتی جیاوازی کۆمەڵایەتی پێک دێت، کە دەبێتە هۆی سازبوونی دیاردە جۆراوجۆرەکانی چاندی و فەرهەنگی و کەرەسەی هەندێک لە لایەنەکان بۆ دژایەتی و لەنابردنی لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا. مێژووی نەچەندان دووری کوردستان نیشانی داوە کە هاوسازی و پێکەوە بوونی چینەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان دەتوانێت زۆرتر خزمەت بکات بە پێشڤەچوون و

گەشــەکردنی کــۆمەڵایەتی و ئــابووری ئەو هەرێــمە. گــرتنەبەری سیاســەت و ســتراتیژی هاوســازی چینــایەتی و بەرەپــێش چــوونی ئابووری و گەشەسەندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرپرسایەتیەکی گرینگــی رێــبەری سیاســی لە خەبــاتی نەتەوایەتیــدایە. هاوســازی چینایەتی بەواتای لەبیر کردنی ماف و بەرژەوەندیەکانی کرێکاران زەحمەتکێشان نیە، بەڵکوو وەدیهێنانی مافەکانیان لە ڕێگای نرخە نەرمەکان و گەشەسەندنی دیالۆگ و وێک گەیشتنی کۆمەڵایەتیە. تەنیــا لە چوارچێــوەی پەیمــانێکی کــۆمەڵایەتی و نەتەوەییــدایە کە کۆمەڵگا دەتوانێت بە هەموو ئەندامانیەوە بە ئاواتەکانی خۆی بگات و مافی هەموو چینەکان و چینە زەحمەتکێشەکان بەتایبەتی مسۆگەر بێت.

لبەری بەداخەوە ئەمرۆ بووتە شێوازێکی گرینگی ژیانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و دەتوانین باس لە پێکهاتنی چینی کۆڵبەر بکەین، ئەو کۆمەڵە مرۆڤانە بە فیداکاری لە رادەبەدەریان خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بەجیاتی دیاردەی جاشێتی، نان و بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەیان لە ڕێگایەکی شەرافەتمەندانەو سەربەرزانەوە بەدەست بێنن. کارکردن و پێشڤەبردنی هەندێک خزمەتگوزاری وەک خزمەتگوزاری پزیشکی، پەروەردەی منداڵان و هاکاری کردنی ئەنــدامانی دەسترۆیشــتووی کۆمەڵگــا بــۆ پەروەردەی منــاڵانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە زەحمەتکێشانە، پێویستی بە ستراتیژی و سیاسەتێکی ژیــرانە و بەرپرســانە دەکــات، تــا هەم ژیــانی ئەوان بپارێزرێــت و هەمیش مناڵەکانیان ببنە خاوەنی داهاتوویەکی گەشتر.

## خەباتی بازاری

بـازار و بازاریەکـان رۆڵێکـی گرینگیـان هەبـووە لە ئاڵوگۆڕەکـانی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی ئێرانـد. گەشـەکردنی ئـابووری بـازاری لە کوردستان، چینێکی بەهێزی بازاری لە سەرانسەری کوردستان پێک هێناوە کە دەتوانێت رۆڵی بڕبڕەی پشتی شۆرشی رزگاری خـوازانە بگێرێـت بـۆ بەرەوپـێش چـوونی خەبـاتی نەتەوایەتـی. بازاریەکان بە هـۆی پێوەنـدی تەنگاوتەنگاین لە گەل هەمـوو ئاستەکانی کۆمەلگا و رابردووی مێژوییان بەتایبەت لە پێوەندی لە گەڵ شۆرشی گەلانـی ئێراندا وەک دڵی ئابووری کوردستان دەبینـدرێن. هاوپشتی بازار و بەشەکانی دیـکەی کۆمەڵگا دەتوانێـت ببێـتە هـۆی ئـاڵوگۆری گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی، گەشەسەندنی باری ماڵی خەباتی نەتەوایەتـی و مرۆڤی. سەرەرای ئاڵوگۆرەکانی جیهانی بازاری کوردستان نەتەنیا وەک خـۆی مـاوەتەوە بەڵکـوو لە زۆرشـاری وەک سـنە، ورمـێ و شـارەگەورەکانی دیـکەی کوردسـتان پەرەشـیان سـەندووە. بە هـۆی ئەوەی کۆمەڵگـای کـوردی کۆمەڵگـایەکی ئـایینیە، بازاریەکـان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆشـیان بێـت لە گەڵ کۆمەڵگـای ئـایینی پێوەنـدی قووڵیـان هەیە، ئەمەش ئەرکـی خەبـاتی نەتەوایەتـی لە پێوەنـدی لە گەڵ رێزگـرتن لە ئایینەکان و بردنەپێشی کۆمەڵگایەکی سێکولاردا قورستر دەکات.

بازاریەکانی کوردسـتان جـگە لە ستەمی نەتەوایەتـی بەو هۆیـانەی خـوارەوە دژایەتیـان لە گەل کۆمـاری ئیسـلامی هەیە: ١. تـرس لە دیاردەکـانی سیاسـی و فەرهەنگـی سـەرکوتکەری کۆمـاری ئیسـلامی

لەپێوەنـدی لە گەڵ کـۆنترۆلی بەردەوامـی بـازار، ٢. بەربڵاوبـوونی گەنـدەڵی ئیـداری و بیانووکـانی دەزگـا سـەرکوتکەرەکانی کۆمـاری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ کاری بازاریانی کوردستان، ٣. درێژە پێـدانی سیاسـەتی کـۆنترۆلی هێنـانی کەلـوپەلی ناوبـازار و نەبـوونی ئازادی بازاریان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بازاری، ٤. هێنانی کەلوپەلی چینی هەرزان و بە کوالیتەی خراپ و لەناو بردنی هەلی بەرهەمهێنـان وفرۆشـی کەلـوپەلی دەسـتی خـۆجێی، ٤. لە پەراوێـز خسـتنی چینـی بـازاری لە بریارەکانـد و تەنـانەت راوێژکـاری لە پیوەنـدی لە گەل سیاسـەتەکانی بـاجوەرگرتن (مالیـات)، هـاوردن و لەمەترسـی خسـتنی راسـتەوخۆی بەرژەوەنـدی بازاریەکـان، ٥. بازاریەکـان هەروەک دژی سیاسـەتی ئـابووری کۆمـاری ئیسـلامین، سیاسـەتی ئەو رژێـمە دژی خەڵکـی کـوردیش پەسـەند نـاکەن، ٦. سیاسەتەکانی ئـابووری کۆمـاری ئیسـلامی لەمەر ئاوسانی ئابووری و نرخـی کەلـوپەل بەتەواوی لە دژایەتـی لە گەڵ بەرژەوەنـدی بازاریەکانە.

سـەرەرای سـەرکوتی کۆمـاری ئیسـلامی، بازاریەکـان گەر سـازمان بـدرێن خـاوەنی کـارایی و هێزێکـی زۆرن کە دەتـوانێ لە خەبـاتی نەتەوایەتیـدا شـوێندانەر بێـت. بازاریەکـان بەهـۆی سـەربەخۆیی ئابووریـان هـێچ "تعهـد" و گرێـدراوەییەکایان بە سیسـتەمی کۆمـاری ئیسلامی نیە و دەتوانن بە شێوەی سەربەخۆ کار بکەن. گرتنەبەری ستراتێژی سازماندانی بازاریان و بەرەپێش بردنی خەباتی سازماندراو دەتوانێـت ئەو چیـنەی کۆمەڵگـای کوردسـتان بکـاتە یەکێـک

لەستوونەکانی سەرەکی خەبات نەتەوایەتی و بەرەپێش بردنی ئامانجە رزگاریخوازانەکەی.

## خەبات نێونەتەوەیی

لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆ کۆنگرەی نۆهەمی ئەو حیزبەدا هاتووە: "خەبات لە دەرەوەی وڵات و لەخابت لە ناوەوەی وڵات، وەک دوو باڵی باڵیندەیەکن." ئەم دەربڕینە لە سەردەمێکدا وترا کە دوای شەهیدبوونی دکتۆر سادق شەرەفکەندی خەباتی دیپلۆماتیک و ناونەتەوەیی حیزبی دێموکرات وەک رێبەری بزووتنەوەی رزگاری خوازانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەشەی پێویستی بەخۆیەوە نەبینی و نەبوو بەبەشێک لە ستراتێژی حیزبی دێموکرات. حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی وەک کۆمەڵە و خەبات و پارتی ئازادی کوردستان لەو پێوەندیەدا دەیان ساڵ لە دوای حیزبی دێموکراتن. بەوحاڵەش پێوەندیەکانی دەرەوە و خەباتی دیپلۆماتیکی بزاڤی نەتەوایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خوارتر لە ئاستی چاوەڕوانکراوە. سەرەرای زۆر دەستکەوتی جێی بایەخی ساڵانی رابردوو پێوەندیەکانی ناونەتەوەیی لە دەست نەبوونی ستراتێژیی دیپلۆماتیک، کار و چالاکی دێپلۆماتیکی حیزبە سیاسیەکان لە دەرەوەی وڵات، زۆرتر بە مەبەستی وێنەکێشان و کەڵکی راگەیاندنە تا وەدیهێنانی پرۆژە و پلانی دێپلۆماتیک.

پێوەندی بە جیهانی دەرەوە و دیپلۆماسی بە هۆی کاریگەربوونی هۆی دەرەکی لە رووداوەکانی سیاسی ناوخۆیی و وەک بەشێک لە

ڕەوتـی گلۆبالیزاسـیۆن ئەرکێکـی قـورس و جیـددی دەخـاتە سـەر ڕێخکراوەکـانی سیاسـی چـالاک لە مەیـدانی خەبـاتی نەتەوایەتـی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. وڵاتانی یەکیەتـی ئوروپـا و ڕۆژئـاوا بە هـۆی بەهۆی سروشتی چەنـد کۆمەڵایەتی و ئەزمـوونی سـەرکەوتوانەی لە چارەسەرکردنی کێشەی کەمایەتیەکان و پرسی فرەنەتەوەیی و فـرە کولتووری دەتوانن ئەزموونی باش بـن بـۆ بەرەوپـێش بردنـی خەبـاتی نەتەوایەتی لەبـواری پێوەنـدیەکانی نـاونتەوەییەوە. لە لایەکـی دیـکەوە هەرکـــام لـــە ڕۆژئـــاوا بەشـــێوەیەک پێیـــان خۆشـــە لە ڕەوتـــی بەرەوپێشـــچوونی دێموکراســـی و ئـــاڵ و گۆڕەکـــانی پێوەندیـــدار بە سیستەمی سیاسـی و ئـارامی لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ببـنە خـاوەنی ڕۆڵ و شـوێن پەنـجەی خۆیـان. نـۆرڤێژ بە پەیمـانی ئوسـلۆ، سوید بە سیاسـەتی تۆلەرانسی کـۆمەڵایەتی و پشـتگیری لە خەبـاتی مەدەنـی و فێمینیسـم و دانمـارک بە پشـتگیری لە خەبـات لە پێنـاو ئـازادی ڕادەربـڕین خـاوەنی ڕۆڵ و جێـی دیـارن لە نـاو کۆمەڵگـای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

خەبـاتی پێوەندیـدار بە کـاری نـاونەتەوەیی بەداخەوە لە هەمـوو وڵاتاندا زۆرتر کاری تاکەکەسی و لەسەر بنەمای سـەلیقە و دوور لە بەرنامە دامەزراوە. بۆ دەرباز بوون لەو خاڵە کە بێگومـان هـۆیەکەی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـەر نەبـــوونی ســـتراتێژیەکی پێناســـەکراو لە پێوەندیەکانـدا، کـۆنگرەی سـێزدەی، چـوارده و پـانزدەهەمی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران قورسـاییەکی تایبەتیـان داوەتە کـارو چالاکی پێوەندیـدار بە کاروباری. بەوحـالەش حیزبەکانی ڕۆژهەڵات

لە خاڵی دەسپێکی بەسازی کردنی کاری پێوەندیەکانی دەرەوەی وڵاتن و هێشتاش پرسی پێوەندی و تەنگەژەی نوێنەرایەتی نەیتوانیوە لە ناو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتەواوی چارەسەر بکرین.

لەو کورتە نووسراوەیەدا کورتەباسێک لە مەڕ ئامانجەکانی دیپلۆماسی و پێوەندی دەرەوە بۆ خەباتی نەتەوایەتی، ئامانج و ئەرکەکانی پێوەندیەکان بە کورتی شی دەکاتەوە.. بێگومان مەرجی سەرکەوتن لە هەرکارێک دا، جیا لە پلانی ڕاست و دروست جێ بەجێ کردن و هاوکاری کردنی لە پلەی یەکەم ئەندامانی پێوەندیدار بە کاروباری پێوەندیەکاندایە. لە لایەکی دیکەوە کاری پێوەندیەکان وەک هەموو کاری ڕێکخراوەیی کاری فێربوونە. ڕێکخراوەکانی سیاسی بەهۆی سروشتی کاری ڕێکخراوەیی باو لە ناویاندا ڕێکخراوی خۆ فێرکار Self learning organizations ن و فێربوون هاوکات لە گەڵ کارە. بەڵام ڕێکخراوی خۆفێرکار دەتوانێ ڕێکخراوی داهێنەر و ژیریش Intelligent organization بێت. بۆیە بەڕێوەبردنی ئەرکی ڕێکخراوەیی تەنیا نابێ ئامانجی گشتی کارکردن بەڵکوو پەروەردە کردن و بەرەو پێش بردنی ڕادەی زانیاری و تێگەیشتنی سیاسی و ڕێکخراوەیی یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی بەشی پێوەندیەکانە.

ئامانجی دیپلۆماسی و پێوەندی دەرەوە

دیپلۆماسی و پێوەندی بە جیهانی دەرەوەی چەمکێکی کۆنە کە دەتوانین بڵین لەوەتی دەوڵەت بە پێناسەجۆراوجۆرەکانی خۆیەوە

پێکهاتووە ئەو ئەرکەی بە کار بردووە. بەڵام دیپلۆماسی بە پێناسەی ئەمرۆیی بەرهەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتانی میللی و دوای سەدەی ١٦ لە ئوروپای رۆژئاوە وەک ئاڵقەی پێوەندی نێوان ناوەندە رەسمیەکان واتە وڵاتانی سەربەخۆ جێی خۆی گرتووە. بەو پێیە کاری ئێمە لە چوارچێوەی دیپلۆماسی دەوڵەتی پێناسە ناکرێ و دەبێ دوای پێناسەکانی دیکە بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی وڵامی پێویستیەکانمان. ئێمە دیپلۆماسی دەتوانین بە: "پرۆسەیەکی سیاسی پێناسەبکەین کە لەودا یەکە (واحد) سیاسیەکان واتە دەوڵەت، حکوومەت یان دەسەڵاتی نەتەوەیی یان ناوچەیی، نوێنەرانی لایەنە کۆمەڵایەتیەکان (حیزب و رێکخراوەکانی نەتەوەیی) پێوەندی دوولایەنە لەگەڵ جیهانی دەرەوە (جیهانی ناونەتەوەیی هەبێ)."

دیپلۆماسیش هەروەک هەموو چەمکە سیاسیەکان ئاڵ گۆری بەسەردا هاتووە و پێناسە و فەلسەفەی ئەو گۆڕاوە. دیپلۆماسی کلاسیک کە لە سەدەی ١٧ و ١٨دا سەری هەڵداوە و زۆرتر لە ئاکامی شەڕە یەک لە دوای یەکەکانی جیهانی و ناوچەیی و کۆمەڵایەتی بوو بەرچاو گیراوە، واتە دیپلۆماسیەک کە لایەنی بەهێز شێوەی پێوەندیەکانی دیکتە دەکرد و لایەنی بێهێزیش ناچار بە ملکەچی دەبوو.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی فەلسەفەی پێوەندی بە جیهانی دەرەوە لە حاڵەتی دیکتەکردن بەرەو حاڵەتی ئایدیالیزم واتە پێکهێنانی ئاشتی و گەشەپێدان لە رێگای گفتگۆ و دیالۆگ گۆڕا. ئەوشێوازە کە بە ئیبتکاری سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتوەکانی

ئەمریکـا وینــدرۆ ویلســۆن (١٩١٨) پێکهـات ئامــانجی پێکهێنــانی یەکیەتی نەتەوەکان بوو بۆ گەشە پێدانی ئاشتی لە ڕێگای پرەنسیپە ئەخلاقیەکانەوە.

دیپلۆماسی لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بە هۆی دواکەوتویی ئابووری، کۆمەلایەتی و سیستەمی سیاسی زۆرتر حاڵەتی دیکتەکردن و کەمتر لایەنگــری فەلســەفەی پــێکەوە ژیــانی ئاشــتیانە بــوو. بــۆیە لە پێوەندیەکانی جۆلانەوەکانی کوردی لە گەل دەوڵەتانی حـاکم بەسـەر کوردسـتاندا ئـێمە شـاهیدی جۆرێـک لە نـاعەداڵەتی و بەکارهێنـانی نارەوا دژی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوون. ئەوە کە حیزبی ئێمە ئامـادە نەبـووە بچێـتە ژێـر ئەوبـارە بەرهەمـی بەمشـووری رێبەرانـی حیزبەکەمان و نرخێکی قورسە کە لەوبارەوە دراوە.

دیپلۆماسی لە رۆژهەلاتـی ناوەراسـتدا جیـا لەو ئامانجـانەی سـەرەوە ئاماژە پێکران، وەک زامنـی پێوەنـدیەکان دەژمێـردرێ. بەو واتـایە کە بــوونی نــوێنەر لە نــاودەوڵەتی هاوســێ یــان دەوڵەتــی دیــکەدا کە پێوەندیان بەو دەوڵەتەوە هەیە بە واتای گەرەنتی کردنی دۆستایەتی دێـت. بـۆ ئـێمە بـوونی نـوێنەر لە نـاو ولاتانـدا و هەلـس و کەوتـی پێوەنــدیەکانی ئــێمە لە گەڵ ناوەنــدەکانی بڕیاردانــدا لە راســتیدا قورساییەکی تایبەتی دەداتە جۆلانەوەکەمان لە دیمەنی سیاسی ئێران بە گشــتی و کوردســتان بە تــایبەتی. بــۆیە بەهێــز کردنــی بەشــی پێوەنـدیەکان و بەرزکردنـی رادەی کـارایی و کـارامەیی ئەو بەشــە دەبێــتە هــۆی پێکهــاتەیەکی پارادۆکســال لە پێوەنـدیەکانی ولاتــی خـانەخوێ ئـێمە و کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و جـۆلانەوەی میللـی

دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بە گشتی ئامانجی پێوەندی بە جیهانی دەرەوە لە چەند خاڵ دا کورت دەکرێنەوە، کە بۆ ئێمە جێگای سەرنج و وردبوونەوەن:

- دیپلۆماسی وەک گەرەنتی پێوەندی دۆستانە
- دیپلۆماسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ئاگاداری لە پلان و نەخشەکانی لایەنی بەرانبەر، کە زۆرتر دەتوانین پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان ئەو خاڵە بەرچاو بگرین.
- دیپلۆماسی بۆ بەرەسمی ناسینی یەکتر: بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە دەوڵەتی فینلاند و کۆمەڵگای فینلاندی وەک لایەنەکی ڕەسمی لە گەڵ ئێمە هەڵس و کەوت بکات. چونکە بە ڕەسمی بوونی ئێمە وەک ڕێکخراوە، حیزبەکەمان لە حاڵەتی ڕێکخراوێک کە چەند ئەندام و لایەنگری لەو وڵاتەدا دەژین بە کەسایەتیەکی حقوقی ڕەسمی بەرزدەبێتەوە و لە لێکدانەوە سیاسیەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ ئێراندا حیساب لە سەر هەڵوێستی ئێمەش دەگرن. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگایەکی دوور و درێژمان لە بەرە کە دەبێ هەوڵێکی جیددی و بەبەرنامەی بۆ بدەین. لەم بارەوە دەبێ هەوڵی ئێمە پێکهێنانی "لابیەکی" بەهێز بێ لە کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی فینلاندی و کوردەکانی دانیشتووی فینلاند بەتایبەت ئەوانەی لە ناوەندە دەوڵەتی و سەرمایەکاندا کار دەکەن.
- دیپلۆماسی بە مەبەستی ئاڵ و گۆڕی زانیاری

لە ڕۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە ئاماژە پێکراو دەتوانین بڵێین ئەرکی سەرەکی ئێمە لە پلەی یەکەمدا جێ بەجێ کردنی خاڵی ٤ و دوایە خاڵەکانی ٣ و یەکە. هەمووی ئەوانە پرۆسەی درێژخایەنن، کە هیوادارم هاوڕێیانی ئەندامی کۆمیتە بە سەرنجەوە لەبەرچاو بگرن.

ئێمە "تافتەیەکی جودابافتە" لە جیهانی دەوروبەری خۆمان نین، بۆیە سەرنجدان بە کێشە ناونەتەوەییەکان، ئاڵ و گۆڕی هێزەکان و ناوەندی دەسەڵات و کێشەکان، دەتوانێ هاوکاری ئێمەبێ لە جۆری پێوەندیەکانمان لە گەڵ لایەنەکانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی ئەو وڵاتەی تێدا دەژین. چونکە بەسەرنجدان بەو ڕووداوانەن ئێمە دەتوانین بە پێی "تمرکزی" هێزی دیپلۆماسی ئەو ولاتە لێیان نزیک بینەوە و بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆمان هەوڵ بدەین.

لە ئەنجامی قەیران و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و پەیماننامەی هێزەکانی ٥ + ١ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کە بە "بەرجام" ناوزەد کراوە، هەلومەرجێکی مەرجێکی بەتەواوی نوێ بۆ بزاڤی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خوڵقاوە. جیهان لە دیپلۆماسی دیکتەکردن و یەک ڕەهەندی بەرەو دیپلۆماسی چەندرەهەندی دەڕوا کە لەودا ئەسڵی هاوسازی و هاوکاری Partnership لە بەرژەوەندیەکاندا جێگای بەکارهێنانی زۆر دەگرێتەوە. ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی کە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین لەو ڕووداوە ناونەتەوایانەی کە لەو وڵێ‌تەدا دێنە پێش کەڵکی پێویست وەرگرین و کار بکەینە سەر هەڵوێستی وڵاتان لە پێوەندی ١. کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

راکشـانی پشـتیوانیان بـۆ چارەسـەری عـادڵانەی کێشـەکەمان و ٢. کردنەوەی دەروازەکانی ئابووری ئێران بە بێ هێمنایەتی ناوخۆیی و چارەسـەری پرسـەکانی نەتەوایەتـی ناتوانێـت سـەرکوتوو بێـت. پێوەنـدیەکان دەبێ لە روانـگەی بەرژەوەنـدی ولاتـان و بەتـایبەت ولاتانی خاوەن هێزەوە دابرێژرێت و سیاسەتی پێوەندیەکانی دەرەوە لەو روانگەیەدا بەرەوپێش بروات. جیا لەوە ئەرکی سەرەکی کاری نێونەتەوەیی رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵات بریتیە لە:

١. راکشـانی سـەرنجی راگەیەنە گشـتیەکانی جیهـان بـۆ کێشـەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

٢. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی کێشەی کورد و پرسی دێموکراسی لە ئێران لە هەموو گفتگۆکان و

٣. هەوڵدان بۆ راکشانی سەرنج و هاوکاری پەرلەمانتەر و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان بۆ پرسی کورد لە ئێران.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرەوە جێ بە جێ کردنی ئەرکەکانی خوارەوە گرنگیەکی تایبەتیان هەیە:

- بەهێزکردنی بەشی پێوەنـدیەکان لە کەسانی کارامە، پسـپۆر و شارەزای بوارەجۆراوجۆرەکان، لەو بوارەدا
- ئامـادە کردنـی دێکومێنـت، فاکـت و بـڵاو کـراوە بە زمانەکـانی ئینگلیزی و زمانی ئەو وڵاتانەی چالاکی تێدا سەکرێ
- پێکهێنانی فۆرومێکی هاوکاری بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کـورد لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە بەشـداری هێـزە سیاسـی،

کۆمەڵایەتی و کەسایەتیەکانی کوردی دانیشتووی دەرەوەی وڵات و هەروەها کەسایەتیە ئێرانی و بیانیەکانی دۆستی کورد

خەبات لە دیاسپۆرا و لە ناو کۆمەڵگای کورد لە دەرەوەی وڵات

کۆمەڵگاکانی دوور لە وڵات یان دیاسپۆرا (بە ئینگلیزی Diaspora) بە بەربلاوی پەنابەران،، کۆچبەرانی خەلکێک دەوترێت کە دوور لە زێد و نشتیمانی خۆیان دەژین و لە جیهاندا بەربڵاو بوون. دوای شۆرشی گەلانی ئێران و دوای کۆتایی شەڕی کەنداو بەشێکی زۆر لە کوردستانیانی رۆژهەڵاتیش وەک بەشێکی زۆر لە خەڵکانی ئێران و باشووری کوردستان روویان لە هەندەران بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وڵاتانی ئورووپایی، ئاوستralیا و کانادا کرد. ئەمرۆ زیاتر لە شەش ملیۆن ئێرانی لە دەرەوەی وڵات دەژین. ئەگەر بە پێی رێژەی دانیشتووانی ئێران ژمارەی کوردەکانیش پەرەوازەی دەرەوەی وڵات بووبن، دەتوانین ژمارەی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە نزیک بە ٩٠٠ هەزار مەزەندە بکەین. ئەو رادەیە لەوانەیە لە چاولێکردنێک ژمارەیەکی خەیاڵی بێتە بەرچاو بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی رەوتی کۆچبەری کوردانی رۆژهەڵات بەرەو دەرەوەی وڵات و رەوشی کاری لە کوردستان ئەو ژمارەیە دەتوانێت زۆر نزیک بە راستی بێت.

ئەو ژمارەیە لە خەڵکە سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێستا و دوارۆژی کوردستان. گەرچی مێژووی دیاسپۆرای کورد دوور و درێژ نیە و بەهۆی نەبوونی ستراتیژیەکی روون نەتوانراوە دیاسپۆرای کوردی رێکبخرێت، بەڵام

بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی دیاسپۆرای نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت ئەرمەنی و جوولەکە ئێمە دەتوانین رۆڵی دیاسپۆرا لە بەرەوپێش بردنی پرسی نەتەوایەتی پێشبینی بکەین و ستراتیژی و پلانی بۆ دابرێژین.

دیاسپۆرای ئەرمەنیەکان کە مێژینەیەکی زیاتر لە سەدساڵەیان هەیە ئێستا وەک یەکێک لە کۆنترین دیاسپۆرەکانی چالاک لە جیهان دەژمێردرێت و گەورەترین نیشانەی سیاسی ئەو دەتوانین ئاماژە بە دامەزراندنی لابیەکانی ئەرمەنی لە هەندێک لە وڵاتانی ئوروپایی، ئەمریکایی و ئاسیایی بکەین. دیاسپۆرای ئەرمەنیەکان بە لەبەرچاوگرتنی توانایی مرۆڤیەکانی جێی سەرنجی خۆی لە وڵاتانی جیهاندا هەوڵ دەدەن شوێندانەربن لە سەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی جێی ئامانجیان و تەنانەت ئەرمەنستانیش. ئەوان لەو توانایيە بۆ مەبەستە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیان کەڵک وەردەگرن. بە بڕوای شارەزایانی سیاسی یەکیەتی و هاوسازی ئەرمەنیەکانی دەرەوەی وڵات یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی سەرکەوتنی دیاسپۆرای ئەرمەنیەکان دەژمێردرێت و لەوبوارەدا دەتوانین ئاماژە بە سەرکەوتنەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ بەرەسمی ناسینی ژێنۆسایدی ئەرمەنیەکان لە چەندین وڵاتی جیهاندا بکرێت کە لەلایەن تورکیاوە لە ساڵی ٢٠١٥ دا بەرێوە چووە.

رۆڵی دیاسپۆرای ئەرمەنی لە بەرامبەر شەری ئارتساخ (قەرەباغ) و کۆکردنەوەی یارمەتی دراوی بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئارتساخ، یەکێکی دیکە لە نموونەی چالاکیەکانی دیاسپۆرای ئەرمەنی

دانیشتووی وڵاتانی ئەمریکا، فەرانسە، رووسیا، ئارژانتین، ئەڵمانیا و دەیان وڵاتی دیکە.

کەوابوو دیاسپۆرای ئەرمەنی کە خۆی بە میراتگری شەڕ و کۆمەڵکوژیەکان دەناسێت، سەرەرای پێناخۆشی دەوڵەتی تورکیا هەوڵێکی جیددی دەدات بۆ وەدەستهێنانی مافەزەوتکراوەکانی و دەوڵەتی تورکیای تووشی تەنگەژەی زۆری سیاسی کردووە. نووسینگە دادخوازیەکانی ئەرمەنیەکان لە سەرانسەری جیهان خەریکی چالاکین بۆ ئەوەی هەموو وڵاتان کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لە لایەن تورکیاوە بە ژینۆساید بناسن و تورکیا ناچار بکەن نەتەنیا لە بەرامبەر خەڵکی وڵاتەکەی وەڵام بداتەوە بەڵکوو ناچار بکرێت بە ملیۆنان دۆلار قەرەبووی جینایەتەکانی بداتەوە.

نموونەی ئەرمەنیەکان وێنایەکی چاکە بۆ ئەوەی رێبەری سیاسی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد لەدەرەوەی وڵات سەرمایەگوزاری لەسەر دیاسپۆرای کورد بکات. ژمارەی زۆری کوردستانیانی رۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات هەلێکی زێرینە بۆ بزاڤی نەتەوایەتی نەتەوەیەکی بندەست بۆ بەهرەوەرگرتن لەو هێزە مرۆڤیە. دکتۆر قاسملوو دوای کۆنگرەی هەشتەمی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ خەبات لە دەرەوەی وڵات دەڵێت: "خەباتی ئێمە لەدەرەوەی کوردستان بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسە و ئێمە کوردستانین و لە ناوخۆشدا کاری حیزبی خۆمان دەکەین". ئەم وتەیەی دکتۆر قاسملوو سی ساڵ لەمەوبەر ئامارە دەسپێکی شەپۆلی کۆچبەری کوردانی رۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات و کێشەکانی دوای کۆنگرەی

هەشتەم لە دەرەوەی وڵاتە. ئەوکات ویستی ریبەری گەلی کورد کوردستانی بوون و کوردستانی کارکردن بوو لە دەرەوەی وڵات. ئەمرۆ ٢٩ ساڵ دوای ئەو وتەیە جێی خۆیەتی لە روانگەیەکی کۆمەڵناسی – ئابووری و قووڵایی ستراتیژیکی سیاسیەوە چاو لە کوردانی دیاسپۆرا بکرێت و بازنەی کاری سیاسی لە کۆمیتەکان و کۆمەڵەکانی حیزبی و سەربەحیزبەکان بەرفراوانتر بکریت.

وتەی کۆتایی:

خەباتی نەتەوایەتی خەباتێکی هەمەلایەنە و فرەڕەهەندە و دەبێ هەموو بوارەکانی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا بگرێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەک بێتە هۆی گەشەکردن و پەرەپێدانی هۆشیاری نەتەوایەتی و لەلایەکی دیکەوە بتوانێت هەمووتواناکانی کۆمەڵگا بخاتە خزمەت بەرەوپێش چوونی یەکگرتوو و سازماندراوی خەباتی نەتەوایەتیدا. جێبەجێ کردنی ئەو باسانەی سەرەوە ئاماژە پێکراو، لە بەرپرسایەتی رێبەری سیاسیدایە و رێبەری سیاسی بزووتنەوەی نەتەوایەتیە کە بەرپرسیارە بۆ پلاندانان و بەشداری پێکردنی کارناسان و پسپۆرانی بوارەجۆراوجۆرەکان بۆ دارشتنی ستراتێژیەکی هەمەگری نەتەوایەتی.

# مافی خوێندن بە زمانی دایک
# و
# زێهنییەتی نەتەوەی فەرمانڕەوا

د. ڕەحیم سورخی

مافی خوێندن و گوتنەوەی زمانی دایک لە ئێران، لەبەر پەیوەست بـوونی بە مـافە نەتەوەیـی، سیاسـییەکان و زێهنییەتـی نەتەوەی فەرمـانڕەوا لەبـارەی سیسـتەمی فەرمـانڕەوایی و سیسـتەمی تـاک زمانییەوە وەک کێشە بۆ وڵات و بابەتێکی هەستیار سەیرکراوە. لە ئەنجامیشـدا پلانـی زمـانی و پلانـدانان بـۆ فێرکردنـی زمـان لە دەوروبەرێکـی تـاک زمـانەدا بـۆتە بـابەتێکی ئـاڵۆز کە بـێ چارەسـەرکردنی کێشـە بنەڕەتیـیە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەکان، ڕەچاوکردنی مافی زمانیش ئەستەم دێتە بەرچاو. ئەم هەستیارییە، لەدارڕشـتنی دەسـتووری ئێرانیشـدا ڕەنگـی داوەتەوە؛ بە پێـی ئەسـڵی ١٥ی یاسـای بنچینەیـی لە ئێـران، "بەکارهێنـانی زمـانە خـۆجێی و ئیتنییەکـان لە چـاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشـتییەکان و گـوتنەوەی ئەدەبیاتەکەیـان لە خوێندنگەکانـدا، لە پـاڵ زمـانی فارسـیدا ئازادە". تەنانەت، ئەگەر ئەم بەندەی یاساکە لە ئاستی سەرانسەری و بەتەواویـش بەڕێـوە بچـێ، هێشـتا کۆتـایی بە نایەکسانیی زمـانی و مسـۆگەربوونی مـافی فێرکـردن بە زمـانی دایـک نـاهێنێ. چـونکە،لە ڕووی ڕێبازناسیی فێرکردنەوە، دەکرێ کارلێککردنێکی بەرفراوان لە نێـوان سیسـتەمە پەروەردەیـی – فێرکارییەکـانی زمـان و ئەدەبیاتـدا بـدۆزرێتەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی فێرکـردن و فێربـوونی ئەدەبیـاتی نەتەوەیەک هاوتـایە لەگەڵ گەشـەکردنی توانـای بەرزتـری وەک ناسینی نەریتە کەلتوورییەکان، ئاگایی لە پێڕەوە جوانی ناسییەکان و

دەرخستنی ناسنامە تاکی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوەییەکان)[i]. کەواتە، فێرکردنی زمان و خوێندنی زمانێک لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵناسی، جوانی ناسیی و مرۆڤناسییەکانی ناو ئەدەبیاتدا بەرهەم دێت.ئەم پرۆسەیەش لە باری دەوروبەر و هەلومەرجی جیاوازدا دەتوانێ ئەنجامی جیاوازی لێبکەویتەوە، بەتایبەتی لە پێوەندیی لەگەڵ فێرکردنی زمانی دووەمدا و سەپاندنی بەسەر ئەو نەتەوانەی خۆیان خاوەن زمان و ئەدەبیاتێکی تایبەت بەخۆیانن، لە بواری فێرکاریدا لەگەڵ گرفتی جیدی بەرەو ڕووو دەبێتەوە. ئەو هۆکارانەی لە کۆسپ بوون لە سەررێی فێربوونی زمانێکدا هەن بریتین لە: هۆکاری زمانی، هۆکاری مەعریفی، هۆکاری تاکەکەسی، هۆکاری کۆمەڵایەتی.

**جوگرافیای سروشتی و سیاسیی زمانی کوردی لە ئێران**

ناوچەی زمانی کوردی لە ئێران، لە ڕووی سروشتی جوگرافییەوە نەپچڕاو و پەیوەستە و لە چوار پارێزگای ورمێ، کوردستان، کرماشان و ئیلام پێکدێت. (١٢٥٠٠٠کم) چوارگۆشەیە و دەکاتە (٨%) کۆی خاکی ئێران)[ii]. ئەمە جگە لەوەیە کە بە هۆی کۆچپێکردنی نەتەوەی کورد بەشێکی بەرچاوی کوردیش لەم جوگرافیایە دابڕاوە و لە پارێزگای خۆراسان نیشتە جێیە و بەزمانی کوردی و شێوەزاری کورمانجیی خۆراسانی قسەدەکەن.

## یەکپارچەیی خاک و هۆکارەکانی هاوپێوەندیی نیشتیمانی لە ئێران

دەستەبەر بوونی مافی ئازادیی کەلتووری، زمانی و مافی ژیانی ئازادانەی نەتەوەکان و پشکدارییان لە چالاکیی هاوشانیان لەگەڵ نەتەوەی فەرمانڕەوا لە بەشە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، دەکرێ بەو پێوەرانە دابنرێت کە هاوپێوەندیی نیشتیمانی ناو وڵاتێک و لە ئەنجادا یەکپارچەیی وڵاتەکە بپارێزێت. لە هۆکارەکانی هاوپێوەندیی نیشتیمانی لە ئێران، سەرەڕای جیاوازی و فرەیی ئایینی لەو وڵاتە، وەفاداریی بە باوەڕمەندیی ئایینی شیعەی ئەسنا عەشەری، لە بەرایی دەستنیشانکردنی هاوپێوەندی دانراوە. واتە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە جیاتی ڕەوایەتی سیاسی و یاسایی کە پشکی نەتەوە و کەمینە ئایینییە پێکهێنەکانی وڵاتەکەی تێدابێت، ئایینی بە بناغەی ناسنامەی وڵاتەکە داناوە کە ئەویش ئایینی کۆی پێکهاتەی خەڵکی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکوو بنەمای نرخاندنی ئایینی گروپێکی ئایینی وڵاتەکەیە و هەر لەسەر ئەم بنەمایە ململانێی نێوان پێکهاتەکان، پەراوێز خستن، جیاوازیدانان و بێبەشکردن بەرهەمهاتووە. سەپاندنی یەک زمان وەک زمانی فەرمی و هاوبەشی وڵاتێکی فرەزمان و کەلتوور بە بێ لەبەرچاوگرتنی گروپە زمانییەکانی دیکە(٥٣/٨%) لایەنێکی دیکەی نەگونجان و نەسازانی نیشتیمانی لە جیاتی هاوپێوەندیی لە ئێراندایە. هەرکام لەم زمانانە خاوەن ئەدەبیاتێکی مێژوویی خۆیانن و لە هاوپێوەندیی و پەیوەستەییەکی جوگرافی لەگەڵ دەرەوەی جوگرافیای سیاسی دەوڵەتی ئێراندان.

بۆنە و ڕەسمە نیشتیمانی و ئایینییەکان، باری ئابووری، خاکی هاوبەش، مۆسیقا و دوژمنی هاوبەش هۆکارگەلێکی دیکەن کە نەک هەر ناکرێ بە هۆکاری هاوپێوەندی دابنرێن، بەڵکوو بەجۆرێکی لێهاتووە کە لەڕاستیدا هۆکاری نەگونجان و ناتەبایی بێنە بەرچاو، چونکە لەسروشتی خۆیاندا لەگەڵ زێهنیەتی سەپاندن و سەرەڕۆیی نەگونجاون. لە مادەی پێنجی سیاسەتی کەلتووریی کۆماری ئیسلامیدا ئاماژە بە "تۆکمەکردنی یەکێتیی نیشتیمانی و ئایینی بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییە ئیتنی، ئایینیەکان و هەوڵدان بۆ لابردنی کۆسپەکان"کراوە. کەچی، لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا تا ئێستا ئەوەمان بینیوە کە کار بۆ پەراوێز خستن، سڕینەوە و گوشار خستنەسەر پێڕەوانی ئایینەکان و گرتن و ڕاوەدوونانیان کراوە. کەواتە، سیستەمی سیاسیی لە ئێراندا بۆ دروستکردنی هاوپێوەندییەکە پشتی بە هێزی زۆر و سەپاندن بردووە لەجیاتی پێوەندیی بەرانبەری نێوان پێکهاتەکان و بنەما ئەخلاقییەکان.

هەربۆیە، ناسینی ئەم کێشانە، بنەماکانی بڕیاردان لە بارەی پرۆسەکانی پەروەردەو فێرکردنی زمان، لێکۆڵینەوە لە بوار بەرفراوانە پێوەندییە نێوان کەلتووریی و نیشتمانییەکان، وەک ئەدەبیات، فێرکردنی زمان، پەروەردەکردنی مامۆستا و ڕاهێنانی وەرگێڕ بۆ زمانەکان و ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییانە لە بوارە ئەدەبییەکان، زانستە مرۆییەکان و بیرکردنەوەی لۆژیکی بە زمانی دایک دەخاتە بەر کارتێکەریی و بەبێ ناسینی ئەم کێشانە و چارەسەرکردنی بنەڕەتییان بڕیاری بەرپرسانی فێرکاری لەمەڕ

فێرکردن و توێژینەوەی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکان کارایيەکەی ئەوتـۆی نابێـت. چـونکە زمـان خـۆی وەک پێڕەوێکـی نیشـانەیی ڕێکخراو، دیاردەیەکی مرۆیی، کەلتووریی و کۆمەلایەتییە. هەر لەبەر ئەمەش وەک پرۆسـەیەکی مرۆیـی و کەلتـووری پێویسـتیی بە تـاوتوێکردنێکی نێـوان زانسـتی(زمان ناسـیی و زانسـتە مرۆییەکـانی دیکە)لە بوارە پێوەندیدارەکان بە مرۆڤو کۆمەڵەوە هەیە و تێڕوانینی تاکلایەنە ناتوانێت کێشە چەند ڕەهەندییەکان چارەسەر بکات.

زمـانی فارسـی لە ئێرانـدا هەم وەک زمـانی سـتاندارد و هەم وەک زمانی فەرمی لەسەرانسـەری وڵاتـدا بە بێ پرس و ڕای نەتەوەکانی دیکە بە تاکە زمانی پێوەر دانـراوە. هانـدانی تاکـە زمـانێکی نەتـەوەیی زۆرجار دەرکەوتنێکی ئایدۆلۆژیی زمـانی سـتانداردە، لـە شـوێنێک کـە زمانە کەمینەکان سەرکوت دەکرێن، پشتگوێ دەخـرێن یـان بـە نـزم سـەیر دەکـرێن(Trask, 2007: 182)[iii]. لـە وڵاتێکـی وەک ئێـرانیش کاتێ باس لە زمانی نەتەوایەتی دەکرێ، مەبەستیان ئەو زمانەیە کە بنیـاتی دەوڵـەت- نەتـەوەی(فارس)ی لەسـەر دامـەزراوە. پاڵنـەری ڕاستەقینەی بڕیاردانی پلانی زمانی ئـەو وڵاتـە پاڵنـەری ئایـدۆلۆژیکی تواندنەوەی زمانی بووە؛ واتە " ئەو بـاوەڕەی کـە هەرکەسـێک، بـەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەچەکی، دەبێ زمـانی زاڵـی نەتـەوەی فـەرمانڕەوا لـە کۆمەڵەکەدا فێربێ(Wardhugh, 1986, 337)[iv]. بـەبێ ئـەوەی مافـە زمانییەکانی خۆی پارێزراو بێت؛ بەتایبەتی لەرووی خوێندنی بنەڕەتی و ڕاپەڕاندنی کاروباری حکومی و رەسمییەوە.

**هۆکارە کارتێکەرەکان لە فێربوون و فێرکردنی زماندا**

منداڵ لە قۆناغەکانی بەر لە چوونی بۆ خوێندنگە، شارەزاییەکانی گوتن و بیستنی وەک یەکێتیی بابەتی گفتوگۆیەکە، ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی وەرگر و پۆلینکردنی ویستەکان بەشێوەیەکی گونجاوی کۆمەڵایەتییانە و نۆبەکردن لە ئاخاوتندا فێردەبێت. لە تەمەنی دوو ساڵاندا ڕادەیەکی کەمی ئاگایی ڕێزمانی و واتایی هەیە، بەڵام لە گفتوگۆدا بەکاریان ناهێنێت.لە تەمەنی سێ ساڵاندا دەتوانێ هاوئاهەنگی بکاتلە نێوان زانستی زمانیی و بەکارهێنانی بە پێی دەوروبەر و نۆبەکانی ئاخاوتن بە شێوەیەکی واتادار و گونجاو بەکاری بێنێت. هاوتەریب لەگەڵ شارەزایی لە گوتن وبیستن، گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکان لە منداڵدا گەشە دەکات[٧].

لە کاتی چوونە بەر خوێندن لە خوێندنگاکانی کوردستان و ناوچە غەیری فارسەکانی ئێران، زمان ئامرازی سەرەکیی وانەگوتنەوەیە لە زۆربەی بابەتە وانەییەکان، بەڵام زمانی خوێندنگە لەگەڵ زمانی ماڵەوە جیاوازە و ئەوان دەبێ خۆیان لەگەڵ ئەو جیاوازییانە بگونجێنن. جیاوازییەکەی سەرەکی ئەوەیە کە زمانی خوێندنگە زمانی نووسراوە کە خۆی گرفتێکی بەرچاوی سەر ڕێی منداڵە لە دەوروبەری پەروەردەی فەرمی لە خوێندنگەدا بۆ ئەو قوتابییانەی بە زمانی خۆشیان دەخوێنن، جا چ بگات بە ئەوانەی ناچاران بە زمانی دووەم دەست بەخوێندن بکەن.

ئەو خوێندکارەی لە خوێندنگەیەکی شار یان گوندێکی کوردستان دەست بە خوێندن دەکات، پێشتر زمانی دایکی بە پاراوی بەکار

هێناوە.کەچی، وەک خوێنەرێکی تازەکار و سەرەتایی کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ناسینی وشەی نوێ و نامۆی زمانی فارسی وەک زمانی دووەم. کەمتر دەتوانێت سەرنجی بخاتە سەر واتای گشتی دەقە فارسییەکە و ناتوانێت ئەو ستراتیژییانەی لە تێگەیشتنی دەقی زارەکیدا لە زمانەکەی خۆی فێریان بووە بەکاریان بێنێت. بە گشتی زمانی یەکەمی هەر تاکێک دەوروبەری زمانی دووەمی دیاری دەکات و فێربوونی زمان لە ژێر کاریگەریی هۆکارە زمانی، ژینگەیی، هۆشەکی و کۆمەڵایەتییەکاندایە.

### هۆکاری زمانی

ڕێزمان و کۆمەڵەی وشەکانی هەرزمانێک توانستی زمانیی تاکێکی ئاسایی قسەکەر بەو زمانە پێکدێنن. توانستی زمانی بەواتای زانستی تاکە لە زمانەکە خۆی، زانستی وشەکانی، زانستی وشەسازییەکەی، ڕستەسازی و پێڕەوی دەنگەکانی(وردەکارییەکانی بەکارهێنانی زمان)، هەروەها، زانستی ڕیزکردنی ئەمانە لەپاڵ یەک و چۆنێتیی دانانی بەشەکانی دەقێک و ڕێکخستنی تەواوی دەقەکەیە. لە ڕووی خوێندەواری و بە شێوەیەکی نەریتی، سیماکانی پۆلککردنی زمان لەسەر زمانی نووسین چڕبووەتەوە، بەڵام دەستڕاگەیشتن بە پەیکەرەی ئاخاوتنی زمانەکە(لە دەنگ، وشە، گوتە و دەربڕین) ئەو نموونە و مۆدێلانەی ئاشکرا کرد کە دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر بە فێرخواز بگوترێنەوە.لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەریانخستووە کە زمانی ئاخاوتن ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە؛ ڕێزمانێک کە هەندێک جار

لەگەڵ ڕێزمانی نووسین جیاوازە[vi]. بەم پێیە،گرینگیی ئاخاوتن لە خوێندن بەزمانی دایک و ئەو دەوروبەرەی خوێندنی بەو زمانە لە ژینگەکەی خۆیدا بەڕێوەدەچێ زیاتر دەردەکەوێ.چونکە، لێرەدا بە پێچەوانەی دەوروبەری زمانە داسەپاوەکە(فارسی) زیاتر لەسەر پێوەندیی و واتا چڕ دەبێتەوە، مەبەست لە چالاکییەکانی ناو پۆل پێوەندییەکی ڕەسەن و وتادارە؛ دەربڕینەکان پاراون و شارەزاییەکانی دەربڕین، بیستن، خوێندنەوە و نووسین و توانستی مەبەستناسی، لێکتێگەیشتنەکان ئاسان دەکەن.

جیاوازیی زۆری زمانەکان لەگەڵ زمانی فارسی، وای کردووە لە زۆربەی ناوچە نەتەوەیی_ جوگرافییەکانی ئیتنیکیی غەیری فارسدا، مامۆستاکان بابەتەکانی بیرکاری و زانست و زۆر بابەتی دیکە بە زمانی ناوچەیی و نەتەوەی غەیری فارسی ئەو ناوچەیە شرۆڤە بکەن. ئەمەیش یەک لەو هۆکارانەیە کە وای کردوە قەت زمانی فارسی ئەو پێگەیەی نەبێت کە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران پێی وایە دەبێ ببێ. سەرەڕای بەهێزکردنی فاکتەری ئایین و، تەرخانکردنی هەموو تواناکان لە ناوچە شیعەکانی تورکزمان و کوردزمان، بۆ زمانی فارسی، هێشتا دەرفەتی بەشداریی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوانە بە زمانی فارسی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک ئاستی پێویست نییە و مەیلی بەرگری لە زمانی خۆجێیی و نەتەوەییی ئەو نەتەوانە، بەهێزە[vii].

## هۆکاری تاکەکەسی و خودی زمانی

زمـانی دایکـی منـداڵێک بەشـێکە لــە ناسـنامەی تاکەکەسـی، کۆمەڵایـەتی و کەلتـوری ئـەو. هەرتاکێـک لەبەر پەروەدە بـوونی لە ژینگەیەکـی خێزانـی و کـۆمەڵایەتیی تایبەتـدا و بەپێـی توانـاییە تاکەکەسییەکانی تـایبەت بە خـۆی خـاوەن کەسایەتییەکی تاقانـایە. دڵگەرمـی، هەسـتی ڕێـزداری، دڵەڕاوکـێ و هـاودڵی لەو هۆکـارە سۆزداری- تاکییانەن کە لە تاکی جۆراوجۆردا جیاوازە. بۆ نموونە ئەو تاکـانەی دڵگەرمیـیەکەی زۆریـان بـۆ فێربـوونی زمانێـک هەیە، دڵەڕاوکێیان نابێتە کۆسپی سەرڕێگای فێربوونیان، دەکەونە بارێکی لەبارتری فێربوونی زمانەوە. ئەمەش دەرفەتی پێوەندیی ئاسانتریان بۆ دەڕەخسێنێ(viii). ئەمانە دیارە لە پێوەندیی لەگەڵ زمانی دووەم دایە. لە ئێراندا منداڵانی هەموو نەتەوە غەیری فارسەکان لە دەوروبەرێکی نالەباردا زمانی دووەم فێردەبن. بەتایبەتی، لەدەوروبەرێکدا کە زمانی دایکیان بە تەواوی ناپێویست و پەراوێزخراو دێتە بەرچاو.

"منداڵان لە قۆناغی خۆناسین یاندا دەگەنە خۆئاگاییـەکی هەستیار و خۆیـان وەک بـوونێکی خـاوەن ناسـنامەی تـاکی وتایبـەتی دەناسن. بـەڵام ئـەم بوونانـە کـە هێشـتا دەڵەمـە و لـەقن، پێویسـتییان بـە ئاگـالێبوون و پشـتیوانی هەیـە... "خود"(ئیگۆ)یـان نـەک هـەر لـە بـەر کارتێکردنی تێگەیشتنی ئەوان بەرانبەر خۆیاندایە، بەڵکوو بە چۆنێتی دەستڕاگەیشـتنیان بــەدەرەوەی خۆیــان و چــۆنێتیی پێوەنــدیکردنی کۆمەڵایـەتییان لەگەڵ ئـەوانی دیکـە و شـێوەی سـودمەندبوونیان لـە ئاخـاوتنی بەرانبــەر بــۆ دامــەزرانی هاوسـانگیی سـۆزداریش(عاتفی)

دەستەبەر دەبێ... "خودی زمانی" دەکرێ بەهۆی ناسنامەیێکەوە بێت کە تاک لەپێوەندیی لەگەڵ زمانێکدا قسەی پێدەکات. بۆ زۆربەی ئەو تاکانەی تەنیا بەیەک زمان دەدوێن "خودی زمانی"بریتییە لە کارلێککردنی کرداریی نێوان زمانی دایک و گەورەبوون و پێگەیشتنی "خود". ناسنامەی هەرکەسێک بێ گومان بەستراوە بە زمانێکەوە کە قسەی پێدەکات، چونکە لە ڕێگای پرۆسەی پێوەندییەوە (کردەی ناردنی پەیام و وەرگرتنەوەی وەڵام)یە کە ناسنامەکان دەچەسپێن، پێکدێن و دەگۆڕێن...[و ئەم]ودی زمانییە کە لە پێوەندیی لەگەڵ ئاسایش و سەقامگیریی زمانی خۆجێیی و دایکەوە لە "خود"ی ناسکی مێرمندالان بەرگری دەکات." ( داگلاس براون، ١٣٨١: ٦٦)(ix). مندال بە زانستی زمانیی تایبەت بەخۆیەوە لە هەر کۆمەڵێکدا بێتە دنیاوە و تێیدا گەورە بێ، زمانی هەمان کۆمەڵ فێر دەبێ و بەکاری دەێنێ.

پاراوی دەربڕین تەنیا ئەوکاتە دەشێ کە کەسەکە بەسەر زمانی دایکدا دەسەڵاتێکی تەواوی هەبێ. لاوازی لە هەرشتێکی تردا بەواتای تەنیا لاوازییە لەوشتەدا، بەڵام لاوازیی لە زمانی دایک واتای هاوشانی ئیفلیجی هەموو بیر و دەسەڵاتی دەربڕین دەگەیەنێ. بینینی قووڵ، داهێنانە نوێیەکان، ڕیزدانان و پەرەپێدانی بیرۆکەکان تەنیا ئەوکاتە دەشێ کە کەسەێک بتوانێ بیرۆکەکانی لە ڕێی زمانەوە لەگەڵ دەوروبەری بگونجێنێ. مرۆڤەکان بوونەوەری سۆزدارن. هەست و سۆز چەقی گشت بیر و واتا و ڕەفتارەکانە(داگلاس براون، ١٣٨١: ٦٥). وادیارە هۆکارەکانی دیکەی سۆزداری بە پێی تەوەرێتی

بیرۆکەی سەرەکی"ناسنامەی خۆ" ئیش دەکەن. وەک هەڵوێست و تێڕوانینەکان بەرانبەر بە فێربوونی زمان؛ چونکە هەڵوێست و تێڕوانینی نەرێنی دەتوانێ کاربکاتە سەر رادەی فێربوونی سەرکەوتووانەی زمان. دیارە ئەمە پێوەندیی بە هەڵسەنگاندن و بەهادان یان تێڕوانینی سوکەوە هەیە بەرانبەر بەزمانێک لەلایەن دایک و باوک، خێزان، هاوتمەن، هاورێ و ئەو کۆمەڵ و دەسەڵاتەی، تاکی فێرخواز پێوەندیی پێیانەوە هەیە.

## هۆکارە هۆشەکی و مەعریفییەکان

لە شازدەساڵی یەکەمی ژیاندا توانایی مەعریفی مرۆڤ بە خێرایی گەشە دەکات و پێدەگات و ڕەوتەکەی لە پاش گەورەبوون خاودەبێتەوە. وەرگرتنی سەرەتایی زمان کاتێک ڕوودەدات کە منداڵ بە چڕی لە "چەق"ی سەرنجدایە و مەعریفە و ناسین وەک پرۆسەیەکی جوڵان لە بارودۆخی گومانەوە(ناهاوسەنگ) بۆ متمانە و یەقین(هاوسەنگی) و پاشان گەڕانەوە بۆ گومانی زیاتری دووبارەیەکە ئەویش بەرەبەرە دەڕەوێتەوە و ئەم خولە بەردەوام دەبێت. پیاژە(١٩٧٠) پێیوابوو کە گەشەکردن و فراوان بوونی تێگەیشتن وچەمکییانە پرۆسەیەکی بەرەوپێش چوونە لە ڕەوتێکی ناهاوسەنگەوە بۆ هاوسەنگ و ئەو دەورە نایەکسانانە لەڕاستیدا دیاریکەرن و گەشەکردنی گشتیی و پێگەیینی مەعریفی تا تەمەنی چاردە تا پازدەساڵییە و ئەمە ئەو کاتەیە کە کرداری ڕەسمیی ڕێکخستن بەشێوەیکی بەهێز دەست پێدەکات و هاوشانیی پێک دێت[x]. هەر

بۆیە هۆکارە هۆشەکییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا گرینگن. مێشک ڕۆڵی دارشتنی زانیارییە زمانی و نازمانییەکان دەگێڕێ کە پرۆسەیەکی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانە. گوێزانەوەی زمانی پرۆسەیەکە کە تێیدا زانیارییە زمانییەکانی ناو مێشک کاردەکاتە سەر ئەو زانیارییە نوێیانەی بڕیارە وەرگیرێن. ئەم گوێزانەوەیەش ئەوکاتە پێکدێت کە ئەم کاریگەرییە ئەرێنی بێت؛ واتە زانیارییەکانی ناو مێشک کۆمەک بکەن بە وەرگرتنی زانیارییە نوێیەکان و فێربوونیان ئاسان بکەن[xi]. ئەم دیاردەیە ئەو کاتەی پێوەندیی بەزمانی دووەمەوە دەبێت گرینگە. بەتایبەتی، لەو کاتانەدا کە ڕێزمانی زمانی یەکەم و دووەم لێک دوورن و چۆنێتی ڕیزکردنی کەرەستەکانی زمانی یەکەم کار دەکاتە سەر شێوەی وەرگرتنی زمانی دووەم.

## هۆکارە کەلتوری - کۆمەڵایەتییەکان

هەبوونی توانستی زمانی بە واتای مەرجی پێویستە لە پێوەندیکردندا، بەڵام مەرجی تەواو نییە، چونکە پێوەندیکردنی زمانی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و لە بارە جۆراوجۆرە زمانییەکاندا و لەپێوەندی لەگەڵ ئاخێوەرانی دیکەی زمانەکەدا واتای هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کەلتور، زمان و کەسایەتییەکەی لە لە کارلێککردنی لەگەڵ کۆمەڵ و ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵە زمانییەکەی خۆیدا واتادار دەبێت. یاسا و ڕێسای

کــۆمەڵایەتی و کەلتــوریی تــایبەت بە ســەر کــۆمەڵە زمــانییە جۆراوجۆرەکاندا زاڵە.

ئاگاداریی لە بنەما، یاسا و عورفی کۆمەڵایەتی و ناسینی سروشتی پێوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان مەرجـی سـەرەکییە بـۆ پێوەنـدیکردن لەگەڵ هاوزمان و هاوچەشنەکاندا. هەرمرۆڤێکی ئاسایی بە شێوەی خۆرسـک تـا تەمەنـی نزیـک ١١ساڵ و نیـو بـۆ ١٣ سـاڵ توانسـتی فێربــوونی زمــانی هەیە. بە دابڕانــی لە پێوەنــدیی کــۆمەڵایەتی لەسەرەتای منداڵییەوە تا ئەو تەمەنە هەستیارە، ناتوانێ هیچ زمانێک فێر بێت[xii]. واتە، تا نەکەوێتە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتییەوە، ناتوانێ ئەم توانستە بەتەواوی بەکاربێنێ.

گریمانەکە ئەوەیە کە زمانی یەکـەم تـەنیا لەچەنـد ساڵی یەکـەمی ژیاندا دەکرێ بەدەست بێت. منداڵان بە تـەواوی هـەر زمانێـک فێـر دەبـن کـە بـەڕادەی پێویسـت دەسـتیان پێـی ڕابگـات و ئـەم کـارەش بەبێ فێرکردن دەکەن. ژمارەیەکی کەمی گەورەکان دەتوانن کارێکی وا مـەزن بکـەن. لەدەیـەی ١٩٦٠دا دەمارناسـێکی ئـەمریکی ئێریـک لێنبێـرگ ڕوونکردنەوەیـەکی پێشـکەش کـرد: ئێمـە بـە توانایـایی لەرادەبەدەرەوە بۆ فێربوونی زمان لەدایک دەبین، بـەڵام ئـەم توانایـە لەوانەیـە بـەهۆی بەرنامەیـەکی ژێنێتیکییـەوە بێـت، لـە دەوروبـەری تەمەنی سێزدە ساڵان دەوەستێ، واتە "بڕگەیەکی تەمەن"ی دیاریکراو بـۆ فێـر بـوونی زمـانی یەکـەم هەیـە. هەروەهـا، "تەمەن هۆکـارێکی گـرینگە لە کـاتی فێربـوونی زمـانی دووەمـدا. هەرچـی کەسـەکە لە تەمەنــی کەمتــردا بخــرێتە بەر فێربــوونی زمــانی دووەم، ئەگەری

زۆرتری هەیە کە توانستێکی زمانیی وەک قسەپێکەری ڕەسەنی ئەو زمانە بەدەست بێنێت"[xiii]. ئەمەش بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێ لە کۆسپ خستنە سەر ڕێی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک لە قۆناغە هەستیارەکەدا، چونکە بە ناوی یەکپارچەیی دەوڵەت-نەتەووە، کار بۆ یەکسانکردن و تواندنەوەی زمانەکان و لە ئەنجامدا نەتەوەکان لە ئێران دەکرێت.

پاڵپشتی بەهێزی گریمانەکەی لێنبێرگ لە پشکنینی منداڵە کێوییەکانەوە هاتووە: ئەو منداڵانەی کە لەبەر هەندێ هۆ، لە دەست ڕاگەیشتنێکی ئاسایی بە زمان لە ژیانی سەرەتاییاندا بێ بەری بوون... لەم دواییانەدا کچێکی فەرانسی کە دواتر بە ناوی ئیزابێل و کچێکی ئەمریکی کە بە جینی ناسران و لەلایەن دایک وباوکیان کە نەخۆشیی عەقڵی یان هەبوو لە بیستنی هەرجۆرە زمانێک مەنع کرابوون. لەپاش دۆزرانەوە و ڕزگارکردنیان، ئیزابێل، کە شەش ساڵان بوو، فەرانسی بە خێرایی فێر بوو و خێرا گەیشتەوە بە منداڵە هاوتەمەنەکانی خۆی. بەڵام جینی کە نزیکەی چواردە ساڵان بوو دۆزرابووەوە، سەرەڕای چاوەدێرییەکی چڕوپڕی پزیشکی و پەروەردەیی، لە ڕادەیەکی زۆر کەمی ئینگلیزی زیاتر هیچ فێر نەبوو. ژنێکی ئەمریکی بە ناوی چێلسی تقریبەن بە کەڕی لەدایک ببوو، بەڵام وەک دواکەوتووی زەینی بەخراپ تەشخیس درابوو. تەنیا لەپاش ئەوەی لە تەمەن ٣١ ساڵان بە دروستی تەشخیسدرا و بیسۆکی پێدرا، دەستی کرد بە فێر بوونی زمانی ئینگلیزی، بەڵام

ئـەویش هـەرگیز لـە پێشـکەوتنێکی زۆر کـەم نـەبێ هیچـی تـری پێنەکرا."[xiv].

بـــابەتێکی گرنـــگ و پێوەندیـــدار بە هۆکـــارە –کەلتـــوری کۆمەڵایەتییەکانەوە، "تێـڕوانین"ی فێرخـوازە بەرانـبەر بە زمـانەکەی خۆی یان ئەو زمانەی وەک زمـانی دووەم فێـری دەبێت. تێـڕوانین، بەو دونیا بینییەی تاک دەگوترێت کە لە کارلێکی کۆمەڵایەتیی ئەو لەگەڵ هۆکـاری مەعریفـی و تاکەکەسـییەکەوە هـاتووە. خێـزان، هاوڕێیـان، سیسـتەمی فەرمـانڕەوایی پەروەردەیـی و فێرکـاری ئەو هۆکارانەن کە لە پێکهاتنی تێڕوانینی کۆمەڵییەتیدا گرینگن. شـێوەی تێڕوانینـی تـاکەکەس، بەرەو هەڵوێسـت وەرگـرتن بەرانـبەر بە دیاردەکانی وەک فێربوونی زمانی دووەم و فەرهەنگی زاڵ بەسەریدا دەبات. ئەم هەڵوێستە دەتوانێ ئەرێنی یان نەرێنی بێت. کاتێک کە تێڕوانینی فێرخواز بەرانبەر بە زمانی دووەم و خەڵکانی قسەپێکەری زمـانی دووەمـی ئەو کـۆمەڵە زمـانییە ئەرێنـی بێـت، پێوەنـدییەکانی لەگەڵ ئەو خەڵکە و زمانەکایان ئاسانتر بەڕێوە دەچێت.بەڵام ئەگەر تێـڕوانینەکەی نەرێنـی بێـت، پاڵنەرەکـانی فێربـوون لەتـاکەکەدا کـاڵ دەبێـتەوە و جۆرێـک لەمـپەر و کۆسـپ دروسـت دەبێـت و بەمەش هستی هاوپێوەنـدیی و هـاودڵی فێرخـوازەکە لەگەڵ ئاخێوەرانی زمـانی دووەمدا لەناو دەچێت[xv].

ئەوەی لە ئێراندا دەبینرێ و پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، ئەزموونی مێژوویـی دەریخسـتووە کە تێڕوانینـی نەتەوەی کـورد بەرانـبەر هەڵسـوکەوتی نەتەوەی فەرمـانڕەوا بە ئەرێنـی نـایەتە بەرچـاو. ئەم

نەتەوەیە بەدرێژایی مێژوو و لانیکەم لە سەت ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ سەرەڕۆیی و سیاسەتی خۆسەپەندنی سیستەمی ناوەندیی و تاک زمانی لە پێکدادان و ململانێ دابووە. ئێستاش ئەم بارە ودۆخە بەردەوامە. بۆیە نەک هەر کورد بەڵکوو لە ناوچە تورکنیشینەکانیش بەرگریی لە زمانی دایک بەردەوامە. لە وڵاتی ئێران، سەرەڕای سەپاندنی زمانی فارسی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا وەک زمانی فەرمی و پێوەر، بەپێی تویژینەوە ئەکادیمییەکان، لە هەندێک ناوچەی ئێران و یەک لەوانە لە ئەردەبیل، زمانی فارسی لە نێوان پێکهێنەکانی ناسنامەی نیشتیمانی، لە نێو مامۆستایان و قوتابیانی "ئەردەبیل"دا پێگەیەکی ئەوتۆی نییە. بە پێچەوانەوە، مەیلیان بۆ زمانی دایک، کە تورکیی ئازەرییە زۆر زیاترە. بە جۆرێک کە تەنیا ١١%ی کۆی مامۆستایانی ئەو پارێزگایە، تەنیا زمانی فارسی بەکار دێنن، ٢٦% بە هەردوو زمانەکە و ٦٢/٥%یان تەنیا بە زمانی تورکی لەناو پۆلەکانیان دەدوێن (بهلول علایی، پایان نامە کارشناسی ارشد ١٣٨٣)(xvi).

### زمان و ناسانامە

هەستکردن بە خاوەن ناسنامەبوون، گرنگە و مەیلی سەرەکی بۆ دۆزینەوەی ناسنامە لە قۆناغی مێرمنداڵیدا پێکدێت. ئەگەر ئەم هەستە بەهێزە مسۆگەر نەبێت، ڕۆڵی تاک خەوشدار دەبێ و ڕەوشتی دژی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی دێت. بە هۆی هەستی بە هێزی گەڕان بە دوای ناسنامە لە مرۆڤدا، ناسینی پێکهێنەکانی

ناسنامه، یەک لەوانە زمان زۆر پێویستە. بە بڕوای پیتێر ترادگیل، زمانەوانی کۆمەڵایەتی، "لەو جێیانەی زمان سیمایەکی ناسێنەری کەمینەیەک بێت، بەتایبەتی لەو بارانەدا کە سیماکانی دیکە(وەک لایەنی جەستەیی) گرنگ نین(وەک خەڵکی ویلز)، هۆکارە زمانییەکان دەورێکی گرینگ دەگێڕن لە بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا. ئەمە تاراددەیەک کارادانەوەیە بەرانبەر بەو کێشە کردارییانەی هەن، بەڵام بەگشتی لەم راستییەوە هاتوون کە زمان وەک سیمبۆلێکی گرنگ لە ئاگایی و هاوپێوەندیی گروپی، دەور دەگێڕێ." (xvii) راستیی ئەم بۆچوونە لەبارەی رۆڵی گروپبەندییە زمانییەکان لە سەرهەڵدانی وڵاتانی سەربەخۆی نوێدا بە تەریب لەگەڵ گەشەکردنی ئاگایی نەتەوەیی لە ئەوروپا لەپاش هەڵوەشانەوەی ئیمپەراتۆرییە چەند زمانییەکانی پێشوودا بەدیار دەکەوێ.

هەرچەند دەکرێ ئەرکی یەکەمی زمان پەیام گەیاندن بێت، بەڵام بێ شک زمان ئەرکی دیکەشی وەک، ئافراندنی جوانی و ناساندنیشی هەیە. کەواتە، لە دەوروبەرێکی دیاردا، بەشێوەی هاوکات لە ئاستی جۆراوجۆردا، پەیامی جیاواز بگەیەنێ. لە یەکەم ئاستدا، دەکرێ لە رێگای زمانەوە پەیامێکی دیاریکراو وەک هەواڵ، داوا، پرسیار و هیتد لە بارێک و دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بگەیەنرێ. هەر لەم دەوروبەرەدا، لە ئاستێکی دیکەدا، لە پاڵ ئەم پەیامە دیاریکراوەدا، قسەکەر پێوەندییەکان، مەودا و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لەگەڵ وەرگردا لەرێگای شێوەی گەیاندنی پەیامە سەرەتاییەکەیەوە دیاری دەکات و دەیگەیەنێتە وەرگرەکەی. لێرەدایە

کە پێکهاتەی دەسەڵات(پێوەندیی نایەکسان وپلەدار یان پێوەندیی یەکسانی کۆمەڵایەتی)یش لە پێکهاتەی زمانیدا یان لە فۆرمی پەیامەکەدا دەنوێندرێ و دەگات. لە ئاستی سێیەمدا، هەڵبژاردن و بەکارهێنانی زمانێک لەبەرانبەر زمانەکانی دیکەدا(وەک سیستەمی پێوەندیی گونجاو و جێگرەوە) لە بارێک و دەوروبەرێکی دیاریکراودا، لە ڕووی ئیتنی، کەلتوری، نەتەوەیی، دەروونی و هیتد، واتادارە و پەیامێکی تایبەت لە هاوپێوەندی و یەکێتی یان جودایی و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوە دەگەیەنێت. بە واتایەکی دیکە، بە دەربڕینی ڕستەیەکی سادە هەم پەیامە سەرەتاییەکە دەگات، هەم پێوەندیی و پێگەی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکان بەرانبەر بە یەکتر دیاری دەکرێ و زانیاریی پێوەندیدار پێیەوە دەگات و هەم هاوپێوەندیی نەتەوەیی و ئیتنی تاکەکان دەناسرێتەوە و پێداگری لەسەر دەکرێت[xviii].

لێرەدا، زمان نەک هەر ئامرازێکی پێوەندی، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ نیشاندانی ناسنامەی نەتەوەیی، هاوپێوەندیی ئیتنی و پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە ناو کەلتوری خۆیاندا. کەواتە، زمان جگە لە ئەرکی پێوەندیکردن و دەربڕینی بیر، ئەرکێکی سەرەکیتری هەیە، ئەویش لکاندنی سیستەمە هۆشەکی و کۆمەڵایەتی – کەلتورییەکان پێکەوەیە. بێرگر و لوکمان(١٣٧٥: ٨) پێیانوایە کە زمان لەبەر توانایی لە تێپەڕینی لە کات و شوێنی هەنوکە، بوارە جۆراوجۆرەکانی نێو واقعیاتی ژیان پێکەوە دەلکێنێت، لە کۆمەڵەیەکی واتاداردا، کۆیان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی و خودئاگایی بەرانبەر بەم ناسنامەیە[xix]. ئەم خۆئاگاییە ئەو کاتە لایەنێکی

نەتەوەیی بەخۆوە دەگرێت، کە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەی بەرانبەردا بەراورد بکرێ. کەواتە، بەشێکی جیانەکراوەیە لە مەعریفە و ناسین کە ڕەوشتی تاکەکان لە کۆمەڵەیەکدا بە شێوەیەکی واتادار ڕێک دەخات و لێکچوون و هاوپێوەندیی لە نێوانیاندا پێکدێنێت.

کورت و کرمانجی،سەلماندان و بەڕەسمی ناسینی مافی زمانی پێوەرێکی سەرەکییە لە ڕادەی ڕاستگۆیی و نیازی دەوڵەتی ناوەندی لە پێوەندیی لە گەڵ ڕەچاوکردن و دانی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان لە ئێران. زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە سنووری دەوڵەت —نەتەوە لە ئێران نەبەستراوەتەوە. هەربۆیە، سیاسەتی یەکسانسازیی زمانی لە پلان و سیاسەتی زمانیی ئێراندا سەرکەوتوو نابێت. بۆ چارەسەریب نەڕەتییانەی کێشەی نەتەوەکان و کێشەی کورد لە ئێراندا،یاسای بنەڕەتیی لە ئێران پێویستە بگۆڕدرێ. ئەمەش پێشوەخت پێویستییبە گۆڕانی زێهنییەتی نەتەوەی فەرمانڕەوا و سروشتی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێرانە لە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ وەبەدەسەڵاتێکی دیموکراتیکی ڕەها و بێ پاشا ناوی ئایدۆلۆژییانەی ئایینییان نەژادیی. بۆ ئەوەی زمانی فارسی لە پاڵ زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بە سەرکەوتووی وەرگیرێ، پێویستە تێڕوانینێکی ئەرێنی بەرانبەر دەسەڵات وفەرمانڕەوایی لە ئێران لە نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکاندا بە بەشداریی هاوشانی هەمووان تێیدا دروستبێت.

[i] .Carter, Ronald. (1997). Investigating English Discourse, Language, Literacy and
Literature, London: Routledge.

[ii] . چل سالٚ خەبات لە پێناو ئازادیدا، عەبدورەحمان **قاسملو،** چاپی دووهەم، ۱۹۹۸: ل. ١٤.

[iii].Trask. R.L.(2007). Key Concepts in Language and Linguistics, Edited by Peter Stockwell, Second edition: by Routledge.

[iv] .Wardhugh.R.(1986).An introduction to sociolinguistics. Basil Blackwell.

[v]خواجەای، حسن(١٣٨٥)، ڕوانشانسی زبان، ص٣٠٨ – ٣٠٩، تهران:دانش آرا.

[vi]. گروم، نیکلاس ؛ لیتل مور، جینت، مترجم: داوری اردکانی، نگار؛ آقا ابراهیمی، هاجر(١٣٩٣: ص٣٥)، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

[vii]. پلان و سیاسەتی زمان و گرفتی دەوڵەت – نەتەوەسازی لە ئێران(http://penus.krd).

[viii]. محمود رضا مرادیان، زبانشناسی کاربردی١٣٨٢: ص٥٠، قم: انتشارات انفال.

[ix]. لە کتێبی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، "*مەترسییەکانی سەرزمانی کوردی و وەک زمانی زگماکی*"، ڕەحیم سورخی،وەرگیراوە. ٢٠١٣، ص ١٢. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

[x] . داگلاس براون، (١٣٨١)، *اصول یادگیری و أموختن زبان أموزش زبان*"ص٦۴، مترجم: منصور فهیم، تهران: رهنما.

[xi].محمود رضا مرادیان، ١٣٨٢: ص٤٧.

[xii]. بڕوانە، کتێبی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، "*مەترسییەکانی سەرزمانی کوردی و وەک زمانی زگماکی*"، ڕەحیم سورخی، هەروەها(روانشانسی زبان، مترجم و تألیف حسن خواجەای، ١٣٨٥، ص ٣٣٣، تهران: دانش آرا )

[xiii]. فرامکین و دیگران (١٣٨٧)، درآمدی بر زبان، مترجم: علی بهرامی و سهیلا ضیاءالدین، ص٤٤٨. تهران: رهنما.

xiv .Trask. R.L.(2007: 62).

xv . محمود رضا مرادیان، ١٣٨٢: ص٥٢.

xvi . سورخی، ڕەحیم ، پلان و سیاسەتی زمان و گرفتی دەوڵەت - نەتەوەسازی لە ئێران(http://penus.krd).

xvii.پیتر ترادگیل(١٣٧٦:١٩٤)، "زبان شناسی اجتماعی، درآمدی بر زبان و جامعه"، مترجم: محمد طباطبایی، تهران: نشر آگه.

xviii . مدرسی، یحیی١٣٨٤: ص١٣٢، *پلورالیسم قومی – زبانی و هویت ملی*، نامه انسان شناسی، سال چهارم، شماره٧.

xix . برگر، پیتر؛ لوکمان، توماس(١٣٧٥)، ساخت اجتماعی واقعیت، مترجم: فریبرز مجیدی، تهران: انتشارات علمی – فرهنگی.

# مامۆستا

# وەکو پردی ڕووناکبیرانەی نێوان ڕاسانی شاخ و شار

سامالّ

لە پێناسەکردنی ڕاسانی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئیشارە بە فرەڕەهەندیی ئەو ڕاسانە کراوە، کە بێگومان یەکێک لە ڕەهەندە هەرەگرینگ و کاریگەرەکانی، ڕەهەندی ڕووناکبیری و ڕۆشنگەرانەی ڕاسانەکەیە، کە دەکەوێتە سەرشانی چەند توێژێکی ئاوارتە و بژاردەی کۆمەڵانی هەراوی گەلەکەمان.

لەم وتارەدا دەمەوێ بە ناساندنی توێژی مامۆستای کورد، هەم وەکو ڕووناکبیر و هەم وەکو هۆکاری تێڕامان، ئەو ڕاستییە ڕوون بکەمەوە کە هەموو چالاکییەکی مرۆڤ شێوەیەکی بیرکردنەوە لەخۆ دەگرێت. چونکە کەڵکوەرگرتن لە مێشک بەشێکی گشتییە لە سەرلەبەری چالاکییەکانی مرۆڤ؛ هەرکاتێک توانایی مرۆڤ بە ئاستێک گەیشت کە هەم بیرکردنەوە و هەم کردەوە لەخۆی بگرێت، جووڵەیەکی مرۆڤانە سەرهەڵدەدات. کەواتە خوێندنەوە و ڕێکخستنەوەی چییەتیی کاری مامۆستا لەوەدا خۆی وەدیار دەخات، کە مامۆستایان لە ڕواڵەتی ڕووناکبیراندا ببینین و ئەم بابەتەش لە گەلێک ڕووەوە بەکەڵکە: لە سەرێکەوە بنەمایەکی تیۆری بۆ دیاریکردنی کاری مامۆستا وەکو شێوەیەک لە کاری فکری دەستەبەر دەکەین، دیارە لەهەمبەر ئەو پێناسە بەتەواوەتی کەرەستەیی یان تەکنیکییەدا کە خوازیارانی چەقبەستوویی کۆمەڵگە لە مامۆستای دەخەنە ڕوو؛ لە سەرێکی دیکەوە سەرلەبەری ئەو

مەرجە کردەکی و ئایدیۆلۆژیکییانە ڕوون دەبنەوە، کە وەکو ڕووناکبیر بـۆ کـاری مامۆسـتا پێویسـتن؛ لـە سـەرێکی دیکەشـەوە، ڕۆڵـی ڕووناکبیرانـە دەبێتـە یاریـدەری مامۆسـتا بـۆ ئـەوەی لـە ڕێـی بەدواداچوون و لەکارهێنانی تەکنیکە دڵخوازەکانی خۆیەوە بۆ ڕاهێنان، لـە بەرهـەمهێنان و ڕەواییـدان بـە چەشـنە جۆربـەجۆرەکانی بەرژەوەندیگەلی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا جێدەستی خۆی بە ڕوونی بەجێ بێڵێت.

ئەگـەر لـە ڕێگـەی ئـەم چەشـنە گوتـارەوە لـە ڕۆڵ و هەوییـەتیی مامۆستای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانین، ئـەوە مامۆستایان دەتوانن وا خۆیان نیشان بدەن، کە هـەر بەڕێوەبـەری ئـەو بەرنامەیـە نین کە دۆخی بەرهەڤی (وضع موجود) بـۆی دیـاری کـردوون، بگـرە ئەوان ژنان و پیاوانێکی ئازادن، کە هەست بە دەروەستییەکی تایبەت لەهەمبەر بایەخە فکری و هۆشـەکیە سیاسـی و کۆمەڵایـەتییـەکان و بـەهێزکردنی هێـزە ڕەخنـەگر و مافویسـتە تازەپێگەیشـتوو و لاوەکانـدا دەکەن.

لەبــەرچاوگرتنی ڕۆڵــی ڕووناکبیرانــە بــۆ مامۆســتای کـــورد لـــە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، کـە ئێسـتا قۆنـاغێکی تـازە و فرەڕەهەنـدی خەباتی ڕزگاریخوازانەی لە شاخ و شاردا وەڕێ خستووە، ئـەو ئەرکـە دەخاتە سەرشانی مامۆستا کە دەبێ چالاکانە هەوڵ بۆ وەگەڕخستنی پرسیارەیلێکی ڕژد بدات لەمەڕ ئەو بابەتەوە کە وەکو وانە دەیڵێتـەوە و ئەو ئامانجە گەورەترانـەش کـە کۆمەڵگەی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان بۆی تێدەکۆشێت و دەبێ پێیان بگات. واتە کـردەوەی ڕووناکبیرانـەی

مامۆستا ئەوەیە، کە قوتابخانە بکاتە شوێنێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە بەردەوام مل دەبەر ململانێکانی سیاسەت و دەسەڵات دەنێت. واتە مامۆستا لەو چەشنە قوتابخانەیەدا کارێک ئەنجام دەدات کە هێندێک بانترە لە ڕاگواستنی کۆمەڵێک زانیاری و بایەخی تۆرەیی بۆ نێو مێشکی قوتابیان. مامۆستای ڕووناکبیر، قوتابخانە دەکاتە شوێنێک کە نوێنەرایەتیی جۆرە جۆرەبەجۆرەکانی زانست و کردەوە زمانییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو بایەخانە دەکات کە بوار بۆ پەرەسەندنی فەرهەنگی دەڕەخسێنن. بێگومان قوتابخانە شوێنێکی بێلایەن نییە، کەواتە مامۆستاش ناکرێ بێلاتەن بێت و لەهەمبەر ئەو ویستەدا بێدەنگ بێت، کە دەیەوێت تاکە شێوەیەکی تایبەتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێناسە بکات و بە ڕەوای دابنێت.

لە وڵاتێکی داگیرکراوی وەکو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نابێ ڕۆڵی ڕاهێنان هەر لە فێرکردنی کۆمەڵێک کاری کردەکیدا بەرتەسک بکرێتەوە، بگرە لەوە گرینگتر پەروەردەکردنی چینێکی ڕووناکبیری گشتییە، کە بۆ گەشەسەندن و پەرەگرتنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سەربەخۆ پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. کەواتە پێویستە هەم بابەتی ڕاهێنان سیاسیتر بکرێت، هەم بابەتی سیاسیش زیاتر بخرێتە بواری ڕاهێنانەوە.

دیارە مەبەست لە سیاسیکردنی بابەتی ڕاهێنان، هۆکارهێنانەوەیە بۆ ئەوەی کە ڕاهێنانی قوتابخانەیی، خۆی خەباتێکە هەم بۆ شەرحی واتا و هەم بۆ پێوەندییەکانی دەسەڵات. ئەم خەباتە ڕەخنەگرانەیە،

یەکێک لەو ڕەهەندانەیە کە لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرێ ئامانجێک بێت بۆ ئەوەی یاریدەی قوتابی بدات، تا باوەڕێکی قووڵ و نەپساوە سەبارەت بە خەبات، بەتایبەت بەربەرەکانێی ڕەخنەگرانە لە ناخی خۆیدا بدۆزێتەوە و گومانی نەبێت لەوەی کە دەتوانێت بەسەر نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا زاڵ بێت. بەمشێوەیە زانست و دەسەڵات بەردەوام دەگەنەوە بەو گریمانەیەی کە هەڵبژاردنی چۆنایەتیی ژیان، پێویستی بە تێگەیشتنە لە پێشمەرجە پێویستەکانی خەبات. کەواتە وانەگوتنەوە، هەم بابەتێکی سیاسییە و هەم کردەوەیەکی ڕووناکبیرییە. چونکە کردەوەی فێرکاریی ڕەخنەگرانەی زانست، کۆمەڵێک دەرفەت بۆ بەرهەمهێنان و لێکدانەوە و لەکارهێنان دەڕەخسێنێت.

لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕووناکبیرانەی مامۆستا دەبێتە پردی پێوەندیی نێوان خەباتی پێشمەرگانەی ڕۆڵە گیانفیداکانی گەل لە شاخ و قوتابیان و چینە جۆربەجۆرە ڕووناکبینەکانی کۆمەڵگە لەنێو شاردا، کە بەمشێوەیە بنەماگەلی پێویست بۆ پێوەندیگرتنی خەباتگێڕانی شاخ و شار هەردەم ئامادە دەبێت و لە کاتی پێویستدا ئەرکی خۆی ڕادەپەڕێنێت، واتە ڕاسان دەبێتە سیستمێکی تەکووز، کە هەموو بەشەکانی پێکەوە کاری سیستمەکە وەڕێ دەخەن و بە ئاکامی دەگەیەنن.

لە ڕوانگەی ئەم قەڵەمەوە، مامۆستایانی کورد دەبێ ڕۆڵی خۆیان، بە ڕۆڵێکی زۆر بانتر لە ڕۆڵی وەستاکارێکی پیشەگەر دابنێن و جودا لە فێرکردنی تەکنیکە زانستی و کردەکییەکان، لە دروستکردنی

کردەوەی ئەخلاقی و سیاسیی ڕۆڵی ڕزگاریخوازانەی قوتابییەکانیاندا کاریگەرییەکی قووڵ و بنچینەییان هەبێت.

لەڕاستیدا ناسناوی ڕووناکبیر، لە قۆناغی ئێستای خەباتی ڕزگاریخوانەی گەلەکەماندا کالآیەکی پڕ بە باڵای مامۆستایانی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە ئەوەی تاکی کورد بە چەشنێک ڕادێنێت و پەروەردەی دەکات کە مرۆڤێکی مافخواز و ڕەخنەگر و چالاک بێت، مامۆستایە و ئەمەش بەربلاوترین تایبەتمەندیی ڕووناکبیرییە.

مامۆستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سۆنگەیەوە هەڵگری ئاوەڵناوی ڕووناکبیرییە، کە بە دەکارهێنانی شێوە جۆربەجۆرەکانی ڕاهێنان، وەکو هۆکارەیلی ڕەخنەگرانە لەهەمبەر دۆخی بەرهەڤیدا، هەڵسوکەوت دەگەڵ قوتابی و خوێندکارەکەیدا دەکات و، لەڕاستیدا فێرکردنی زانستی، دەکات بە پرۆبلیماتیک، واتە دەیکات بە سیستمێکی گەڕانەوە بۆ نێوخۆ و وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیار، کە بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێن؛ یانی مامۆستای کورد پێکهاتەیەکی بنچینەیی ئەوتۆی گەڕانی زانستی لە دەروونی قوتابییەکەیدا دروست دەکات، کە بواری هێنانەگۆڕی پرسیارە تایبەتەکانی بۆ دەڕەخسێنێت و لە کۆت و بەندی ئەو بەرنامە دەرسییە ئایدیۆلۆژیکە داگیرکەرانە و کۆنەپەرست و کۆیلەپەروەرانەیەی ڕزگار دەکات، کە ئیمکانی پرسین دەخەسێنێت.

مامۆستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕەخساندنی کەشێکی ڕووناکبیرانەی ئەوتۆ کە بتوانێ ببێتە پردی پێوەندیی نێوان ڕاسانی

شاخ و شار، گوتارێک لە زەینی قوتابییەکەیدا دروست دەکات، کە زمانی ڕەخنە و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ زمانی لووان و ئیمکان ئاشت دەکاتەوە و دەیانکات بە یەک. لەم سۆنگەیەوە مامۆستای ڕاساوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دڵنیایە لەوەی کە دەتوانێ دۆخەکە بگۆڕێت، بۆیە هەم لەنێو قوتابخانەدا و هەم لە دەرەوەی قوتابخانەشدا لەدژی نابەرانبەرییە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەلایەتییەکان قسە دەکات و، ئەم کارەش بۆ خولقاندنی دۆخێک دەکات، کە دەرفەت بۆ قوتابییان بخولقێنێت تاکو ببن بەو شارمەندانەی کە زانست و هاندەری خەباتگێڕانە دەکار بێنن، بۆ ئەوەی دۆخە دزێوە بەرهەڤەکە ناهومێد بکەن و هیوای ڕزگاری لە بیچمی کردەوەدا وێنا بکەن.

وێناکردنی هیوای ڕزگاری لە بیچمی کردەوەدا بە واتای لەبەرچاونەگرتنی ئەو دۆخە ئەستەمە نییە کە قوتابخانەکان و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە، بگرە بەپێچەوانەوە ئەمە پێشمەرجێکە بۆ خستنەڕووی ئەو بایەخانەی کە دەتوانن لە نیشاندانی ڕێی دەربازبوون بەرەو دنیایەکی ئازاد و دێموکراتیک و دادپەوەرانەدا ببن بە یارمەتیدەر.

بێگومان هیوامان بە سەرکەوتنی ڕەهەندە جوداوازەکانی ڕاسانە تازەکەی شاخ و شار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیادتر دەبێت، ئەگەر بتوانین مەرجە باوەکان وەبەر تەوژمی پرسیار بدەین و باوەڕمان بەوە هەبێت کە زانیارییەکانمان و ئەوەی کە دەیزانین و دەتوانین فێری یەکتریشی بکەین، ڕاستەوخۆ یارمەتیی تواناییمان دەدات بۆ ئەوەی دۆخی زاڵ بە سەرماندا بگۆڕین.

هیواداربوونی مامۆستای کورد و لە ئاکامدا هیواداربوونی قوتابییان، وەکو بنچینەی کۆمەڵگەی کوردستان، دەبێتە بناغەی زانستێکی خەباتگێڕانە و کونجکۆڵانە بۆ وێکدانەوەی ڕاسانی شاخ و شار، کە هەردووکیان ئامانجیان وەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و دێموکراتیکە. بێگومان ئەم ئەرکە بەسەرشانی مامۆستاوە زۆر قورس و دژوارە، بەڵام بایەخەکەی گەلێک بەپێزتر و گەورەترە لە قورسایی و دژوارییەکەی.

یەکێک لە ڕەهەندە هەرە گرینگەکانی ڕاسان و خەباتی مێژوویی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی دیمۆکراسی. جۆن دیویی، فەیلەسووفی پراگماتیکی ئەمریکایی دەڵێ: "دیمۆکراسی ئەو بایەخەیە، کە ڕەوایی بە سەرلەبەری بایەخەکانی دیکە دەبەخشێت." لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دیمۆکراسی، بایەخ و باوەڕە دیمۆکراتیکەکانن و مامۆستا دەتوانێت سەرچاوەی ئەو بایەخ و باوەڕانە بێت، کە شارمەندانی وڵات ئامادە دەکەن بۆ لەخۆبردوویی و وەپشتگوێخستنی بەرژوەندیی کەسی، بۆ ئەوەی لەپێناو خۆشەویستیی نیشتمان و هاونیشتمانیانی خۆیاندا کار بکەن. ئەو بایەخانەی کە مامۆستای ڕووناکبیر بە سادەترین شێوە دەتوانێت بیانکاتە بەردەبازی پەڕینەوەی کۆمەڵگە بەرەو ئازادی و دیمۆکراسی، دەکرێ بریتی بن لە؛ دروستکردنی هیوا، متمانە، هاوبەشی و هاودەردی لەنێوان خەباتگێڕانی شاخ و چالاکانی نێوشاردا.

ڕۆڵی مامۆستا لە مێژووی نوێدا، هەم وەکو مامۆستا و هەم وەکو ڕووناکبیر، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر سیستمی دەسەڵاتی سیاسی هەبووە. ئەو کاریگەرییە بەهۆی ئەوە بووە کە مامۆستا لە بیچمگرتن و پتەوبوونی دەسەڵاتە سیاسییەکاندا ڕۆڵی گرینگی گێڕاوە. چونکە ڕۆڵە ڕووناکبیرانەکەی مامۆستا، ڕۆڵێکی تایبەتە، کە هەوڵ دەدات کارەکەی لەسەر بنەمای بەرپرسیارەتییەکی مرۆڤانە بێت لەهەمبەر ئەو شوێن و کاتەدا کە تێیدا دەژی. هەربۆیە بەپێی شوێن و کاتی ژیانی ئەمرۆی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستە مامۆستا جارێکی دیکە ئەو دۆخ و بەربەستانە بۆ کۆمەڵگەکەی ڕوون بکاتەوە، کە هەم هۆکاری دواکەوتنی وەدیهاتنی ئامانجە دێرینەکانی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کوردن و هەمیش وزەیەکی پەنگراون کە دەکرێ راسانێکی نوێ لەناخیانەوە هەڵقوڵێت.

مامۆستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت بۆ خستنەجێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی باسمان کرد، قوتابخانە بکاتە شوێنێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە بە شێوەیەکی ڕژد و گشتی کاریگەری لەسەر ململانێکانی سیاسەت و دەسەڵات و ئەمنییەت دابنێت.

ئەگەر چەمکی کۆمەڵگەی ئازاد و دیمۆکرات بەپێی ئەو پێناسەیە بخوێنینەوە، کە پێی وایە وەدیهاتنی وەها کۆمەڵگەیەک لەڕێی هاوکاری و هاودەردیی ئەندامانییەوە مەیسەر دەبێت، ئەرکی ڕووناکبیرانەی مامۆستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیرکردنەوەیە لە بەدیهێنانی کەشێک، کە تێیدا دەسەڵاتی گەل لەڕێی پێوەندیی چڕی ئەندامەکانییەوە لەدژی دەسەڵاتی داگیرکەر و ستەمکار بجەنگێت؛

واتە مامۆستا، هەم وەکو فەرماندەر و هەم وەکو ڕاهێنەری لێهاتوویی لەبواری ڕاسانی فکردا، بە ڕۆشنگەری لەمەڕ ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ڕاسانەوە، پردی پێوەندی لەنێوان خەباتگێڕانی شاخ و شاردا هەڵدەبەستێت.

# ئەرک ناسی
# مامۆستا، قوتابخانە و زانستگا
# بۆ راهێنانی تاکی بەرپرس

شاهۆ حوسێنی

**سیستمی فێرکاری و بارهێنان:**

میـــژووی خەبـــاتی کـــورد بە دژ دەســـەڵاتە پـــاوانخواز و داپلۆسێنەرەکان، میژوویەکە بە درێژایی بوون و ژیانی کورد هەیە، لەو رەوتەدا لە تەنیشت هەموو بەش و چینەکانی کۆمەڵگا بێ گومان سیستمی فێرکاری و بارهێنان دەورێکی گرینگ و حاشا هەڵنەگری هەبوە لە راهێنانی تاکی بەرپرس و مەسئوول لەبەرامبەر چارەنووسی کۆمەڵگا و نەتەوە، بێ گومان سیستمی فێرکاری و پەروەردە لە هەر کۆمەڵگایەک دەورێکی گرینگ و بەرچاوی هەیە بۆ بە کۆمەڵایەتی کردنی تاک و جێگیر کردنی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتێکان لەناو مێشک و هزری تاکدا. لەوەها سیستمێک دا مامۆستا وەک بەرپرس و کەرەسەیەکی گرینگ دەوری سەرەکی هەیە لە پەرەی هزر و بیری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری خوێندکار، قوتابی لەسەر ئەو باوەرەیە کە مامۆستا هێما و گووتەبێژی خاوەن توانا و جێگای متمانەی کۆمەڵگایە، لەوەها رەوتێکدا مامۆستا یەکەم سەرچاوەی دەسەڵاتی جێگای رێز و متمانەی کۆمەڵایەتێ کە خوێندکار لەگەڵی رووبەروو دەبێ و حەول دەدا کە ئاکار و کردەوەکانی ئەو وەک سەرمەشق و مۆدێل دووپات بکاتەوە.

توێژەرانی بورەکانی فێرکاری و بارهێنان لەسەر ئەو باوەرەن کە پێوەندی خوێندکار و مامۆستا تەنیا لەچوارچیوەی دەرس و زانستی دەرسیدا قەیتس نامێنێتەوە، بەڵکە پەل دەکێشێتە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسی، بە جۆرێ کە لە زەین و هەناوی

خوێندکاردا مامۆستا هێمای شارستانییەت، دەسەڵاتی جێگای باوەر و بە گشتی ئاوێنەی بالانوێنی کۆمەڵگاکەیەتی، بۆیە قوتابخانە و زانستگا وەک دوو سەرچاوەی گرینگی بە کۆمەڵایەتی کردنی تاک، وەک مەکۆی جێگیرکردنی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسێکان چاویان لێ دەکرێ، بێ گومان ئاوردانەوەیەک لە مێژووی بزاڤە خوێندکارێکان هەم دەرخەری گرینگایەتی قوتابخانە و زانستگایە و هەم سەلمینەری گرینگایەتی دەوری مامۆستا، قوتابخانە و زانستگایە بۆ بارهێنان و راهێنانی تاکی بەرپرس و مەسئول لەبەرامبەر چارەنووسی کۆمەلگا و نەتەو.

**ئەرکی مامۆستا، قوتابخانە و زانستگا:**

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکان و لە سیستمە دیکتاتۆرەکان لە هەرە ئەرکە گرینگەکانی سیستمی پەروەردە و مامۆستا ئاشنا کردن و جێگیر کردنی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسێکانە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک ستراتژی و پلانی درێژخایەن دیاری دەکرێ، واتە دەور مامۆستا لە رەوتی بە کۆمەڵایەتی کردنی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسێکانە لە هەناو و زەینی خوێندکاردا، بە جۆرێ کە وەک کاناڵێکی جێگای متمانە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسێکان لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر رادەگوێزن، بێ گومان دەسەڵات دیکتاتۆر و پاوانخوازەکان گرینگایەتێکی زۆر دەدەن بە سیستمی پەروەردە بۆ جێگیر کردنی و گشتگیرکردنی ئەو بەها و نۆرمانە کە کۆمەڵگا و شاروومەندیکی چاو لەمست و گوێرایەڵ ساز دەکات و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی مسۆگەرتر و بەردەوام دەکات، واتە رەوتێک

کە بوونی بەردەوامی پێکهاتەی سیاسی گارانتی دەکات، ئەو ڕەواتە دەتوانێ دوو ئەرک و کارکردی گرینگی هەبێ، یەکەم پەروەردی کۆمەڵگ و تاکی چاولەمست و گوێڕایەڵ، دووهەم پەروەردەی کۆرگێر و کادری خزمەتگواز بە دەسەڵاتی پوانخواز. ئەو ڕەوتە لەڕاستیدا دەبێتە هۆی مەشرووعییەت و مەقبوولییەتی نیزامی سیاسی لەناو کۆمەڵگادا و ئەمەش نالوێ مەگەر ئەوەی کە دەسەڵات بتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە سیستمی پەروەردە( قوتابخانە و زانستگا) بتوانێ زانیاری پێویست بۆ ئەرکدار کردنی کۆمەڵگا بەشێوەی زانستی و سیستماتیک بگوێزیتەوە ناو مێسک و هەناوی کۆمەڵگا.

حاشا هەلنەگرە کە سیستمی سیاسی حاکم بەسەر ئێراندا سیستمیکی دیکتاتۆر و پاوانخوازە کە هیچ باوەڕێکی بە پلۆرالیزم و فرە ڕەهەندی لە هیچ بوارێکی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسیدا نیێ و هەموو حەول و تەقەللاشی ئەوە بوە و هەیە کە کۆمەڵگایەکی یەکدەستی، نەتەوەیی، کلتووری، ئایینی، زمانی و ....هتد پێک بێنێ، ئەمەش نالوێ مەگەر بە لەناو بردن و سرینەوەی شووناسی نەتەوەیی کەمینەکان و پاکاوتە کردنیان، لە هەمان کاتدا لە ئاستی سیاسیدا وەها دەسەڵاتێک هیچ جیا بیریک و جیاوازێک ناتوانێ تەحەموول بکات، هەر بۆیە جیا بیری سیاسی یان دەگرێ، یان دەکووژرێ یان ئاوارە دەبێ، لەوەها دۆخێکدا کە دەسەڵات حەولی لەناو بردن و سرینەوەی تاکی هەڵکەوتە، پێگەویشتوو و تێگەویشتوو لە کۆمەلگا دەدا، حەول دەدا کۆمەلگا بەتاڵ بکات لەو هەڵکەوتانەی

که دەتـوانن کێشـە و قەیـران سـازبکەن بـۆ ڕەوتـی پـاوان کردنـی دەسەڵاتی ناوەندی، ئەوە ئەرکی مامۆستای قوتابخانە و زانستگاکانە کە تاکی بەرپرس و مەسئول بار بهێنن، بە بەردەوام کردنی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتێکان لەناو زەین و دەروونی خوێندکار خوێندکارێکی خـۆجیی و خۆمـاڵی بـاربێنن نە خوێنـدکارێکی ئێلیـنە بـوو، لەوەهـا دۆخێک‌دا بزاڤەکانی خوێندکاری دەتوانن ڕۆڵی جێگرەوەی حیزب و ریکخراوەی سیاسی بگێرن لە غەیابی ئەو حیزبانە و ڕەوتی خەبات لەناو کۆمەڵگادا گەشاوە رابگرن ، واتە نەتەنیا پێش بگرن بە جێگیر کردنی نۆرم و بەها سیاسێکانی دەسەڵاتی پاوانخواز و کێشەی بۆ ساز بکەن، بەڵکە حەول بدەن بە خەڵق و پەرەی نۆرم و بەها سیاسیٚ خۆجییەکان چـرای خەبـات و بەربەرەکـانی لەبەرامـبەر دەسـەڵاتی پـاوانخوازدا ڕوونـاک ڕابگـرن و بەرەهەیەکـی پێگەویشـتوو و تێگەویشتوو پەروەردە بکەن، لەراستی‌دا دەشیٚ بگوتریٚ کە ئەرک و بەرپرسیارەتێکی گرینگی مامۆستا، قوتابخانە و زانستگا گواستنەوەی نـۆرم و بەهـا کـۆمەڵایەتی و سیاسـێکانی دژ بە ئەو نـۆرم و بەهـا سیاسـی و کۆمەڵایەتیـانەیە کە دەسـەڵات بـۆ گویٚ‌لەمسـت‌کردنی کۆمەڵگـا پەرەیـان پـیٚ‌دەدا، واتە خەباتێـک بەدژ گوتـاری سیاسـی، کـۆمەڵایەتی و پەرەوەردەیـی دەسـەڵات لە قوتابخـانەرا دەسـت پیٚ‌دەکات و لە زانستگا پەرەدەستێنیٚ و مسۆگەر دەبیٚ بۆ بەرەکانی داهاتوو بۆ بەرگری کردن لە ماف و ویستی مەشرووعی کۆمەڵگا. واتە ئەگەر لایەنێکـی گرینگـی خەبـات بەرپەرچ دانەوەی هێرشـی نیزامـی و رەق‌ئـامێری دەسـەڵاتی پـاوانخوازە، لایەنێکـی گرینگیشـی

بەرپەرچ دانەوەی هێرشـــی فێرکــاری و راهێنــانی چاواشــەکارانەی کۆمەڵگایە کە لایەنێکی نەرئامێری و یەکجار گرینگە.

هەر بەم جۆرەی کە مامۆستاکانی پێشوو ئەرکی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیان لەمەر پێگەیاندن و بارهێنانی تاک و خوێندکاری بەرپرس و مەسئوول بە درووستی بە جێ گەیاند و لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە کە لە عوومری دەسەڵاتی کۆماری پاوانخوازی ئیسلامی دەگوزرێ، خەباتێکی مەشرووع و بەردەوام درێژەی هەبوە، مامۆستای ئێستای کوردیش ئەمرۆکە بەرپرسیارە و ئەرکی نەتەوەیی و پیشەییەتێ کە قوتابی و تاکێکی بەرپرس و مەسئول بار بێنێ کە بتوانێ بەرپرسانە و تێگەویشتوانە شان بداتە ژێر باری قورسی خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی مەشرووعی کۆمەڵگا، هەر بەم جۆرەی کە لە شاخ خەبات و بەربەرەکانی هەیە لە شاریش خەبات و بەربەرەکانی درێژەی هەبێ و خەباتێکی مەدەنی جێگیر و پەرەئەستاندوو ببێتە یاریدەدەر و پشتیوان بۆ بەدی هاتنی خەباتێکی بەربڵاو و بەربەرینی جەمــاوەری و ســرینەوە و لەنــاوچوونی دەســەڵاتی دیکتــاتۆر و پاوانخوازی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا.

تیشک

# قوتابخانەی دوارۆژ
# لە سێبەری مامۆستای مافخوازدا

حەسەن ساڵح زادە

**دۆزراوەکان:**

لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەی دواییدا کۆمەڵگە گەشەیەکی هەرە بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەر قوتابخانەیەک بە کۆمەڵگاکەیەوە بەستراوەتەوە. هەروەها پیشەو دیاردەگەلێکیش بوونەتە هۆی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێک کە خەریکە بەربڵاوتر دەبنەوە. منداڵانی ئەمڕۆ دەستیان بە زۆر سەرچاوەی زانیاری دەگا و بە جۆرێک بە جیهانی بوون. ئەگەر قوتابخانەو پرسی پەروەردەش هەر لەم ئاستەدا بمێننەوە، قوتابخانە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوەو رەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی سەرەوخوار دەبێتەوە. لە ئاکامدا، قوتابخانە لە جیاتی ئەوەی نابەرابەرییەکان ساڕێژ بکا، قووڵتریان دەکاتەوەو لە سەر کۆمەڵگەش کاردانەوەی هاوشێوەی دەبێ.

قوتابیانی کۆمەڵگەی ئێران بە شێوەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر درێژە بە رەوتی خوێندن دەدەن، بێ ئەوەی نیاز و خولیاکانی خۆیان یا چاوەڕوانی بنەماڵەکانیان بێننەدی. بەشێکی زۆر لە کاتی منداڵانی ئێمە لە قوتابخانە تێپەڕ دەبێ. ئەویش بە شەکەتی، چونکوو ئەوەی دەیخوێنن و ئەو شێوازەی بە کاریان دێنن لە گەڵ پێداویستی و حەزەکانی ئەوان یەک ناگرێتەوە. سەرەڕای گرینگی ئیمکاناتی تەرخانکراو بۆ قوتابیان، دڵساردی لە خوێندەواری کاریگەری بەرچاوی هەیە. قوتابخانە دەتوانێ لێهاتوویی و کەسایەتی رابێنێ و توکمەپەروەری بکا. لە هەموو وڵاتان، مەرجی سەرکەوتنی کۆمەڵگە

بە سەرکەوتنی خوێندنگەکانەوە بەستراوەتەوە. سەرپەرەستانی منداڵانی ئێمە هیواو ئاواتاکانی خۆیان بە قوتابخانەوە بەستۆتەوە، کەچی هەر جارەی بە جۆرێک دڵسارد دەبنەوەو وزەکانیان بە فیڕۆ دەچێ. ئەوان لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا ناتوانن هاورێیەتی منداڵەکانیان بکەن. هەوڵی زۆر دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری پرۆسەکە بن، بەڵام لە نیوەی رێ پاشگەز دەکرێنەوە. وادیارە کە دەسەڵات ترسی لەوە هەیە کە منداڵانی ئێمەی کورد شوناسی خۆیان بدۆزنەوەو ئەم هەستەش بۆ ناو کۆمەڵگە رەخنە بکات.

هەروەک دەبینین درزە کۆمەڵایەتیەکان رۆژ بە رۆژ ئاواڵاتر دەبنەوەو هیوایەک بە قوتابخانە دەوڵەتیەکان نەماوە. بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەکان لە قوتابخانە دابڕوان و بۆ خۆیان رێگەی دیکەیان گرتۆتەبەر. لەم رووەوە قوتابخانە تایبەتیەکانی ماڵەوەو هێنەکانی دەرەوەی چوارچێوە رەسمییەکان، تا دەڕۆن زیاتر لە گەڵ دنیای سەردەم سازگارتر دەردەکەون. ئەم دۆخەش ئەگەری دامەزرانی ترس و دڵەڕاوکێی گەڕانەوەی بۆ دواوە پێوە.

ئێمە لە سەردەمێکی زۆر دژواردا دەژین کە لەودا مودێلە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان زۆر جۆراوجۆرن. بەشێک لە گرفتەکان گشتین، بۆ وێنە ٥٠٪ جۆری کارو پیشەکان بزربوون، هێندێکیان بەرەو نەمان دەچن و زۆریتریش بە پێی هەلومەرج لە بەرەوە دەردەکەون. ئەم وەزعە رەوتێکی جیهانیە. بەڵام دەبێ لاوان وا رابهێندرێن کە بتوانن رووبەڕووی ئەم گۆڕانکارییانە ببنەوە. ئەوەش

تەنیا لە ڕێگەی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەیەکەوە دەکرێ کە بتوانێ کلیلی کردنەوەی گرفتەکانی دوارۆژی منداڵان بێت و بۆ ئەوەی ببێتە قەیرەیەکی بەرپرس یارمەتیدەریان بێت. ئەوان دەبێ بە ئیختیاری خۆیان ژیانی داهاتوویان بە ئەستۆوە بگرن و بە شێوەیەکی ئەرێنی لە بەرەوپێش بردنی گۆرانکارییەکاندا توانایی خۆیان دەربخەن.

### قوتابخانەیەکی زیندوو و کراوە بە ڕووی ئاڵوگۆڕەکان دا :

لە حاڵێکدا کە باس لە هێمنایەتی دەکەین، دەبێ ئەوەش بزانین کە پەروەردەی نیشتمانی سیستمێکی هەمەلایەنەی بزوێنەرە. پێویستە قوتابخانەی دوارۆژ دەوروبەری کۆمەڵگەی پێوەندیدار لە خۆبگرێ و گەشەو نەشە بکا. گۆڕانکاری کاتێک پەسەند دەکرێ کە لەودا تێکڕای ئەکتەرەکانی ئەم بوارە لە پرۆژەکەدا بەشداربن و بتوانن ئازادانە بدوێن. دەوڵەت دەبێ بەرنامە دەرسییەکان سازمان بداو جیاوازییەکان لە بەرچاو بگرێ، ئەگینا دیاردەی ناوەندوازی وەک خۆی دەمێنێتەوە.

ڕستەی" خەرج کردن بۆ مامۆستایان دەسمایەی پاشەڕۆژە"، دروشمی ساڵی ٢٠١٤ی سازمانی جیهانی فێرکاریی بوو. جێی ئاماژەیە کە ساڵی ١٩٩٤ وەزیرانی پەروەردەی وڵاتانی ئەندام لە یونسکۆ لە کۆبوونەوەیەکدا ڕۆژی ٥ ئوکتۆبریان وەک ڕۆژی مامۆستا دیاری کرد. مەبەست لە دیاری کردنی ئەو ڕۆژە ئەوە بوو کە بەشکم بکرێ ئاستی چۆنایەتی فێرکاری برێک بەرز بکرێتەوەو

کۆمەڵگەکان بایەخ و بەهای پێویست بە دەرسبێژان و مامۆستایان بدەن. لەو ڕۆژەوە زۆربەی دەوڵەتانی ئەندامی یونسکۆ لە هەمبەر ئەم هەڵوێستەدا خۆیان بە بەرپرس زانی و بە مەبەستی پێراگەیشتنی گونجاوتر بە پرسی خوێندن، ئاوری جیدییان لە ژیانی مامۆستایانی وڵاتەکەیان داوەتەوە. بەڵام بە داخەوە بەرپرسانی پەروەردەی ئێمە خوێندنەوەیەکی دیکەیان لەم ئامانجە هەیەو هەوڵی شاردنەوەی راستیەکانی ئەم ناوەندە دەدەن. ئەگەرچی وەزیری پەروەردەی وەختی حکومەتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە دانیشتوان و واژۆکەرانی کۆبوونەوەی ناودێرکردنی رۆژی مامۆستایان واتە ٥ ئوکتۆبر بوو، بەڵام بە پێی ئەزموونی دوو ڕوویی خۆیان، هەر دوای کۆبوونەوەکە، رۆژی مامۆستا و ئامانجەکانی یۆنسکۆیان بۆ هەمیشە لەبیرکرد.

لە لایەکی ترەوە، دەبێ باش بزانین کە پەروەدەو فێرکردن لە بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ دا لە نێوان دوو جەمسەری مامۆستا و قوتابی، بە ئامانخی گەشەو نەشەی هەمەلایەنەی کەسایەتی مرۆڤ، هەڵسوکەوتێکی مانادارە و جێگەی تێڕامانە. دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت ڕۆژمێرەکانیشی لە سەر ویست و قازانجی دەسەڵاتخوازیی خۆی سازمان داوە. بەڕێوەبەرانی دەسەڵات بە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە بۆنە نێودەوڵەتییەکان بکەن، بەڵکوو هەوڵی بە لاڕێدابردن و شاردنەوەشیان دەدەن. دەوڵەت لە پانتایی پەوەردەو فێرکردن دا رۆژی ١٢ بانەمەڕیان وەک ڕۆژی مامۆستایان دیاری کردووە. گرفتەکانی ژیانی رۆژانەی مامۆستایان،

نەبوونی ئەمنیەتی پیشەیی، گوشار و چاودێری لە رادەبەدەر بۆ سەر کۆبوونەوەو چالاکیەکانیان هیچوەخت بواری ئەوەی پێ نەبەخشیون کە بتـــوانن وەک مامۆســـتایەکی راســـتەقینەو ئـــازاد ئەرکە سەرەتاییەکانی خۆیان بەرێوە ببەن.

دەخالەتی بێ جێی بیرۆکەی دەسەڵات لەمەڕ دیاریکردنی خەت و نیشان بۆ کتێبە دەرسییەکان، ناچارکردنی درسبێژان بۆ وتنەوەی کتێب گەلێک بە ناوەرۆکی کۆن و بێ کەڵک، خستنە ژێر پێی یاساکانی جارنامەی مافی مرۆڤ سەری لە مامۆستایان شێواندوەو کۆمەڵگەی تووشی پارادۆکس کردووە. وەرگرتنی پارەی ئیجباری لە قوتابیان، زیادکردنی بێ هۆی فێرگەی نادەوڵەتی، دۆخی روخێنەری بینای خۆندنگەکان و کەمی کەڵ و پەلی خوێندکاری، گۆرینی ناکارناسانەی پرۆگرامەکان، بەشێک لەو پرسیارانەن کە دەبێ دەسەڵاتدارانی ناو سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەڵامیان بدەنەوە.

قوتابخانەیەکی کراوە بە رووی کۆمەڵگەدا، بینا و پێداویست:

چێ کردنی ستانداردی بیناکان دەتوانێ شوێنەواری گرینگ لە سەر فەزای خوێندنگە، خانەوادە، شارۆمەندان و پێوەندی نێوان شوێن و ئەنجومەنە پیشەییەکان دابنێ. پێویستە نۆژەن کردنەوەی بیناکـــان بەردەوام لە لایەن نـــوێنەرانی مامۆســـتا، قوتـــابی و بنەماڵەکانەوە وەبیر بخرێنەوە. کرانەوەی قوتابخانە بە رووی تێکڕای کۆمەڵانی خەڵک بە مانای ئەوەیە کە هەر چین و توێژێک ئیمکانی خوێندنی بۆ دابین بکرێ. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن، ئەو منداڵانەی

که ناتوانن به جوانی ڕەوتی خوێندن ڕەچاو بکەن و ناتوانن جێگەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەدا بکەنەوە، زۆربەیان لەو کەسانە پێکدێن کە سەرپەرەستەکانیان لە کاتی خۆیدا نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانەو لە دەرفەتەکانی بەهرەمەند بن. قوتابخانەی ئاوالا بە ساناهی دەتوانێ بڕواو متمانەی هەموان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لەوێوە هەلی گەشە کۆمەڵایەتیەکان برەخسێنێ.

یەکێکی دیکە لە کێشە قووڵەکانی بەردەم پەروەردەی ئێران چۆنیەتی مامەڵەی بەرپرسان لەگەڵ نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەکانی ئێرانە. بێگومان یەکێک لە گرینگترین لایەنەکانی پێناسەی هەر کۆمەڵگایەک پێناسەی نەتەوەیی و ئەتنیکی ئەوانە کە هەندێ جار لە گەڵ ڕواڵەتی ئایین ئاوێتە دەبێ. ڕەنگدانەوەی هەقیقی و بەجێی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی گەلانی دانیشتووی ئێران دەتوانێ وزەی دیاردەی هەست بە جیایی کردن و لە پەراوێز کەوتن لە ناو بازنەی پەروەردەدا لاواز بکا. ئێستا بە داخەوە کتێبە دەرسییەکان وەکوو یەکێک لە کەرەسە دیارەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، بوونەتە ئامرازی دەسیسەی دەسەڵاتداران و حکومەتەدیکتاتۆرەکان. ڕێژیمە داسەپاو و دژی گەلییەکان بە پێی ڕوانگەو ئیدئۆلۆژی تایبەتی خۆیان پێداگری لەسەر لایەنێکی تایبەت لە بایەخ دەکەن و بە ئانقەست لایەنەکانی دیکە دەخەنە پەراوێز و بگرە حاشایان لێ دەکەن. بە واتایەکی دیکە لە ئێرانی بەڵا لێدراوی ئێمەدا کتێبە دەرسییەکان لە جیاتی ئەوەی هەڵقوڵاوی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگا

بن، بوونەتە ئاوێنەی باڵانوێنی ئیدئۆلۆژی چەق بەستووی تاقمی دەسەڵاتخوازی کۆنەپەرەست.

حکومەتی ئەمرۆی ئێران بە ئاشکرا مافی گەلانی ستەم لێکراوی وڵاتەکەمان ژێرپێ دەنێ و رێگری لە وشیار بوونەوەی جەماوەر دەکا. نوێنەرانی حکومەت کە پۆستە سەرەکییەکانی ناو پەروەردەیان بە ئاسانی وەک دیارییەک پێشکەش کراوە، بێ ئەوەی لە پێویستی راستەقینەی کۆمەڵگای ئێران تێبگەن، تەنهاو تەنها بیر لە بەرژەوەندی شەخسی خۆیان دەکەنەوە. ئەم تاقمە لە رێگای میدیا پاوانکراوەکانی رژیمەوە، بە هێنانە بەرباسی گۆرانکاری سیستمی پەروەدە خۆڵ لە چاوی خەڵک دەکەن و رووپۆش لەسەر راستییەکان دادەنێن. ئەگەرچی دوایین گۆرانکاری سیستمی پەروەرد پڕە لە چەواشەکاری و رواڵەتی فریوکارانە، بەڵام دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی لەسەر بنەمای ریاکارانەی خۆی لە هەوڵ و تەقەلای ئەوە دایە کە گەلانی ئێران بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە گۆرانکاری ئەمجارەیان لەسەر بناخەی زانستی نۆژەن کراوەتەوەو لەگەڵ پەروەردەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان رکەبەری دەکا. تەنانەت لە زۆر جێگا بە منەتەوە باسی دەکەن و بۆ پروپاگەندی خۆیان بە دەسکەوتێکی نوێ پێناسەی دەکەن .

بە بەراورد کردنی بنەما سەرەتاییەکانی قوتابخانەی وڵاتانی دێموکراتیک لە گەڵ پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە ساناهی دەردەکەوێ کە پەروەردەی ئێمە تا چ رادەیەک لە ژێر مەترسی دارمان دایە.

ئەگەر دەوڵەتێک بتوانێ سەرنجی خەڵک بۆ لای پرسی خوێندن ڕابکێشێ و بە کردەوە پێوەندی نێوانیان لە گەڵ قوتابخانە گرێ بدا، هەر دوولا باشتر دەتوانن ئەرکەکانیان بەرێوە ببەن. لە ئاکامی ئەم پێوەندییە سالمەدا قوتابخانە دەبێتە پێوەری گەشەی کۆمەڵایەتی و هیواکان بۆ داهاتوویەکی گەشتر هەڵدەکشێ.

**مامۆستایان مافخواز و ئەرکەکایینان**

پێچاوپێچی جیهانی ئەمڕۆ لە مەڕ دنیای قووڵی تێکنۆلۆژی، کێبەرکێی دژواری ئابووری و ئاوڕداوەی جیدی لە شوناسی کولتووری گەلان کاریکی وەهای کردووە کە پێشەی مامۆستایەتی چڕتر ببێتەوە و لە ناویاندا زەرورەتی شۆڕشێکی مەزن هەست پێبکرێ. مامۆستایان دەبێ پێوەندیدەرێکی کارامە بن. ئەگەر ئەوان نەتوانن لە نێوان پرۆگرامەکان و قوتابیان دا وەک ئەکتەرێکی لێهاتوو دەور بگێڕن، ئامانجە دیاریکراوەکان وەدی نایەن و تووشی شکست دەبن.

گوازتنەوەی زانیارییەکان چیتر دەوری نەماوە، بەڵکوو شێوازی بە کارهێنانی ڕێکار، کەرەسە و مێتۆدەکان دەتوانن گۆڕنکاری لە قوتابیدا پێکبهێنن و لێهاتوویی ئەوان دەربخەن. ئەوەی کە لە هەموان گرینگترە ئەوەیە کە دەبێ حەزی فێربوون لە ناخی قوتابیدا جێگیر بکرێ. ڕاهێنان لە خوێندنگەدا بەو هیوایە دێتەگۆڕێ کە قوتابیان لە دوارۆژدا ببن بە پیاو یا ژنانێکی ئازادو وشیار و ڕێز بۆ خەڵکی دیکەو پرنسیپەکانی کۆمەڵگە دابنێن. ئەوەش بەو مەبەستەیە کە

جێگەو پێگەی خۆیان ببینەوە یا بۆ ئەوەی کە بتوانن لە هەمبەر پێشهاتەکاندا دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و بۆ گەشەو نەشەی هەمەلایەنە لە کاتە گونجاوەکاندا هەڵوێستی شیاو بگرن.

بەم پێیە، مامۆستای بە دیسیپلین تەنها فەرماندەرێکی خاڵی نیە، بەڵکوو لە وەدیهێنانی ئامانجە گشتی و سەرەکییەکانی پەروەردەدا دەوری یەکەم دەگێڕێ. دەرسوێژان دەبێ لە رووی شیاوەتی و جۆری گیانبەخشین بە پرۆسەی گۆزانەوەی ئاگاییەکان دابمەزرێن. پرۆفایلی ئەوان دەبێ لە ناو کۆمەڵگەدا گەلێک بەربڵاو بێ و وێنەیەکی جوان لە خۆیان دەربخەن. هەروەها کەسانی دەرەکی بە پیشەی جیاوازەوە دەتوانن پێشنیاری خۆیان ئاراستە بکەن و هاوڕێیەتی پرۆژەکانیان لە بواری پرسی پەروەردەدا بکەن. پرۆژەکان دەبێ پێوەندیان بە ئەنجومەنە پێشەییەکانەوە هەبێ کە لە زەمینەی جۆراوجۆری وەک پرسی هەڵاواردن بە هەموو جۆرەکانیەوە، مافخوازی، توندوتیژی، هاوکاری و هتد هەڵسووڕن.

لە بەرچاوگرتنی پێوەرێک لە سەر مێژووی جیاوازییە کولتووری و ئایینیەکان و، لە سەر ئەوانەی کە هاوبەشن، بۆ خۆشبوونەوەی دیالۆگ لە نێوان پێکهاتەکان یارمەتیدەرە. هەروەها یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە نیشان بدرێ ببی بە ئیماندار، باوەڕمەند، لائیک یا پێڕەوی بەهایەکی تایبەت و ئاشتیخواز. مرۆڤ بە گشتی میراتێکی پێ براوە، ئەویش گۆی زەوییەو دەبێ دادپەروەرانە لە نێوان هەمواندا دابەش بکرێ. مامۆستای پسپۆر و لێهاتوو ئەو کەسەیە کە بتوانێ

هەمووی راستی و دروستیەکان تێبگاو بە چاوی کراوەوە هاوڕێیەتی قوتابیەکانی بکا .

ئەو کەسانەی کە دەبنە ئامرازی سیستمە چەوسێنەرە ئیدیۆلۆژیکەکان و هەوڵەکانیان لە خزمەت تواندنەوەی بەشێک لە تایبەتمەندیی بەها مرۆییەکانە، بە رواڵەت مامۆستان بەڵام لە ئەرکەکانیاندا سەرکەوتوو نین. چونکوو ئەوان نە تەنها کە ناتوانن حەز و خولیای پێکهاتەکان دەربخەن و بە هێزیان بکەن، بەڵکوو ناراستەوخۆ رەوایی بە دەزگایەک دەدەن کە بە دژی بەرژەوەندی مافەکانی مرۆڤ دەجووڵێنەوە.

بۆ ئەوەی کە مامۆستایان بتوانن بە ساناهی لە ناو پەروەردەدا ئیمکانی جموجۆڵیان هەبێ و گۆڕانکاری لە کلاس، خوێندنگەو پیشەکانیاندا بکەن، پێویستیان بە سیستمێکی کراوە هەیەو دەبێ لە ماوەی ژیانی دەرس وتنەوەیاندا فۆماسیۆن وەربگرن و بەرۆژ ببنەوە. خول و دەورەکانیش کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە ناوەرۆک و ئامانجەکانیان لە راستای بنەمای تێکنۆلۆژی و زانستی سەردەمدا بێتە ئاراوە .

قوتابخانەی کراوە بە رووی کۆمەڵگەدا کە لەو دا گەلێک ئەکتەری هەمەرەنگ دەتوانن دەور ببینن، رێگە بە لاوان و نەوەی دوارۆژ دەدا کە زۆر رێگە تاقی بکەنەوەو ئەو شتانە فێربن کە لە داهاتوودا تێکەڵبە ژیانیان دەبن. لە درێژەی رەوتی خوێندندا لایەندۆزیی بواری فێرکاریی و دواتر پیشەیی بۆ قوتابیان گەلێک ماناداره. ئەگەر قوتابی لە ئاکامی هەوڵی مامۆستاکەی دا رێگەی حەزی خۆی بدۆزێتەوە،

کۆسپەکان لە سەر ڕێگەی لادەدرێن و خۆی لە جێگەیەک دا دەدۆزێتەوە کە هەست بە ئارامی دەکاو سەرکەوتنی زیاتر مسۆگەر دەبێت. ئەرکی سەرەکی مامۆستاو موشاویرانی قوتابخانە ئەوەیە کە کلیلی کردنەوەی چەندین دەرگا بدەنە دەست قوتابیان، ئەوەش بەرلەوەی کە ڕێچکەی داهاتوویان بۆ دەستنیشان بکردرێ کەڵکی هەیە.

### ئەنجامەکان

راستە کە ویست و داخوازی مامۆستایان تەنها لە ڕێگەی پێکهاتەو ناوەندە پیشەییەکانەوە دەستەبەر دەبێ، بەڵام تا ئێستاش مامۆستایان و دەرسبێژانی کۆمەڵگەی ئێران بە هۆی گوشار و زەختی ناڕەوای ناوەندەکانی ڕێژیم لە بوونی ڕێخراوەیەکی سەراسەری سەربەخۆ و بەردەوام بێبەش بوون. هەروەک دەبینین بەو حاڵەش چەرخی خەباتی ڕەوای مامۆستایان لەمەڕ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان لەگەڕ نەکەوتووە. هەر لەم ڕێبازە دا ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی دەروەست و نیشتمان پەروەری گەلەکەمان ڕووبەڕووی سزای قورسی سێدارە، زیندان، ئەشکەنجە، وەدەرنان، دوورخرانەوەو هتد بوونەتەوە. ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان وکارنامەی چەند ساڵەی دەزگای پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەریدەخەن کە داهاتووی مامۆستایان و قوتابیانی ئەمساڵی ئێمەش وەک سالانی رابردوو دەبێتە قوربانی ئیدئۆلۆژیکی ناسەردەمیانەی تاقمێک بەرپرسی بەرژەوەندی خواز و هیچ هیوایەک بەدی ناکرێ

که ئەوان ڕێنوێنی و بەیاننامەکانی ڕێخراوی جیهانی مامۆستایان ڕەچاو بکەن یان ڕێزیان بۆ دابنێن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەرپرسانی دەسەڵات بانگەشەو منەتی بەشێکی بچووک لە وێژەی کوردییان کردۆتە دەست و دیاری خۆیان و، بڕیارە لە چەند پارێزگایەکی کوردستان جێبەجێی بکەن.

دیارە کە لە ناو دەوڵەتە خەڵکی و دیموکراتیکەکان دا ئامانجی دوارۆژی وەزارەتی پەروەردە، لە لایەک جێگیر کردنی بەهاو بایەخە مرۆیەکانەو لە لایەکی دیکەوە بەرگری کردن لە لابەرێداچوون و دوور کەوتنەوەی قوتابیان لەو دیاردەو ناهەنجارانەیە کە کۆمەڵگە بەرەو لێکترازان و دەرجەبەندی چینایەتی دەبەن. لە کۆمەڵگایەک کە دانیشتوانی دەستەبەندی دەکرێن، پلەی هیوا بە ژیان بەردەوام سەرەوخوار دهبێتەوە. کاتێک قوتابیانی ئەمرۆ وەک پێکهێنەرانی کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی داهاتوو لە یەکەم ساتەکانی چوونیان بۆ خوێندنگە بە ڕۆح و جەستەوە خۆیان لە ناو گێژاوی نکۆڵی لە شوناسەکەیان و دیاردەی نەخۆشی ڕاسیسمدا دەبیننەوە، گەشەو نەشەی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن و هیواکان بۆ چاوەڕوانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر بەرەو کزی دەڕۆن. قوتابیانی ئێمەی کورد کە هەڵقولاوی دڵی گەلێکی بەشخوراون، لە بارودۆخێکدا دەژین کە زمانیان بە هێند ناگیرێ، کلتوورەکەیان بە دەرەجە دوو یان سێ دێتە ئەژمارو دەستەواژەی سووک کەرانەی"محلی" پێدەبەخشن، مێژووەکەیان گیرۆدەی چەواشەکاریی دوژمنانی کۆنەپەرەست و

داگیرکەرە. تەنانەت مافی پاراستنی ژینگەی خۆیان نیەو جوگرافی بە ئانقەست بە لاڕێدا بردراوە.

لە کۆتاییـــدا، بە دڵنیـــایی کاتێـــک دەتـــوانین منـــداڵەکانمان بـــۆ داهـاتوویەک رابێنـین کە لەو دا شـوناس و بەهاکـانی خۆیـان بە بـێ هەڵاواردنـی نـژادی، کولتـووری، جنسـی و چینـایەتی بـدۆزنەوە، کە خـاوەنی کیـانی خۆمـان بـین. ئەو رۆژەی کە نەوەکـانی ئـێمە توانیـان مێژووی خۆیان بنووسنەوەو بە دەستی خۆیان ئانسکلۆپیدیای کورد بۆ منداڵەکانیان و گەلانی جیهان تۆمار بکەن، ئەوە رۆژی سەربەستی و ئازادیەو دەبێ هەموان بۆ دەستەبەرەبوونی ئەو رۆژە تێبکۆشین.

# مامۆستایان
# پێشەنگی شۆڕش لە هەموو
# کات و ساتەکان

ئیسماعیل زوورمەند

زۆربـــەی هـــەرە زۆری ئـــەو پێشـــکەوتن و گەشـــانەی کـــە کۆمـــەڵگا پێشـــکەوتووکان چ لـــە رابـــردوو و چ لـــە ئێســـتا دا بـــە خۆیانـــە بینیـــوە، مـــەدیون و بەرهـــەمی مامۆســـتایانی تیکۆشـــەر و پـــڕ لـە زانسـت و لـە خۆبردویـەک بـووە کـە بەشـی هـەرە زۆری کـات و سـاتەکانی ژیانیـان تـەرخانی پـەروردە و فێرکردنـی گـەنج و لاو و مێرمنـداڵان لـە سـەرجەم پۆلـەکانی خوێنـدن لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی تـا زانکـۆ کـردووە، هـەر بۆیـە جێگـەی و پێگـەی مامۆسـتایان لـەو وڵاتانـە دا لـە هـەموو بوارێـک دا چێگەیـەکی تایبەتیـە و سـەرجەم چـین و توێژەکـانی کۆمـەڵگا بـە چـاوی رێـزەوە چـاو لـە مامۆسـتایانی وڵاتەکـەیان دەکـەن و خۆیـان بـە مەدیون ئەوان دەزانن.

بـەڵام لـە کۆمـەلگا ناپێشـکەوتوو و نادێمۆکراتکـەکاندا و یـەک لـــە وان لـــە کۆمـــەلگای فرەنەتـــەوەی ژێـــر دەســـەلاتی رژیمـــی کۆمـــاری ئیســـلامیدا، هـــەر چەنـــد مامۆســـتا، لای کۆمـــەڵانی خـەڵک خۆشەیسـت و جێگـای رێـزە و خـاوەن جێگـە و پێگـەی خۆیــــەتی، بــــەڵام لــــە لای دەســــەڵات و سیســــتمی زاڵ، مامۆسـتایەک خۆشەویسـت و جێگـای رێـزە کـە بـە دڵـی ئـەو بـدوێ و گوێڕایـەڵی بێـت. هـەر بـەو پێیـە لـە سیسـتمی کۆمـاری ئیســلامی دا نــە تــەنیا سیســتمیکی ســەربەخۆی پــەروەردە و فێرکـردن و خوێنـدنی بـاڵا بـوونی نییـە، بـەلکوو ئـەم وەزارەتانـە لـە ژێـر کـۆنترۆل و چـاوەدێری حاکمییـەت دایـە و بـە جێـی کـەڵک

وەرگـرتن لـە کەسانی پسـپۆر و شـارەزای ئـەم بـوارە، ئـەوە حاکمییەتـە کـە دارێـژەری زۆربـەی هـەر زۆری پـلان و بەرنامەکانیـەتی (لـە دامەزرانـدنی مامۆسـتا بگـرە تـا نـاوەرۆک و چـاپی پەرتووکـەکان). ئـەو سیسـتمە دەیهـەوێ لـە قوتابخانـە و زانکۆکـان دا کەسـانێک بوونیـان هـەبێ کـە گوێڕایـەڵ و چاولەدەسـتی بـن و لـەو نێـوەوش دا ئـەو مامۆسـتایانە قوتابیانێـک پـەروەردە و ئاراسـتەی کۆمـەڵگا کـەن کـە حاکمییـەت پەسـند و دڵخوازیێتی.

پرسـیار گـەلێک کـە لێـرەدا دێتـە ئـاراوە ئەوەیـە کـە: تـرس و دڵـەڕاوکێی رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە چییـە کـە بـەم شـێوەیە ئـەم وەزارەتـی لـە ژێـر رکێـف و کـۆنترۆلی خـۆی دانـاوە؟ بـۆچی بـەیتی ولایـەتی فەقیـە دارێـژەی زۆربـەی هـەرە زۆری پلانـەکانێتی؟ تـا چەنـدە سیسـتم توانیـویێتی لـەم بـوارەدا سەرکەوتوو بێت؟ ئەرکی مامۆستایان لەم بوارەدا چییە؟

ئاوڕدانەوەیـەکی کـورت بـە مێـژووی نزیـک بـە چـوار دەیـە تەمـەنی کۆمـاری ئیسـلامی لـە بـواری پـەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا، هـەر لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی ئـەم ناوەندانـە تـا هێسـتا، ناتـەواو و سـەقەت و پـڕ لـە گۆڕانکـاری هەڵەیـە. لـە شۆرشـی بـە نـاو فەرهـەنگی ئـەوەڵ لـە سـەرەتای هاتنـە سـەکاری ئـەو رژیمـە تـا ئـەم دوایانـە و دانپێـدانی حاکمییـەت بـەم شکسـتە و دووبـارە بـاسکردن و هێنانـەی گـۆڕێی شۆرشـێکی دیکـە بـە نـاو شۆرشـی فەرهـەنگی دووهـەم لـە کۆتـای دەیـەی هەشـتای هـەتاوی دا،

گۆرانکارییـەکانی سیسـتمی خۆێنـدنی دواناوەنـدی لـە چەنـدین قۆنـاغ دا و نـەگونجان‌بوونی ئـەو شـێوە گۆڕانکارییانـە لـە گـەڵ سیسـتمی پیشـکەوتوو و ئـەمرۆیی، لـە دەرکردنـی سـەدان مامۆسـتای قوتانخانـە و زانکـۆ لـە سـەرەتای هاتنـە سـەرکاری رژیـم لـە شۆرشـی بـە نـاو کولتـووری ئـەوەڵ تـا چـاودێری سـەخت(گوزینش) بـە سـەر مامۆسـتایان لـە مـاوەی تەمـەنی ئـەو رژیمـە دا، بـە ئیسـلامی‌کردنی زۆرتـر و زۆرتـری قوتابخانـە و زانکۆکـان، لـە گۆرانکـاری نـاو پـەرتووکانی بـە تایبـەت پەرتووکـەکانی وێـژە و زانسـتی مرۆڤـی لـە سـەرجەم قۆناغـەکان دا، بەسیج لـە سـەرجەم پۆلـەلانی خوێنـدن قوتانخانـە تـا زانکـۆ ( بەسـیجی مامۆسـتا،قوتابی و خوێنـدکار)، جیـاوازی رەگـەزی ... دەرخـەری ئـەو راستیەن کـە رژیـم لـە زانسـت و وشـیاری ئـەم چـین و تـوێژە لـە کۆمـەڵگا نیگەرانـە و لـە سـەرهەڵدان و نارەزایـەتیان تۆقیـوە و نایهـەوێ لـە زانکـۆ و قوتابخانـەکان کەسـانێک بوونیـان هـەبێت و پـەروەردە بـن کـە بـە پێچەوانـەی ئایـدۆلۆژی سیسـتمی ولایـەتی فەقیـە هـەنگاو هەڵێنـەوە و بیـر بکەنـەوە و هـەر بۆیـە چـاوەدیری بـە سـەر دا دەکـا و لـە ژێـر کۆنترۆلی خۆی ناوە.

بـەیتی ولایـەتی فەقیـە تـاکوو هێسـتا بـۆ یەکدەسـت‌کردنی کۆمـەڵگای فرەنەتـەوەی ئێـران و توانـەوەی ئـەو نەتەوانـە لـە ژێـر نـاوی "ئۆمـەتی ئیسـلامی" و بـە زمـان و ئـەدەبیاتی یـەک نەتـەوە (فـارس) ئـەوەی لـە دەسـتی هـاتووە کردوویـەتی (

بێبەش کردنیان لە خوێندن بە زمانی دایکی، سرینەی مێژوو و ئەدەبیات نەتەوەکان و ...). بەڵام ئەو نەتەوانە بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی تاکوو هێستا بۆ بەرگری لە مان و مەوجودیەتی خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتی چەکداری، خەباتی سیاسی – تەشکیلاتی، رێکخراوە و NGO جۆراوجۆر بەرەنگاری رژیم بۆتەوە و و جێگای سرنج ئەوەیە کە لە هەموو کات و ساتەکان دا مامۆستایان پێشەنگ و رۆڵی سەرەکیان لە بزوتنەوە بە دژی داگیرکەر دا هەبوو کە نمونە لەم بوارەدا زۆرە. لەو راستایە دا پیلانەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو ئەو نەتەوانە رۆژە لە گەڵ رۆژ، زیاتر بە مافەکانیان ئاشنا دەبن و هەست بە ئازار و ستەمەکان و چەوساندنەوەکەیان دەکەن.

لە لایەکەوە قۆڵبەستکردن و ڕاونانی و پەتەوازبوونی هەندرەانی ساڵانە دەیان مامۆستا، نارەزایەتی مامۆستایان لە شوێنە جۆراوجۆری ئێران بۆ مافەکانیان لە دژی سیستمی زاڵ، نارەزایەتی و قۆلبەست و زیندانیکردنی خوێندکاران و پەرتەوازەبوونی هەندەرانی سەدان خوێندکار لە پۆلە جۆراوجۆرەکانی خوێندن، وازهێنان لە خوێندن بە هۆکاری جۆراوجۆر و ... لە لایەکی دیکەوە دامەزراندنی ریکخراوە و NGOکانی مامۆستایان و خوێندکاران بۆ لێک کۆکردنەوەی ئەم چین و توێژە لە کۆمەڵگا لە دەوری یەک و ئاشناکردن

بە مافەکانیان و داکۆکی‌کرن لێیان لە بەرامبەر دەسەڵات دا هەمووی دەرخەری ئەوە ڕاستییەن دوای تێپەڕینی ماوەی نزیک بە چوار دەیە لە تەمەنی ئەو رژیمە، حاکمییەت نەیتوانی ژیانێکی شیاوی مامۆستایان و سیستمێکی تۆکمە و گونجاوی بواری پەروەردە و فێرکردن بۆ یەکدەست‌کردنی کۆمەڵگا، بە تایبەت ئەم پلانانەی کە خۆی دڵخوازیتی وەدی بێنێ و سەرکەوتن بە دەست بێنێ. ئەمرۆ ئیمە لە عەسریک دا بە ناوی عەسری ئیرتباتات و زانیاری ژیان بە سەر دەبەین و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان یەل لەوان رژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی ناتوانێ ئەو شتەی کە دڵخواز و مەبەستێتی بە سەر چین و توێژەکەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت چینی وشیار و ئاگاهی کۆمەڵگا (مامۆستا، قوتابی و خوێندکار) بسەپێنی و ئەو جۆرەی خۆی دەیهەوێ پەروەردەیان بکا و لە ناو سیستمی ولایەتی فقیە بیانتوێنێتەوە. ئەورۆکە ئاستی زانیاری و وشیاری خوێندکار و قوتابی و مامۆستایان و ئاشنابوون بە ئەرک و بایخەکانیان زۆر لەوانە زیاترە کە سیستمی حاکم بیری لێ کردبۆوە و چاوەڕوانی دەکرد.

چاوخشاندنێکی کورت بە سەر کار و چالاکی مامۆستایانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی رابردوو بۆمان دەردەکەوێ کە مامۆستا و قوتابخانە لە کوردستانی ئێران هەمیشە مەکۆی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و

شۆرش بوون و لە ناو ئەو قوتابخانە و لە ژێر پەروەردە مامۆستایانی دڵسۆز بوو کە لاوان و گەنجانێکی زۆر، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ تێکەڵ بە کاروانی خەبات بە دژی رژیمی زالم و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان بوون. بە هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستایانی ماندوونەناس و خۆنەویست و چاونەترس، نەتەنیا پیلانکانی رژیم سەرکەوتوو نەبوون بەڵکوو رۆژ بە رۆژ و مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ، رێژەی ئەو مامۆستا و قوتابی و خوێندکار کە دژی پلانەکان و کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی دەوەستێنەوە روو لە زیاد بوونە و پیلانەکانی رژیم بۆتە بلقی سەر ئاو. هەر بۆیە لە ماوەی تەمەنی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری تاکوو هێستا، یەکێک لە چین و توێژانەی کە رۆلی سەرەکیان لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەیهێنانی مافەکانیان بووە مامۆستایان بوون و بزوتنەوەی کوردیش بە پێی جێگە و پێگەی ئەم چینە لە کۆمەڵگا حیسابی تایبەتی لە سەر کردوون. دوای هێرشکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و بەرگری رەوای نەتەوەی کورد لە بوون و مەوجوودیەتی خۆی، مامۆستایان رۆلی گرینگیان لە شۆرش دا هەبوو و قوتابخانە هەمیشە سەنگر و پەروەردەی تاکەکانی کۆمەلگا بووە و مامۆستایان هەم بە بوونی راستەوخۆیان لە ناو شۆرش و هەم ناراستەخۆ و لە رێگەی پەروەردە و رۆشنگریەوە

قوتابخانـه و زانکۆیـان کردۆتـه سـەنگەری بەربـەرەکانی لـە گـەڵ رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی و هــەر بۆیـە جێگایـان لـە ئاسـتە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا دیارە.

لــە دوای دەیــەی هــەفتای هــەتاوی و راگرتنــی خەباتــە جەکـداری و دەسـپێکردنی شـێواز و مێتـۆدێکی دیکـە لـە خـەبات بـە دژی کۆمـاری ئیسـلامی واتـە خـەباتی سیاسـی – تەشـکیلاتی، مامۆسـتا و قوتابخانـە و زانکـۆ بـە شـێوازێکی دیکـە رۆلیـان لـە بزوتنـە و خـەبات بـە دژی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ وەدسـتهێنانی مافـەکانیان گێـڕاوە. لـە لایـەک رێگـە درا کـە کۆمـەڵێک زانکـۆ وەک ئـازاد و پـەیامی نـوور و لـەم دوایانـە دا زانکـۆی علمـی – کـاربردی لــە کوردسـتانی ئێـران دابمــەزرێ و خوێنــدکار لــە شـوێنە جیـا جیاکـانی ئێـران بـۆ درێـژەدان بـە خوێنـدن روو لـە زانکۆکـانی ناوچـە کوردنشـینەکان بکـەن و لـە لایـەکی دیکەشـەوە دەرفـەتێک رەخسـا کـە رێژەیـەکی زۆرتـر لـە خوێنـدکارانی کـورد بـۆ درێـژەدان بـە خوێنـدن روو لـە زانکۆکـانی سەراسـەری ئێـران بکـەن. هەرچەنـد ئـەم هەڵـە خـاڵی ئـەرێنی و نـەرێنی هـەبوو و بـە بۆچـوونی خـۆم لایـەنی ئـەرێنی زۆرتـر لـە نـەرێنی بـوو کـە لـەم بابەتـەدا جێگـای باسـی نییـە و تـەنیا دەمهـەوێ ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە هێزێکـی زۆر لـە قوتابیـان و خوێنـدکارانی کـورد ئـەورۆ لـە ئێـران دا بوونیـان هەیـە کـە دەتـوانن بـە شـێوازی جۆراجـۆر دژی سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بوەسـتینەوە و ئـەم هــەوڵــەش کاتێــک مســۆگەر ســەرکەوتوو دەبێــت کــە

مامۆســـــتایانێکی تیکۆشـــــەر و نیشـــــتمانپەروەر رێنـــــوێن و یارمەتیـدەریان بـن. لـە لایـەکی دیکـە لـەم ماوەیـەدا، کۆمـەڵێک NGO وەک (یـــەکیتی پیشـــەیەیی مامۆســـتایان کوردســـتانی ئێــران، ئــەدەبی، ناوەنــدەکانی فێربــوونی زمــانی دایکــی و بنکــە خوێندکارییــەکان...) لــە ماوەیــە دا دەســتیان بــە کــار و تیکۆشــان کـرد کـە خزمـەتیکی یـەکجار زۆریـان لـە هـەموو بوارێـک دا بـە نەتەوەکـەمان کــردووە و لــە دەوری یــەکتر کۆکردنــەوە و دانــی زانیــاری درووســت بــە تایبــەت بووژانــەوەی هەســتی نەتەوایــەتی رۆڵــی گرینگیــان هــەبووە. ئەگــەرچی کۆمــاری ئیســلامی وای پێش‌بینـــی کردبـــوو ســـەرجەم دام و دەزگاکـــانی پـــەروەردە و فێرکــردن و خوێنــدنی بــاڵا لــە هــەموو بوارەکانــدا قوتابیانێــک پــەروەردە بێــت کــە بــە دڵــی کۆمــاری ئیســلامی بێــت و لــە چوارچێـوەی ئایـدۆلۆژی ولایـەتی فـەقێ دا بیـر بکەنـەوە بـەڵام نـە تـەتیا ئـەو هەوڵانـە سـەرکەوتوو نـەبوو بـەڵکوو زانکـۆ و قوتابخانـە هەمێشـە یـەکێک لـە ناوەندانـە بـووە کـە بـە دژی سیاسـەتەکانی کۆمــاری ئیســلامی خــاوەن هەلوێســت بــووە و لــە بەرامبــەر حاکمییەت دا راوەستاوە.

دوای تێپــەڕینی نزیــک بــە چــوار دەیــە لــە تەمــەنی کۆمــاری ئیســلامی، ئــەو رژیمــە لــە ســەر هــەموو پــلان و بەرنامــەکانی بــۆ تواندنــەوەی نەتــەوەکانی ئێــران و یــەک لــەوان نەتــەوەی کــورد پێـداگرە و لێـرەدا ئـەرکی هـەموو چـێن و توێژەکـان بـە تایبـەت مامۆســتایان قورســتر و هەســتیارترە. هێســتاکە مێتــۆدێکی دیکــە

لــە خـــەبات بـــە نـــاوی "گرێـــدانی خـــەباتی شـــاخ و شـــار" دەسـتیپێکردووە و چـاوەڕوان دەکـرێ لـە هـەموو بوارێـک چ لـە دەرەوە و چ لـە نـاوخۆوە، ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە حـاڵی پەرەسـەندن بـێ، پێویسـتە مامۆسـتایانی کـورد بـە ئیمـان و ورەیـەکی زۆرتـرە بێنـە مەیـدان. هـەر وەک هـەموومان ئاگـادارین مامۆسـتایان ئـەو چینـە لــە کۆمــەڵگان کــە لــە لایــەن کۆمــاری ئیســلامی ئیســلامیەوە مافیــان پێشــێل دەکــرێ و لــە ژیــانێکی شــیاو و ئاســتی مامۆســتا بێبــەرین و بــە ناچــاری و بــۆ دابین‌کردنــی پێداویســتییەکانی ژیانیــان پیشــەی دووهــەم و سـێهەمیان هەیــە کــە ئــەم شـێوە ژیانـە، کاریگـەری نـەرێنی هـەم لـە سـەر مامۆسـتا و هـەم لـە سـەر قوتـابی و خوێنـدکار دەبـێ. هـەر بۆیـە پێویسـتە مامۆسـتایان هـەر وەک پێشــووتر، قورســتر و قــایمتر بــۆ وەدیهێنــانی مافــە ڕەواکانیــان ســورتر بــن و لــە ڕێگــای جۆراجــۆر وەک زانیــاری‌دان درووســت و دوور لــە چەواشــەکاری بــە قوتــابی و خوێنــدکار، وشــیارکردنەوەی خوێنــدکار و قوتابیــان بەرامبــەر بــە زوڵــم و ســـتەمەکانی کۆمـــاری ئیســـلامی، جووڵانـــەوەی هەســـتی نەتەوایـــەتی، مـــانگرتنی گشـــتی و کۆبوونـــەوەی نارەزایـــەتی و پێوەسـتبوون و پشـتگیری‌کردن لـە بزوتنـەوکانی دیکـەی نـاو شـار وەک (کرێکـاران، ژنـان، خوێنـدکاران،...) و لـە لایـەکی دیکـە پشـتگیری‌کردن لـە بزوتنـەوەی شاخ، وەک هەمیشـە تـا ڕزگـاری کۆتـایی لـە هـەموو کـات و ساتەکان دا پشـتیوان و یارمەتیـدەر و بەشداری خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بن.

Tishk 41

گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتێرنێت

http://www.kurdistanmedia.com

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

کۆمیسیۆنی پەروەردەی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەریدەکا